# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

دووشەممە ١٥ی بەفرانباری ١٣٩٣ _ ٥ی ژانویەی ٢٠١٥ ■ ژمارە ٦٤٧ ■ www.kurdistanukurd.com


## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی ساڵی نوێی زایینی




سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی هاتنی سەری ساڵی نوێی زایینی (٢٠١٥) پیرۆزبایی بە هەموو مەسیحییەکانی کوردستانو ئێران گوتوە.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە: بەبۆنەی دەسپێکی ساڵی نوێی زایینی پیرۆزبایی بە هەموو مەسیحییەکانی ئێران بەگشتیو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی دەڵێم.

هیوادارم ساڵی ٢٠١٥ ی زایینی ساڵی ئاشتیو برایەتیو پێکەوەژیانی سەرجەم پێکهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست بێ.

**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**١٠ ی بەفرانباری ٩٣ی هەتاوی**
**١٢–٣١– ٢٠١٤ ی زایینی**

# چیتر هەستو شوعووری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بریندار مەکەن!




هاتنی تیرۆریستی ناسراو محەممەد جەعفەر سەحرارۆودی، بکوژی د.قاسملووو شەهیدانی دیکەی ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩ی ڤییەن، لە چوارچێوەی هەیئەتێکی پارلمانیی ڕێژیمی ئێران بۆ هەرێمی کوردستان لە دواڕۆژەکانی ساڵی٢٠١٤و پێشوازی لێکرانی لە بەرزترین ئاست و لە سەر فەرشی سوور لە سلێمانیو هەولێر، لە گەڵ ڕەخنە و نارەزایەتیدەربڕینی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانو چالاکانی سیاسیو فەرهەنگیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەوڕوو بوو. لەم بارەیەوە تێکۆشەرانی سیاسی، نووسەران، میدیاکارانی ڕۆژهەڵاتیی پەڕیوەی هەرێمی کوردستانو هەندەران، بە نووسینو لێدوان لە میدیاکانو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا بە توندی ڕەخنەیان لە پێشوازیی ڕەسمی لەو تیرۆریستە گرت. دەیان چالاکی سیاسیو میدیاییو تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتییش لە توێی «کەمپەینی یەکی بەرفرانبار»دا، نامەیەکیان ڕوو لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی وەزیران، سەرۆکی پارلمانو مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بڵاو کردەوە. لە نامەکە دا هاتوە:

«پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ ئێران، بە هۆی سنوورێکی بەرفراوانی نێوان هەرێمی کوردستانی باشوور، لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران ... شتێکی پێویستە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دامەزراوە فەرمییەکانی کوردستانی باشوور لە بەرانبەر ڕای گشتیو بیری نەتەوەییو پەیوەندیی کۆمەڵایەتی هەر چوارپارچەی کوردستاندا بەرپرسن. شێوەی پێشوازی کردن لە وەفدێکی سیاسی کە یەکێ لە ئەندامانی نێو ئەو وەفدە وەکوو تاوانبارێک لە تێرۆری شەهید دوکتور عەبدوڕڕەحمانی قاسملوودا ناسراوە، دەبێتە هۆی ئەوەی دڕدۆنگی لە نێوان دوو پارچەی نیشتمان ساز بێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەستی تاکی کورد بە گشتی بریندار دەکاو ئەمەش دەبێتە هۆی ساز بوونی کەلێنێک لە مابەینی جەماوەری دوو پارچەی کوردستاندا، هەر بەوەندەش ڕاناوەستێو تاکی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات تووشی گومان لە دەسەڵاتی کوردی لە کوردستانی باشوور دەکا.» کەمپەینەکە وێڕای وەبیرهێنانەوەی شوێنەوارە زیانبارەکانی دروستبوونی ئەم گومانو کەلێنە، داوا لە بەردەنگەکانی نامە سەرئاوەلاکە دەکا: «چیتر ڕێگە مەدەن کەسانی هاوشانی سەحراڕوودی کە لە سەرکوتی خەباتی ڕۆژهەڵاتدا دەستیان بووە بە فەرمی سەردانی کوردستانی باشوور بکەن.»

## وانەکانی ئەم مانگرتنەی دوایی!

**قادر وریا**

سەرئەنجام مانگرتنی٣٣ ڕۆژەی بەندییە سیاسییە کوردەکانی بەندی ١٢ی بەندیخانەی ورمێ کە داواکاربوون بەندی تایبەت بە خۆیان هەبێو تێکەڵ بە بەندییەکانی دیکە نەکرێنو سنوورێک بۆ ئەو هەمووە گوشارو هەلاواردنە لە دژی خۆیان و بنەماڵەکانیان دابنرێ، کۆتایی پێ هات.

مانگرتن، وەک شێوەیەک لە خەباتی مەدەنی و، خەبات و تێکۆشانی بەندیی سیاسی لە نێوبەندیخانە دا، هەر تەنیا مەسەلەی ئەوانە نین کە تێیان دا بەشدارن، مەسەلەی ئەو لایەنانەش هەن کە مانگرتووەکان و بەندییەکان لە باری سیاسی و ڕێکخراوەییەوە سەر بەوانن. هەروەها مەسەلەی ئەو کۆمەڵو خەڵکەشن کە مانگرتووان و بەندییە سیاسییەکان لە هەناوی ئەوانەوە هاتوونو لە ڕێی خەبات لە پێناوی داخوازو مافەکانی ئەواندا، تووشی بەندیخانە هاتوون. جگە لەمەش هەر حەرەکەتێکی نارەزایەتیدەربڕین بەرامبەر سیستەمێکی دیکتاتۆرو دژە ئینسانی، ئاکامەکەی سەرکەوتوانە بێ یان بە پێچەوانەوە، دەبێتە بەشێک لە ئەزموونی خەباتو، وانەکانیانو لێکدانەوەی خاڵە لاوازو بە هێزەکانیان، بەرچاوی تێکۆشەران بۆ حەرەکەتاکانی داهاتوو ڕوون دەکاتەوە. هەر لەم ڕوانگەیەشەوەیە کە هەڵوێستەیەک لە سەر خاڵە لاوازو بە هێزەکانی ئەم مانگرتنەی دوایی بە پێویست دەزانین:

خاڵە بە هێزەکان:

١- کۆڵنەدانو تەسلیم نەبوونی بەندیی سیاسیی کورد سەڕەرای هەموو گوشارەکان بۆ سەر خۆیانو بنەماڵەکانیانو، هەوڵدان بۆ گۆڕینی بارودۆخەکە بە قازانجی خۆیان، ئەویش لە ڕێگای مانگرتنی دوورو درێژ لە خواردن، نیشاندەری پوتانسیەل و ئیرادەیەکی بەهێزی خۆراگریو بەربەرەکانی لە نێو بەندییە سیاسییە کوردەکان دایە.

٢- یەکگرتنی نزیکەی ٣٠ بەندیی سیاسی کە سەر بە چەند بیروباوەڕی سیاسیو حیزبی جیاوازن، لە سەر داخوازی هاوبەشو، پەنابردن بۆ مانگرتنێکی درێژخایەن لە خواردن، ئەگەر لە سەرێکەوە ئەو پەڕی خراپیی بارودۆخی بەندییە سیاسییەکان لە نێو بەندیخانەو بێهیوابوونیان لە شێوازەکانی دیکەی هەوڵدان دەگەیەنێ، لە سەرێکی دیکەوە، بوونی باوەڕ بە کاری هاوبەش و پوختەیی سیاسیی بەشدارانی ئەم جۆرە حەرەکەتە نیشان دەدا.

٣- زۆربەی ڕاگەیەنە کوردییە ڕۆژهەڵاتییەکانو حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانو چالاکانی ئەو بەشەی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، ئەمجاریش وەک جارانی رابردوو، لە ڕوانگەی باوەڕیان بە خەباتی ئازادیخوازانەو مافەکانی مرۆڤەوە، بێوەبەرچاوگرتنی بەستراوەیی حیزبی و سیاسیی مانگرتووەکان، هەر کام بە گوێرەی توانای خۆیان هەوڵی بە میدیایی کردنو پشتگرتنی حەرەکەتەکەیان داو، ئەو پەردە بێدەنگییەیان دڕاند کە کۆماری ئیسلامی بە سەر ئەم مانگرتنەیدا کێشابوو.

ل ٣

## سەرکۆماری ئێران داوای بەڕێوەچوونی گشتپرسی دەکا

حەسەن روحانی بۆ یەکەم جار باس لە جێبەجێبوونی هەندێک ماددەی قانوونی بنەڕەتی دەکا، کە بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە.



روحانی ڕۆژی یەکشەممە ١٤ی بەفرانبار لە کۆبوونەوەیەکدا لە شاری تاران خوازیاری گشتپرسی لەسەر پرسە گرنگەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگی بوو و، رایگەیاند: «جارێک، ساڵێ جارێک، دە ساڵ جارێک، ئێستا ٣٦ ساڵە، بۆ جارێکیش بووبێ ئەو ماددانەی قانوونی بنەڕەتی ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە».

ئەمە لە حاڵێکدایە ماددەکانی ١٥ و ١٩ی قانوونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی کە باس لە خوێندنی نەتەوەکانی چوارچێوەی ئێران دەکا، هەتا ئێستاش بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە.

## ئێران ڕێککەوتن لەسەر پرسی ناوکی ڕەت دەکاتەوە



مەرزیە ئەفخەم وتەبێژی دەرەوەی ئێران، هەر چەشنە ڕێککەوتنێکی لەسەر پرسی ناوکی ئەو وڵاتە دەگەڵ گرووپی ٥+١ی ڕەت کردەوە.

ئەفخەم دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتێکی ئاسۆشێتێدپرێس لەسەر پرسی ناوکی رایگەیاند: «ئەم جۆرە ئاژاوەگێڕییەی میدیاکان مەبەستی سیاسی لەپشتە و ئامانجی سەرەکی ئەم کارانە تێکدانی دانوستان و ئاڵۆزترکردنی چارەسەرکردنی پرسەکانە.»

لەم لایەشەوە هەواڵدەری فارس، کە سەر بە سوپای پاسدارانە لێدوانی سەرچاوەیەکی ئاگاداری پرسی ناوکی بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتبوو ڕێککەوتنی ئێران و ئەمریکا لەسەر ناردنی ئورانیومی پیتێندراو بۆ رووسیە گاڵتەجاڕی و ئاژاوەگێڕیی میدیاییە



کۆماری ئیسلامیو داعش دوو ڕووی دراوێکن
٥


سەحرارۆودی ئەو کەسە نەبوو پێ بنێتە سەر فەڕشی سووری کورد
٧


ناردنی «سەحرا ڕوودی» پێش هەموو شتێک شکاندنی هەیمەنەتی هەرێمی کوردستان بوو
٨


چەقۆی پیسی «ناموسپەرەستی» سیمای ئازادیخوازیو ئینساندۆستی کورد خەوشدار دەکا!
٩


ئەقڵانییەتی وتووێژ لە سیاسەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
١٠

# سمینارێکی سیاسی بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی ئاڵمان

کۆمیتەی ئاڵمانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان سمینارێکی بۆ خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێکهێنا.



کومیتەی ئاڵمانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری کوڵن، بە بەشداریی بەشێکی زۆر لە کوردانی هەموو پارچەکانی کوردستانی دانیشتووی وڵاتی ئاڵمان، دەیان کەسایەتی سیاسیو ئەکادیمیکو بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتانی ئاڵمان و ئوتریش، سیمیناریک بۆ خالید عەزیزی، سکرتیری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکهێنا.

سکرتیری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە باسەکەیدا تیشکی خستە سەر پرسە گرینگەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانو شیکردنەوەی چەمکی رۆژهەڵات تەوەری کە لەلایەن حیزبی دیموکراتەوە هاتۆتە بەرباسو لە ئیستا دا بووەتە پرسێکی سەرەکیو باسو خواسێکی زۆری بە دوای خۆیدا هێناوە.

خالید عەزیزی باسی لە پێویستیی تێکۆشانی هێزەکانی رۆژهەڵاتی لەو دەڤەرە، هاوکات لەگەڵ پاراستنی کۆنسێپتی نەتەوەیی کردو چەمکی ڕۆژهەڵات تەوەریی بە بەشێک لە سیاسەتی کوردستانیو نەتەوەیی بوونی حیزبی دیموکرات زانی.

پرسی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشێکی دیکەی باسەکەی سکرتێری گشتی حیزب بوو، کە بەڕێزیان هۆکاری درێژەکێشانی ئەو پرسەی شی کردەوەو هیوای خواست کە بە زووترین کات ئەو هەوڵانە بە ئاکام بگەن.

لە درێژەی ئەوسمینارەدا، سکرتێری گشتیی حیزب کێشەی پەیدا بوونی دیاردەی «داعش» و کارتێکەریی ئەو دیاردەیەی لە سەر پرسی کورد لە باشوور و رۆژئاوای کوردستانی بۆ بەشداربووان روون کردەوە و ئەو کێشانەی بە مەترسییەکی جیدی نەک تەنیا بۆ سەر ئەمنیەتیو هێمنایەتی کوردستان، بەڵکوو بە مەترسییەک بۆ سەر هەموو ناوچەکەو جیهان ناوبرد.

بەڕێزیان رۆڵی وڵاتانی ناوچەیی، بە تایبەت تورکیەو ئێران لەلایەکو وڵاتانی رۆژئاوا و ئەمریکا لە لایەکی دیکەوە لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەی بە گرینگ زانی و پێی وابوو کە بەشێکی ئەو کێشانە پەیوەندییان بەو دەستێوەردانانەوە هەیە کە ڕێژیمی ئیسلامی لە کاروباری نێوخۆیی عێراقو وڵاتانی ناوچەکەدا دەیکا.

تەوەرێکی دیکەی باسەکەی سکرتێری گشتیی حیزب لەسەر پرسی نەتەوەییو رۆڵی هێزەکانی کوردی و هەروەها ئاکامی هەوڵەکان بۆ دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بوو کە لەو بەشەشدا بەڕێزیان خوێندنەوەو سیاسەتەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی لەو پێوەندییەدا بیر بەشدارانی کۆبوونەوەکە هێناویەوە.

شایانی باسە دوا بەشی سێمینارەکە، تەرخان کرابوو بۆ پرسیار و تێبینی بەشداربووان کە لە کۆتاییدا لەلایەن سکرتێریی گشتی حیزبی دیموکراتەوە وەڵامی پرسیارو سەرنجەکان درایەوە.

# سەردانی شاندێکی کۆما جڤاکێن کوردستان لە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان



لە کۆبوونەوەیەکی نێوان دوو هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانو «کۆما جڤاکێن کوردستان«دا پرسو بابەتەکانی پێوەندیدار بە گرتنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد تاوتوێ کران.

ڕۆژی یەکشەممە، ٣٠ ی سەرماوەز هەیئەتێکی کۆما جڤاکێن کوردستان بە سەرپەرستیی فەرهان ئامانجو هاورێیەتی بوشرا عەلیو جەماڵ ئەردال سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردو لەلایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕات بە سەرپەرستیی مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.

لەو دیدارەدا کە بۆ باسو تاوتوێی چۆنیەتیی وەگەڕخستنەوەی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد تەرخان کرابوو، سەرەتا فەرهان ئامانج، نوێنەری کۆما جڤاکێن کوردستان بە ئاماژە بەوەی بارودۆخی ناوچە بە سەرنجدان بە ئاڵوگۆرە سیاسییەکانو بەرجەستەبوونی ڕۆڵی کورد لە هاوکێشە ناوچەییەکانو؛ قۆستنەوەی ئەو هەلو دەرفەتە لەبارە وا دەخوازێ کە کورد گوتارێکی هاوبەشو نوێی ڕوو بە کۆمەڵگای جیهانی هەبێ؛ جەختی لەسەر پێویستیی گرتنی کۆنگرەی نەتەویی کورد کرد.

نوێنەری کۆما جڤاکێن کوردستان لە باسەکەیدا بە ئاوڕدانەوە لە بەستێنو مێژووی ئەو هەوڵانە بۆ دروستکردنی گوتاری نەتەوەیی کورد ئاماژەی بە دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد کردو گوتی ئەگەرچی ئەو کۆمارە لە ناوچەیەکی نەزۆر بەرین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزرا، بەڵام پەیامی کۆمارو گوتاری پێشەوا قازی محەممەد نەتەوەییو کوردستانی بوو، بۆیەش لە هەموو بەشەکانی کوردستان ئەو ئەزموونە بە دەسکەوتی نەتەوەیی خۆیانی دەزانن.

هەیئەتی میوان لەو کۆبوونەوەیەدا پێیان وابوو لە بارودۆخی ئێستادا حیزبو لایەنە سیاسییەکان لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان پێویستییان بە یەکترەو ئەو هاوپێوەندییە لە نێوان کوردی دوو بەشی باشوورو خۆراوای کوردستان لە دوو مەیدانی کوبانیو شەنگاڵدا بەرچاو دەکەوێ.

لەو کۆبوونەوەیەدا مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش تیشکی خستەسەر ئەوەی مێژووی حیزبی دێموکڕات لە پێوەندی لەگەڵ گرتنی کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ دروستبوونی گوتاری هاوبەشی کورد، پڕە لە نموونەو بڕیاری بەوەخت کە دەکرێ کۆماری کوردستانو کارنامەی کۆمارو هەروەها قسەو پەیامی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات نموونەیەک لەو هەوڵانە بن.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات بە ئاماژە بە هەوڵەکانی شەهید دوکتور قاسملوو بۆ گرتنی کۆنفڕانسی نەتەوەیی کورد بەر لە شەهیدبوونی وتەیەکی شەهید قاسملووی بیرهێنایەوە کە دەفەرموێ: کورد لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان ئەگەر ڕۆژێک بڕیار لەسەر یەکگرتن بدەن، ئەوە جیابوونەوە لەو وڵاتانە نییە تێیدا هەن، بەڵکوو ئەوە وەسەریەککەوتنەوەی نەتەوەو نیشتمانی کوردە.

هەیئەتی خانەخوێ لە باسەکانی ئەو کۆبوونەوەیەدا تیشکیان خستە سەر ئەوەی کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو حیزبی دێموکراتی کوردستان هەموو کاتێک ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیی بووە، بەڵام سروشتی خەباتو تێکۆشان لە بەشە جیاکانی کوردستانو زۆرجارانیش خستنەپێشیی بەرژەوەندیی حیزبی لە بری بەرژەوەندەیی نەتەوەیی لەلایەن زۆر حیزبو لایەنی سیاسیی وایکردوە هەوڵەکان لەو پێناوەدا تا ئێستا بە ئامانج نەگەن.

شایانی باسە لە درێژەی باسەکانی دو هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانو کۆما جڤاکێن کوردستاندا باس لەسەر چەندیو چۆنیی وەگەڕخستنەوەی کۆڕو کۆبوونەوەکان بۆ گرتنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد کرا.

# سەردانی هەیئەتێکی سەرکردایەتیی پارتی دێموکراتی کورد لە سووریە لە بارەگای دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



هەیئەتێکی سەرکردایەتیی پارتی دێموکراتی کورد لە سووریە سەردانی بارەگای دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد.

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٣ی بەفرانباری ١٣٩٣ بەرامبەری ٢٤ی دیسامبری ٢٠١٤ هەیئەتێکی سەرکردایەتیی پارتی دێموکراتی کورد لە سووریە ئەلپارتی بە سەرپەرستەی «بێهجەت بەشیر»، ئەندامی سەرکردایەتی ئەلپارتی سەردانی بارەگای دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد کە لەلایەن هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری حیزب پێشوازییان لێ کرا.

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا کە نزیک بە یەک سەعاتو نیوی خایاند، دوو هەیئەت باسیان لە ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکان لە ناوچەدا کرد، بە تایبەت هەل و مەرجی ئێستای وڵاتی سووریە و چۆنیەتی خەبات و هاوکاری هێزە سیاسی یەکانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان. هەیئەتی میوان بە بایەخەوە باسی لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانو نەخش و کاریگەری ئەو حیزبە و شوێن دانانی لە چۆن کار کردن کە بۆ ئەوان بۆتە ئیلهام و ئێستا لە زۆر بارەوە سوودی لێ وەردەگرن. هەر بۆیە دیدار و سەردانی دوو حیزب ماوە بە ماوە بە پێویست دەزانێ.

لە برگەی دیکەی باسەکەدا باسی گرینگی و بایەخی کۆنگرەی نەتەوەیی کرا، هەردوو لا هاوڕا بوون کە پرسی کۆنگرەی نەتەوەیی بابەتێکی گرینگ و هەستیارە، پێویستە هەموو هێزە سیاسی یەکانی کورد بە لەبەر چاوگرتنی هەل و مەرج و کاتێکی کە کورد پیدا تێدەپەڕێ و بە گشتی بۆ ئەو پرسە کار بکەن.

# پرسی ڕۆژەڤی کوردی لە کۆبوونەوەی نوێنەرایەتیی حیزبە کوردستانییەکاندا

لە کۆبوونەوەی کۆبوونەوەی نوێنەرایەتیی حیزبە کوردستانییەکان بۆ پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا چوار پرسی ڕۆژەڤی کوردی تاوتوێ کران.

ڕۆژی شەممە ٦ی ڕێبەندانی ٩٣ ئیبراهیم زێوەیی نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر لە کۆبوونەوەی نوێنەرایەتیی حیزبە کوردستانییەکان بۆ پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا بەشداری کرد .

ئەو بابەت باسانەی کۆبوونەوەکەی لەسەر پێکهاتبوو بریتی بوون لە: پرسی سەربەخۆیی کوردستان، ئازاد کردنەوەی شنگال، یەکریزی و یەکدەنگیی کورد کە پێوەندی بە لێدوانەکانی جمیل بایک و سەلاحەددین دەمیرتاش لە سەر عێراق و هەرێمی کوردستانەوە هەبوو، لەگەڵ بەرنامەی داهاتووی حیزبە کوردستانییەکانی چوار پارچەی کوردستان .

بەشدارانی کۆبوونەوەکە لە سەر هەر کام لەم تەوەرانە پێکەوە ئاڵوگۆری بیروڕایان کرد کە بە وردەکارییەکانی لە ڕاگەیاندنی حیزبە کوردستانییەکان دا ، هاتوە.

**کۆیە:**

# بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی شەوی یەڵدا



یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێوڕەسمیکی بە بۆنەی شەوی یەلداو لە دایکبوونی شەهید دوکتور قاسملوو بەڕێوە برد.

ئەم ڕێوڕەسمە ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ٣٠ ی سەرماوەز بە بەشداریی سەدان کەس لە لاوانو کادرو پێشمەرگەکانی حیزبو میوانە بانگکراوەکان لە ڕێگای دوور و نزیکەوە بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی « ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی ساتێ بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای رزگاری کورستان دەستی بە کار کردو پاشان پەیامی یەکیەتیی لاوان لەلایەن ئامانج زیبایی، ئەندامی دەستەی بەڕێوبەریی ئەم ڕێکخراوەیە خوێندرایەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو بەرنامەیەدا شێعرێک لە وەسفی شەهید قاسملوودا لەلایەن ئەحمەد قادری خوێندرایەوەو ماموستا عبدوڵڵا حەسەنزادە لەلایەن دەفتەر سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە وتارێکی بەو بۆنەیەوە پێشکێش کرد.

مامۆستا حەسەنزادە گوتی: دوکتۆر قاسملوو لە یەکەمین تێکۆشەرانی لاوان بوو، ئەو ڕەمزو سەمبۆلێک بوو بۆ لاوان کە لە کاتی لاوەتیدا وەک لاوێک خەبات بکەنو لە دواییدا ئەو هێز و پوتانسیلەیان بۆ ئامانجێکی گەورەتر کە ئامانجی نەتەوەییە تەرخان بکەن.

مامۆستا حەسەنزادە وێڕای دڵخۆشی بۆ لاوانی کورد گوتی کە هەرچەند تا ئێستە لە ناو کورداندا تاکێکی دیکە وەک شەهید قاسملوو هەڵنەکەوتووە، بەڵام جەختی کردەوە کە بوون بە قاسملوو نە مەحاڵەو نە گوناح، بەڵکوو پێویستە و بە هەوڵدان هەر تاکێک دەتوانێ بگاتە ئەو ئاستە.

مامۆستا حەسەنزادە لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا پڕژایە سەر تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕێبەرە مەزنەو گوتی کە شەهید قاسملوو مرۆڤێکی بە تەواو مانا هەڵکەوتە بوو. زانایی، تێگەیشتن، زانیاری، تێکۆشان و ماندوونەناسی تایبەتمەندییەکانی هەرە گرینگی شەهید قاسملوو لە ڕوانگەی مامۆستا حەسەنزادەوە بوون.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا د. هاوژین سلێوە، مامۆستا وریا جەلیزادە، فازڵ شەوڕۆ و مامۆستا بابان بابانی شێعرەکانیان خوێندەوەو سروودێک لە لایەن تاهیر خەلیلی، هونەرمەندی دەنگخۆشی کورد پێشکێش کراو خوێندنەوەی چەند کۆپلە شیعرێک لە لایەن مامۆستا هیوا حەلاق و رازاو هەمزەپوور و عەباس حەق بین و چەند گورانیەک لە لایەن سەرکەوت هەورامی و محەمەد ئەمین کەریمیوکۆماری بەهاری بەشەکانی دیکەی ئەم ڕێوڕسمە بوون.

# بەشداریی نوێنەری حدک لە هەولێر لە کۆبوونەوەی حیزبە کوردستانییەکانی چوار پارچەی کوردستان



**لە کۆبوونەوەی حیزبە کوردستانییەکانی چوار پارچەی کوردستاندا داوا کرا کاروباری گرتنی کۆنگرەی نەتەوەیی دەست پێبکاتەوە.**

ڕۆژی شەممە ٢٩ی سەرماوەزی ٩٣ بەبەشداریی ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر کوبوونەوەی حیزبە کوردستانییەکانی چوار پارچەی کوردستان بەڕێوەچوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا غەفوور مەخموری بە نوێنەرایەتیی حیزبە کوردستانییەکان پوختەیەکی لە کارو خەباتی نوێنەرایەتیی حیزبو لایەنە سیاسیەکان باسکردو بە کورتی چەند بابەتی لەمەر دۆخی کورد لە باکوور، باشوور ، ڕۆژهەڵاتو رۆژاوای کوردستان هێنایە بەر باس و دواتر بەشدارانی کۆبوونەوەکە لە سەر ئەم بابەتو تەوەرانە روانگەو بۆچونی خۆیان هێنایە بەرباسو پاشان دەنگی بۆ وەرگیراو بە پەسەندی زۆربەی زۆری بەشداران گەیشت .

لە دانیشتنی دووهەمدا تەوەری دیکە کە گرینگیی زۆری پێ درا « گفتوگۆکردن بۆ چۆنیەتیی کار کردن بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی « بوو. ئەو کۆبوونەوەیە ڕایسپارد کە هەر بۆ ئەو ئامانجەش جارێکی دیکە داوا لە مسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکرێتەوە تەواوی لایەنە سیاسییەکانی چوار پارچەی کوردستان و لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی بانگ بکاتەوە تا بە زووتترین کات کۆ ببنەوەو لێژنەی ئامادەکاریی کۆنگرە دەست بە کارەکانیان بکەنەوە.

# پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات بەبۆنەی جێژنی مەولوودەوە



کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی هاتنەوەی جێژنی مەولوود، جێژنی لە دایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام پەیامێکی بڵاو کردەوە.

ئەوەش دەقی پەیامی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیە:

بەبۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی حەزرەتی محەممەد پیرۆزبایی بە هەموو موسوڵمانان بە گشتی‌و موسوڵمانەکانی کوردستانی ئێران بە تایبەتی دەڵێم. پەیامی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، پەیامی ئاشتی، دادپەروەری، تەبایی، یەکسانی‌و خۆشەویستییەو، هەر بۆیەش هیوادارم ئەو بۆنەیە هاندەری ڕووحی بەیەکەوە ژیان‌و لێبووردن‌و ئاشتیی نێوان گەلان‌و هەموو پێکهاتە ئایینییەکانی کوردستان بێ.

**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتیی**
**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**١٢ / ١٠ / ٩٣**
**٢٠١٥-٠١-٠٢**

# ڕێوڕەسمی شەوی یەڵدا لە شاری قەڵادزێ

**یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی شەوی یەڵدا ڕێوڕەسمێکی لە شاری قەڵادزێ لە باشووری کوردستان بەڕێوەبرد.**

لەو ڕێوڕەسمەدا کە شەوی دووشەممە ٣٠ ی سەرماوەز بە بەشداریی دەیان کەس لە ئەندامانی یەکیەتیی لاوان‌و ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌و کەسانی میوان بەڕێوەچوو، یادو بیرەوەریی لەدایکبوونی دوکتور قاسملوو بەرز ڕاگیرا.

ئەو ڕێوڕسمە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب‌و ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدان دەستی پێکردو پەیامی یەکیەتیی لاوان بەو بۆنەیە لەلایەن کارزان شەباهەنگ، جێگری سکرتێری یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە خوێندرایەوەو لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی پەیامی کۆمیتەی قەڵادزێی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی شەوی یەڵدا لەلایەن بێستوون ئازەری‌یەوە پێشکێش کرا.

لە درێژەی بەرنامەکانی ئەو کۆڕیادەدا حەسەن شێخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەبارەی کەسایەتی‌و ژیان‌و تێکۆشانی دکتور قاسملوو بۆ بەشداران دوا.

خوێندنەوەی پەیام‌و برووسکەی ڕێکخراوەکان، خوێندنەوەی شێعر لەلایەن فەرمان عەزیزو وەستا ڕەحمان خەیات‌و تەکژەنیی دەف لەلایەن یۆسف کەڵەکاوێ چەند برگەیەکی دیکەی ئەو کۆڕیادە بوو.

# بەرزڕاگرتنی ڕۆژی ئاڵاو پێشمەرگەی کوردستان لە وڵاتی دانمارک

**لە وڵاتی دانمارک ڕێز لە ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان نرا.**

ئێوارەی ڕۆژی شەممە بە مەبەستی بەرز وپیرۆز ڕاگرتنی ڕۆژی هەڵدانی ئاڵاو ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، لە لایەن کومیتەی دانمارکی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، ڕێورەسمێک بە بەشداری زۆربەی ئەندامانی حیزب دیموکرات‌و میوانانی بانگهێشتکراو پێکهاتوو لە ئەندامانی حیزب و لایەنە سیاسیەکانی چوارپارچەی کوردستان بەرێوە چوو.

ئەو ڕێورەسمە بە سرودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیب‌و خولەکێک بێدەنگی بو ڕێزگرتن لە یادو روحی پاکی شەهیدان دەستی پێ کردو پەیامی کومیتەی حیزب لە وڵاتی دانمارک لە لایەن خالید رەواندۆست، ئەندامی کومیتەوە خوێندرایەوە.

لەو پەیامەدا وێرای باس لە پیرۆزی‌و گرینگی ئەو دوو بۆنە نەتەوایەتیە واتە رۆژی ئالاو رۆژی پێشمەرگەی کوردستان، ریز و سلاو پێزانینی ئەندامانی حیزب وکومیتەی دانمارکی بو گیانفیدایی پێشمەرگەی کوردستان‌و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی گەلی کورد و زیندانییە سیاسی‌و خۆڕاگرەکانی نێو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی نێردرابو. کە زور قارەمانانە بەندیخانەیان کردوتە مەتەرێزی دیفاع لە ڕزگاری و مافە ڕەواکانی گەلەکەمان


لە کوتایی پەیامەکە دا وێرای ئاوڕدانەوە لە ڕۆژو چلونایەتیی دیاریکردنی ڕۆژی ئالای کوردستان هیوای سەرکەوتنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتری پێشمەرگە لە شەر دژی دوژمنانی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان و شەکاوە تر بوونی ئاڵای کوردستان خوازرابوو.

لە درێژەی بەرنامەکانی ئەو ڕێورەسمەدا ناسرپیرانی، تێکۆشەری دێرینی حیزبی دیموکراتی کوردستان چەند قسەیەکی لەسەر پێشمەرگەو ئەو ڕۆژە پیرۆزە پێشکەش کردو پاشان پەیامی کومیتەی دانمارکی پارتی دیموکراتی کوردستان‌و کومیتەی دانمارکی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان بەو بۆنەیە خوێندرانەوە.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا پارچە شێعرێک لە لایەن بەکرە محەمەدزادە، ئەندامی کومیتە بە نیوی پێشمەرگە خوێندرایەوەو هیوا زەبیحی، تێکۆشەرێکی دێرینی دیکەی حیزبی دێموکرات چەند وتەیەکی سەبارەت بە ئەو ڕۆژە پیرۆزە پێشکەش کرد.

شایانی باسە ئەو شەوئاهەنگەکە بە گورانی‌و شادی‌و شایی بەشداران تا کۆتایی کاتی ڕاگەیەندراو درێژەی پێدرا.

# سمینارێکی سیاسی بۆ باس لەسەر پرسە ڕۆژەڤەکانی کوردستان‌و ئێران





کۆمیسیۆنی پەروەردەو فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ باس لەسەر دوو پرسی سیاسیی ڕۆژەڤی ئێران‌و کوردستان سمینارێکی بۆ دوو ئەندامی ڕێبەریی حیزب، حەسەن شێخانی‌و مەنسوور مروەتی پێکهێنا.

لەو سمینارەدا کە ڕۆژی سێشەممە، ٩ی بەفرانبار بە بەشداریی دەیان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوەچوو، حەسەن شێخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب باسەکەی لە ژێرناوی « پێویستیی بەدواداچوونی ئاڵوگۆڕەکانی ئێران»و مەنسوور مروەتی، ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی باسەکەی لە ژێرناوی «حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوان موزاکیرەو موباریزە»دا پێشکێش کرد.

حەسەن شێخانی لە باسەکەی‌دا بە ئاماژە بەوەی کە بۆ ئەوەی شرۆڤەیەکی نزیک لە واقیعمان لە ئێران هەبێ، دەبێ ستروکتۆری کۆماری ئیسلامی، باڵەکانی نێو سیستم، ئاڵوگۆڕەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێران‌و هتد بناسین‌و بەدواداچوونی بەردەوامی بۆ بکەین، گوتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کە لەدژی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەن، رووی سیاسەتیان لە ئێرانەو مەیدانی چالاکیی سیاسییان، ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، دەبێ لێکدانەوەیەکی زۆر بەرۆژیان لەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێران هەبێ.

مەنسور مروەتی، بە تیشک خستنەسەر ئاڵوگۆڕو پرسە سیاسییەکانی ئێستای ئێران‌و ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندنەوەی بۆ سیاسەت، هەڵوێست‌و ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ موزاکیرە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌و موباریزە لە دژی ئەو ڕێژیمە کرد.

مروەتی لە باسەکەیدا بە ئاماژە بە جەمسەربەندییەکانی سیاسی لە ئێستای ئێران و ململانێی باڵەکانی دەسەڵات بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات کوتی، پێویستە کورد لەو قۆناغەدا بە کەڵک وەرگرتن لە ئەو کێشە و ململانێیانەدا هەوڵ بدا کە کار بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکا و بۆ ئەو مەبەستەش ئەرکی سەرکی دەکەوێتە ئەستۆی حیزبەکان . ناوبراو هەروەها بە ئاماژە بە هەوڵەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مەیدانی خەباتدا بۆ چارەسەریی پرسی کورد وتی، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گەڵ ئەوەی کە لە هەموو شێوەکانی خەبات کەڵکی وەرگرتوە و بە کردەوە لە مەیدانی موباریزەدا هەیە، هاوکات لەو بڕوایەدایە کە باشترین شێوە بۆچارەسەریی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وتووێژە.

شایانی باسە لە بەشی کۆتایی ئەو سمینارەدا بەشداربووان ڕاو سەنجی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ باسەکاندا هێنایە گۆڕێ کە دواتر لەلایەم کۆرگێرەکانەوە وەڵامی پرسیارەکان درایەوە.

# سمیناری «کۆمەڵناسیی کۆماری کوردستان‌و کاریگەریی لەسەر داهاتووی بزووتنەوەی نەتەوەیی»

**یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سمینارێکی لە ژێر ناوی «کۆمەڵناسیی کۆماری کوردستان‌و کاریگەریی لەسەر داهاتووی بزووتنەوەی نەتەوەیی» بۆ ئارەش لوڕستانی بەڕێوە برد.**



ئەو سمینارە ڕۆژی شەممە، ١٣ی بەفرانبار لە یەکێک لە سالۆنەکانی کۆڕو کۆبوونەوەکانی حیزب پێک هات، ئارەش باسی لە ڕەوتی ڕووداوەکانی پێش کۆمار، سەردەمی کۆمارو دوای کۆماردا کردو لە درێژەی قسەکانی‌دا بەتیر و تەسەلی باسی لە بەستێنی مێژوویی ئەو کاتی ڕووداوەکان بەر لە دامەزرانی کۆماری کوردستان‌و ململانێی نێوان سوننەت‌و مۆدێرنیتە، بزووتنەوەی مەشرووتە، کەشفی حیجاب، لێدانی ڕێگائاسن‌و کاریگەریی لەسەر بزاوتە کۆمەڵایەتییەکان کرد.

هەروەها کۆمەڵەی ژێکاف لە ڕوانگەی کۆڕگێڕەوە نەک هەر ناوەندێکی بەرتەسکی فیکری، بەڵکوو بەستێنێکی هەراو بۆ پەروەردەی کۆماری کوردستان‌و سەرەتای ڕەوتی بزووتنەوەی سیاسی‌و نەتەوەیی کورد لە شکڵی کۆماری کوردستاندا بوو.

کۆڕگێر لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا پەڕژایە سەر ئەو بابەتانەی کاریگەریی قووڵیان لەسەر کۆمار هەبوو، پاشان لە درێژەدا ڕەوتی ڕووداوەکان بە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان‌و چۆنیەتیی بەردەوامیی ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی لێکدایەوە.

شایانی باسە لە کۆتایی سمینارەکەدا کۆمەڵێک لە بەشداران ڕاو سەرنج‌و تێبینی خۆیان لەسەر باسەکەی ئارەش لوڕستانی هێنایە بەرباس.

درێژەی:

# وانەکانی ئەم مانگرتنەی دوایی!

٤- لە نەبوونی هاوهەنگاوی، کاری هاوبەش‌وهاوکاریی بە کۆمەڵی حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسییەکان‌دا، دەبێ مەمنوونی ئەو چالاکە مەدەنییە ڕۆژهەڵاتیانەی پەڕیوەی هەرێمی کوردستان‌و تورکیەو ئورووپا بین کە لە قالبی کەمپەین و گرووپی کاری‌دا، بە ئیمکاناتی شەخسی، بۆشایی نەبوونی ناوەندێکی بەدواداچوون بۆ زۆر کارو پێداویستیی پێوەندیدار بە مانگرتووانیان، تا ڕادەیەک پڕ کردەوە.

٥- بەردرێژیی نەفەسی مانگرتووەکان‌و پێداگریی ئەوان لە سەرداخوازەکانیان بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێک،یەکێکی دیکە لە خاڵە بە هێزەکانی ئەم حەرەکەتە بوو. چەند کەسێک لە مانگرتووەکان لە کۆتاییەکانی حەوتووی سێهەم‌و لە دەسپێکی حەوتووی چوارەمی مانگرتن‌دا، کەوتنە دۆخێکی جەستەیی مەترسیدارەوەو، ئەمە نیگەرانیی زۆری لای بنەماڵەکانیان دروست کرد. بەو حاڵەش، سەرەڕای بانگەوازی کەمپەینی بەرگری لە بەندییە مانگرتووەکان بۆ شکاندنی مانگرتن، ئەم حەرەکەتە چووە نێو قۆناغی دەستهەڵگرتن لە خواردنەوەی شلەمەنی‌و سەرەرای هەموو ئەگەرەکان، درێژەی کێشا.

خاڵە لاوازەکان:

١- مانگرتن لە هەلومەرجێک‌دا دەستی پێکرد کە حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسییەکان، چالاکانی سیاسی‌و مەدەنی‌و، تەنانەت بنەماڵەکانی بەندییە سیاسییەکان، غافڵگیر بوون. لە دەرەوەی بەندیخانە، ئامادەکارییەک بۆ پشتگیریی ئەم حەرەکەتە وەک ئاگادارکردنەوەی میدیاکان‌و ناوەندەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ لەم حەرەکەتە، هاندانی بەندییە سیاسییەکانی بەندیخانەکانی دیکە بۆ پەیوەستبوون بەم مانگرتنە و پشتیوانی لێکردنی، بەدی نەدەکرا.

٢- دیسان وەک هەموو جارەکانی پێشوو کە حەرەکەتێکی مەدەنی لە نێوخۆ، چاوەڕوانی پشتیوانیی یەکگرتووانە و کارای حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسییەکانە، پشتیوانیی یەکگرتووانەو هاوهەنگاوانە لە لایەن حیزبەکانەوە نەهاتە دی. هەر حیزبێک بە تەنیاو بە بەربڵاوی‌و بەشێکیشیان لە ڕادەی پرسێکی لاوەکی‌دا، بە دەنگ مانگرتنەکەوە چوون. دیارە ئەمە بە مانای کەم بایەخدان بە پشتیوانیی میدیایی هێندێک لەوان‌و پێوەندیگرتنیان بە ناوەندو کۆڕوکۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان‌و ئاکسیۆنەکانیان لە ڕاستای پشتیوانی لە مانگرتنەکە نییە. بەڵام قسەی تێدا نییە ئەگەر ئەو هەوڵانەیان بە یەکگرتوویی‌و هاوبەشی بردبا پێش، لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات، ئاکامی باشتری دەبوو.

٣- بەشێکی گرنگی ڕێکخەران‌و بەشدارانی چالاکیی مەدەنی لە نێوخۆ، ناچار بە تەرکی وڵات کراون، یا بە هۆی چوونە بەندیخانەو ئەو کێشەو گرفتانەی بۆیان دروست کراوە، پرزەیان لێ بڕاوەوە. بەو حاڵەش دەکرا پشتگری لە داخوازی ڕەوای بەندییە مانگرتووەکان، ببێتە هەوێنی وەڕێخستنی چالاکیی مەدەنی لە نیوخۆدا. بە داخەوە ئەمجاریش لە ژوورەوە جموجۆڵێکی ئەوتۆمان بە پشتیوانی لەو مانگرتنە نەدیت. لە ڕاستی‌دا جگە لە بنەماڵەکانی مانگرتووان‌و یەک دوو پارێزەری بوێرو بەویژدان، کە ئەویش بە شێوەیەکی پەرشوبڵاو، بە تەنگ مانگرتووەکانەوە بوون، بە پشتیوانی لە مانگرتنەکە، شتێکی بەرچاو نەکرا. چالاکانی مەدەنیی نیوخۆ لانیکەم دەیانتوانی ڕووی داواکاریی خۆیان لەم بارەیەوە بکەنە نوێنەرانی مەجلیس، ئیمام جومعەکان، سەرکۆمار، بەرپرسان‌و دامودەزگاکانی دیکە.

٤- بانگەوازی ڕاگەیاندنی یەکی بەفرانبار بۆ مانگرتنی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە کۆمەڵێک چالاکی مەدەنی‌و فەرهەنگیی پەڕیوەی هەرێمی کوردستان‌و دەرەوەی وڵات، لە ئاکامی دەستەوەستانی‌و بێ‌پلانیی حیزبەکان لە ئاست ئەم مانگرتنە بڵاویان کردەوە، تەنیا پشتیوانییەکی زیمنیی حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی لە گەڵ دابوو نەک پشتیوانیی یەکگرتووانەو چالاکانە. جگە لەمەش بانگەوازەکە بە پەلەپەل گەڵاڵە کرابووو چاوەڕوانی‌و داوایەکی قورسی خستبووە بەر دەم خەڵک بێ ئەوەی ماوەی پێویست بۆ کاری میدیایی و هاندانی ئەوان، تەرخان بکا. هەر بۆیە چاوەروانکراو بوو کە وڵامی پیویست وەرناگرێتەوە.

٥- جێگای داخ بوو کە هێندێک لایەن لە جیاتی قۆستنەوەی ئەم حەرەکەتە بۆ بەهێزکردنی کولتووری کاری هاوبەشی سیاسی‌و خەباتگێڕانەو چڕکردنەوەی پشتگیرییەکەیان لە سەر مەسەلە ئەسلییەکە کە داوای ڕەوای بەندیی سیاسی بێ‌سەرنجدان بە بەستراوەییە حیزبییەکەیەتی، خەمی سەرەکییان، تەواوکردنی ئەو جۆرە حەرەکەتانە بە ناوی خۆیانەوە بوو. تەنانەت لە ئاکسیۆنەکانیشیان بە پشتیوانی لەم مانگرتنە، هەوڵی سڕینەوەو داشاردنی بەندیی سیاسیی سەر بە لایەنەکانی دیکەیان دەدا!

دەسکەوتەکانی ئەم مانگرتنە:

- لە سۆنگەی مانگرتنی بەندییە سیاسییەکانی بەندیخانەی ورمێ، بارودۆخی دڵتەزێنی بەندیی سیاسیی کورد لە بەندیخانەکانی ئێران بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێک بووە جێگای سەرنج‌و باس‌و لێدوانی میدیا کوردییەکان‌و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان‌و، لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە تیشکی خرایە سەر.

- ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، هەروەها چالاکانی سیاسی‌و فەرهەنگی‌و داکۆکیکاری مافی مرۆڤ، بە ڕێپێوان‌و کۆبوونەوەو پێوەندیگرتنان بە میدیاکان و ناوەندە مرۆڤدۆستەکانی جیهان، توانیان سەرنجی بیروڕای گشتی لە ڕۆژهەڵات‌و بەشەکانی دیکەی کوردستان، هەروەها لە وڵاتانی ڕۆژاوایی بۆ لای بارودۆخی بەندییە سیاسییە کوردەکان لە بەندیخانەکانی ئێران ڕابکێشن‌و جۆرێک گوشاری میدیایی و مرۆڤدۆستانە بۆ سەر کۆماری ئیسلامی دروست بکەن.

- بەچەند هۆ، یەکەم: شێلگیربوونی مانگرتووان لە سەر داخوازەکانیان‌و درێژەدانیان بە مانگرتن، دووهەم: پێکهاتنی پشتیوانییەکی ڕوو لە زیادبوون بۆ مانگرتنەکە لە نێوکوردستانییانی دەرەوەی وڵات، سێهەم: ڕاکێشرانی سەرنجی بیروڕای گشتی‌و ناوەندە مرۆڤدۆستەکان بۆ لای بەندیخانەکانی ئێران‌و بەندییە سیاسییە کوردەکان‌و، چوارەم: نیگەرانیی ڕێژیمی ئێران لە کاریگەریی شوێنەوارەکانی ئەم مانگرتنە لە سەر کارنامە ڕەش‌و شەقوشڕەکەی لە بواری مافی مرۆڤ لە گەرمەی دانوستانی ناوکی لە گەڵ ڕۆژاوادا، مانگرتنی ئەمجارەی بەندییە سیاسییە کوردەکان، بە سەرکەوتنێکی ڕێژەیی بۆ مانگرتوان‌و ملدانی کاربەدەستانی زیندان بۆ ئاستێک لە داخوازەکانی مانگرتوان، کۆتایی پی هات.

**

ئەم پاشەکشەیەو ملدانی کاربەدەستان بۆ داواکانی بەندییە سیاسییە مانگرتووەکان، لە دەرفەتێکی دیکەدا پووچەڵ دەکرێتەوەو دەسکەوتەکان وەردەگیرێنەوە، یا ئەم دەسکەوتانە بۆ بەندیخانەکانی دیکەش پەل داوێن‌و پەرە دەستێنن؟ وڵامی ئەم پرسیارە لە گرەوی حەرەکەتەکانی داهاتووی بەندییە سیاسییەکان‌و خەباتی نێو بەندیخانەکان‌و جۆری پشتیوانیی خەڵک‌و هێزە سیاسییەکان و ناوەندە مرۆڤدۆستەکانی جیهان لەو خەبات‌و بەربەرەکانییە دایە. بە دڵنیایەوە ئەگەر حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات‌و چالاکانی سیاسی‌و مەدەنیی ئەو بەشەی کوردستان، لاوازی و کەموکوورییەکانی خۆیان لە بەستێنی پشتیوانی‌و بردنە پێشی ئەم جۆرە حەرەکەتانەدا چارەسەر بکەن، بەندییە سیاسییە کوردەکانی نێو بەندیخانەکانی ئێران، زۆر پاشەکشەی گەورەتر بە سەر ڕێژیمی سێدارە و بیدادا دەسپێنن.

# ڕێوڕەسمی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە وڵاتی فینلەند



**کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی فینلەند ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانی بەرز ڕاگرت.**

ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ٢٩ ی سەرماوەز لە شاری تورکوی وڵاتی فینلەند ڕێورەسمێک بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی ئاڵای کوردستان‌و پێشمەرگەی کوردستان بە بەشداری ئەندامان، لایانگران و دۆستانی حیزب و کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردانی نێشتەجێی وڵاتی فینلاند بەرێوەچوو.

پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەوبۆنەیەوە لەلایەن ڕەحمان خالیدنژاد، ئەندامی کۆمیتەی بەرێوەبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی فینلەند پێشکەش کرا.

لەو پەیامە دا باس لە مێژوو و ناوی پێشمەرگە لە سەردەمی کۆمار و یادێک لە شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری نەتەوەکەمان‌و بە تایبەت نوێترین شەهیدی پێشمەرگە هەژار قاسمی و نەقش و ڕۆڵی پێشمەرگە و پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر وەها بارودۆخی زیندانیانی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرابوو.

دوای خوێندنەوەی پەیامی دەفتەری سیاسی، پەیامی کومیتەی پارتی دێمۆکراتی کوردستان خوێندرایەوەو لە درێژەی بەرنامەکەدا شیعرێک بۆ پێشمەرگە لە لایەن عەبدوولڵا ئەلیاسی پێشکەش کرا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا پەیامی یەکیەتییەکانی لاوان‌و ژنان خوێندرایەوە. شایانی باسە سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران،- کۆمەڵەش پەیامی پیرۆزباییان بەو بۆنەیەوە ناردبوو. ئەو ڕێورەسمە بە شایی و هەڵپەرکێی بەشداربووان و بە دەنگی هونەرمەند فەرهاد ئالانی کۆتاییی پێهات.

# لە پەراوێزی دانپێدانانی وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بە تیرۆری نەیاران‌دا



قادر وریا

لە سەرەتاکانی سەرماوەزی ئەمساڵ دا، وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی، مەحموود عەلەوی دانی بەوەدا نا کە ڕێژیمەکەی کۆمەڵێک لە نەیارانی خۆی لە وڵاتانی دیکە، لەم چەند ساڵەی دوایی دا لە نێو بردوە. عەلەوی باسی ئەوەی کرد کە ژمارەیەک لە نەیارانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی دیکە بە «تیری غەیبی» گرفتار بوون. ئەو، ڕاشکاوییەکەی لەوەندەش تێپەڕاند و گوتی: «چەند مانگ لەمەوبەر، عەبدولرەئوف ڕیگی یەکێک لە بەرپرسە نیزامییەکانی «جیش العدل» و برازاکەی، لە پاکستان بوون بە ئامانجی «تیری غەیبی». کەسێکیش بە ناوی شێخ نەدیم کە لە گەڵ برازاکەی، پازدە شیعەی پاکستانی و دوو ئەندازیاری ئێرانیان لە کەراچی کوشتبوو، بوون بە ئامانجی «تیری غەیبی.» وەزیری ئیتلاعاتی دەوڵەتی حەسەن ڕۆحانی هەر وەها باسی شناسایی و قەساسی کەسێکیشی کرد کە ٢٠ ساڵ لەمەوبەر سەرۆکی ئیتلاعاتی سیرجانی لە کێوێک ڕا هەڵداشتوە و ڕای کردوە بۆ کەراچی. مەحموودی عەلەوی تەنانەت ئەوەشی درکاند کە تیرە غەیبییەکان وتیرهاوێژەکانی کۆماری ئیسلامی، نەک هەر لە پاکستان و وڵاتانی دراوسێی ئێران، بەڵکوو لە وڵاتانی زۆر دوورتریش بۆ وێنە لە تانزانیاش، توانیویانە نەیارانی ئەو ڕێژیمە لە نێو ببەن. نموونەکەشی محەممەدی بزورگزادەیە کە لە ماوەی ساڵانی ١٣٨٧ و ١٣٨٨دا، ١٥ مەئمووری هێزی ئینتیزامیی کۆماری ئیسلامیی کوشتبوو و چووبووە تانزانیا و لەوێ لە ڕێگای چالاکیی ئابوورییەوە، یارمەتیی ماڵیی بە جیش العدل دەکرد، ئەویش بووە بە ئامانجی تیری غەیبی.»

ئەم دانپێدانانەی وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بە بەڕێوەچوونی کردەوەی تیرۆریستی لە لایەن ڕێژیمەکەیەوە، هەڵ دەگرێ لە چەند لایەنەوە بکەوێتە بەر شرۆڤە و لێکدانەوە.

لە پێشدا با بڵێین،»تیری غەیبی» کە وەزیری ئیتلاعات ئاماژەی پێکردوە، کۆدێکی ئەوەندە ئاڵۆز نییە کە بەردەنگەکانی ئەم قسانە و بە گشتی خەڵک لێی تێ نەگەن. تیری غەیبی، شتێکە لە چەشنی»سەربازانی بێناونیشانی ئیمامی زەمان». هەر دووی ئەم کاڵایانە، بەرهەمهێنراوی وەزارەتی ئیتلاعات و تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامیین. ئەم ڕێژیمە بۆ ئەوەی ڕەنگ و بۆن و ڕوخسارێکی ئایینی و پیرۆز بە تیرۆر و ڕفاندن و لە نیوبردنی نەیارانی خۆی بدا، ئەم جۆرە ناوانە بۆ ئینسانکوژەکان و کردەوەی تیرۆریستی بەکار دینێ. ئەم سەربازە بێناونیشانانە، سەریان لە ئاخوڕی وەزارەتی ئیتلاعات و سوپای قودس و سوپای پاسداران و دامودەزگا ئەمنیەتی و تیرۆریستییەکانی دیکەی ئەو ڕێژیمە دایە و نەک ئیمامی زەمان بەڵکوو بڕیاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە ، هەر کەسێکیان بۆ دیاری بکەن، بە «تیری غەیبی» کە هەمان ژەهر و چەک و کەرەستەی خنکاندن و کوشتنە، تیرۆری دەکەن.

لە دوای ئەوەی دادگای میکۆنووس لە ٢١ی خاکەلیوەی ١٣٧٦ لە پێوەندی لە گەڵ پەروەندەی تیرۆری د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی دا، بڕیاری یەکجاریی خۆی ڕاگەیاند و ڕێژیمی ئێرانی لە بەرزترین ئاست دا بە تیرۆریست ناساند، وڵاتانی یەکیەتیی ئوروپا سەفیرەکانی خۆیان لە ئێران بانگ کردەوە و چاویان بە ئاست و جۆری پێوەندییەکانی خۆیان لە گەڵ ئەو ڕێژیمە دا خشاندەوە. تێچووی سیاسی و ڕیسوایی سەرچاوەگرتوو لەو بڕیارە مێژووییەی دادگای میکۆنووس بۆ کۆماری ئیسلامی بە ڕادەیەک بوو کە ڕێژیمی ئێران،نەوێرێ جارێکی دیکە شار و پێتەختەکانی ئوروپا بۆ تیرۆری نەیارانی خۆی هەڵبژێرێ. خۆبواردنی چەندساڵەی ئەو ڕێژیمە لە دەستبردن بۆ تیرۆری موخالیفان لە وڵاتانی ئورووپایی کە هۆیەکەی ئاشکرای و ە، ئەو گومانەی لای هێندێک وڵاتی ڕۆژاوایی و تەنانەت هێندێک لە ئێرانییەکان لە دەرەوەی وڵات دروست کرد کە لەوانەیە ئەو ڕێژیمە دەرسی عیبرەتی لەو ڕیسوابوونەی خۆی لە ئاستی جیهان دا وەرگرتبێ و دەستی لە کردەوەی تیرۆریستی هەڵگرتبێ. دیارە گەشەکردنی بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازی لە ئێران کە پێکهاتنی گۆڕان لە دوو دەسەڵاتی بەڕێوەبەری و یاسادانانی بەدوا داهات، دامودەزگا ئەمنیەتی و ماشێنی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی لە نیوخۆی دا بەرەورووی کێشە و گرفت کردەوە. بەڵام سەردەمی ناخۆشی سوپا و وەزارەتی ئیتلاعات و دامەزراوەکانی تایبەت بە تیرۆر و سەرکوت، زۆری نەخایاند و لە گەڵ زاڵبوونەوەی بە تەواویی کۆنەپارێزان و توندڕەوەکان، جارێکی دیکە دەستی ماشێنی تیرۆر و سەرکوت لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دا بۆ سەرکوت و لە نیو بردنی نەیاران وەک پێشوو ئاوەڵا کرایەوە.

> **دەبێ لانیکەم هەڵوێستە لە سەر دوو شتی گرنگ بکەین و بایەخیان پێ بدەین. یەکەم ئەو هەلومەرجە ناوچەیییەیە کە کۆماری ئیسلامی، ڕێگە بە خۆی دەدا بیقوزێتەوە و بێشەرم و سڵەمینەوە، باس لە کردەوە تیرۆریستییەکانی خۆی بکا**
>
> **دووهەم خاڵی گرنگ کە دەبێ هەڵوێستەی لە سەر بکرێ، قودرەتنیشاندانی ئەو ڕێژیمە لە ڕێگای ئەم ئێعتیرافاتەی وەزیری ئیتلاعاتەکەیەتی**

لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی، تەنیا لە وڵاتانی ڕۆژاوایی خۆی لە تەقاندنەوەی بۆمب و کوشتن و ڕفاندنی نەیاران دوور ڕاگرت، ئەگینا لە پێوەندی لە گەڵ تاقم و گرووپە تیرۆریست و توندڕەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست و وڵاتانی دراوسێی ئێراندا، هەر سیاسەتی پێشووی خۆی درێژە داوە. ئەگەر جیاوازییەک بووبێ، ئەوە بووە کە لە جیاتی کاری کوشتن و تەقاندنەوە و ڕفاندن و بێسەروشوێنکردن بە دەستپەروەردە و بەکرێگیراویی ئێرانیی خۆی ئەنجام بدا ، لە ڕێگای تاقم و گرووپەکانی بەستراوە بە خۆی لەو وڵاتانە دا، ئەنجامی داون. لە نیوخۆی وڵاتیش لە جیاتی سەربڕینی ناڕازییان و کوشتنێان بە سەبکی قەتلە زنجیرەییەکانی دەیەی حەفتا، جۆرێکی دیکە لە تیرۆر و لە نێوبردنی ناڕازی و جیابیرانی گرتوەتە بەر. ئەویش بەرەڕووکردنیان لە گەڵ ئەو پەڕی گوشار و هەڕەشە یە، بە جۆرێک کە یا لە بەندیخانە و هاتوچۆی ئیتلاعات دا بەرەبەرە لە پێ بکەون، یان ناچار بن ئێران بە جێ بێڵن و ڕابکەن بۆ هەندەران. لە گەڵ ئەمانەش دا هەر وەک ئێستا مەحموودی عەلەوی دانی پیدا دەنێ، هەر کات بۆیان هەڵکەوتبێ و زانیبێتیان کە تیرۆر و ئینسانڕفاندنەکەیان، لە میدیاکان و کۆڕوکۆمەڵە نیودەوڵەتییەکاندا، دەنگدانەوەی نابێ، یا کێشەی گەورەیان بەرەڕروو ناکاتەوە، دەستیان لێ نەپاراستوە.نموونەکەی ڕفاندنی عەبدولمالیک ڕیگی لە وڵاتێکی دراوسێ بوو کە دوایە سناریۆیەکی سەیر وسەمەرەیان بۆ دروست کرد تا وا نیشان بدەن لە فڕۆکەیەک کە بە سەر ئاسمانی ئێراندا تێپەڕ دەبوو، دایانبەزاندوە و بەم جۆرە هەم توانای ئەمنیەتیی یەکجار زۆری ڕێژیمەکەیان پێشان بدەن، هەم ساتوسەودا لە گەڵ دەزگایەکی سیخوڕیی وڵاتێکی دراوسێ لە بارەی عەبدولمالیک ڕیگی، بشارنەوە.

ئەگەر بمانەوی خوێندنەوەیەکی ورد و دروستمان بۆ ئەم دانپێدانانەی وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی هەبێ، دەبێ لانیکەم هەڵوێستە لە سەر دوو شتی گرنگ بکەین و بایەخیان پێ بدەین. یەکەم ئەو هەلومەرجە ناوچەیییەیە کە کۆماری ئیسلامی، ڕێگە بە خۆی دەدا بیقوزێتەوە و بێشەرم و سڵەمینەوە، باس لە کردەوە تیرۆریستییەکانی خۆی بکا. کۆماری ئیسلامی دەبینێ جۆرێک ئاڵۆزی و ناسەقامگرتوویی ناوچەکەی داگرتوە و وڵاتانی ناوچە و هاوپەیمانە ڕۆژاواییەکانیان، بە شەڕ لە گەڵ ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشەوە سەرقاڵن. دەیەوێ بڵێ دژبەرەکانی ئەویش تیرۆریستن و، لە نیوبردنی تیرۆریستەکان، لە دەرەوەی سنوورەکانیشی بێ، هەر وەک بۆ وڵاتانی ڕۆژاوا ڕێگە پێدراوە، بۆ کۆماری ئیسلامییش دەبێ ئەم مافە بە ڕەسمی بناسرێ. دووهەم خاڵی گرنگ کە دەبێ هەڵویستەی لە سەر بکرێ، قودرەتنیشاندانی ئەو ڕێژیمە لە ڕێگای ئەم ئێعتیرافاتەی وەزیری ئیتلاعاتەکەیەتی. مەحموود عەلەوی بەم دانپێدانانە، دەیەوێ بە نەیارانی کۆماری ئیسلامی بڵێ هەر کەس لە گەڵ کۆماری ئیسلامی بەربەرەکانی بکا و تەسلیمی دامودەزگا ئیتلاعاتی و سەرکوتکەرەکانی نەبێ، دەستی ئاسنین و خوێناویی ئەم ڕێژیمە لە هەر جێگایەک بێ، دەیگاتێ! بەڵام لە گەڵ ئەم دوو خالە گرنگەدا، نابێ یەک ڕاستی لە بیر بکەین، ئەویش ئەوەیە کۆماری ئیسلامی لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی جیهانییەوە هەر وا سەرچاوەی تیرۆر و ئاژاوە و توندڕەوی لە ناوچەکە دایە. هەتا بەم جۆرەش بناسرێ، کۆسپ و تێچووی درێژەدان و بەرەوپێشبردنی سیاسەتە تیرۆریستییەکانی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران لە زیادبوون دا، دەبن.

# کۆماری ئیسلامیو داعش دوو ڕووی دراوێکن



عومەر باڵەکی

لە ساڵی ڕابردوودا شاهیدی سەرهەڵدانی ڕێکخراوی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی عێراقو شام بووین کە بە ناوی کورتکراوەی داعش دەناسرێ. کاتێک چاوبە کردارو ڕەفتارو یاساکانی ئەوگرووپەدا دەخشێنین لە گەڵ ڕاستیەک بەرەوڕوو دەبین کە ئەویش وێچوویەکی زۆری داعش لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە ٣٥ ساڵ لەمەوبەر لە ئێراندا دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت.

کۆماری ئیسلامی وەک داعش هەرکە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت کەوتە گیانی ئازادییەکانو لە ژێرناوی ئیسلامو شەریعەت‌دا کەوتنە دەستتێوەردان لە هەمووکەلێنو قوژبنێکی ژیانی تاکوکۆ. لە ڕەنگو پۆشینی جلوبەرگڕا بگرە هەتا دەگاتە شێوەی پەروەردەکردنی منداڵ، کۆنترۆڵو چاودێری بە سەرشێوەی خوێندنو پەروەردەو دەرکردنو بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی وەک کتێبو گۆڤارو ڕۆژنامە، بەرتەسک کردنەوەی مافەکانی مرۆڤ بەتایبەتی مافەکانی ژنان.

یەکەم کاری کۆماری ئیسلامی کاتێک بە دەسەڵات گەیشت ئەوە بوو کەبەناوی شەریعەتی ئیسلامەوە ترسو دڵەڕاوکێ لە ناودڵو دەروونی هەرتاکێکی کۆمەڵگای ئێراندا بچێنێ بۆ ئەوە کەس لەخۆی ڕانەبینێ کە دژایەتی لە گەڵ سیستمی کۆماری ئیسلامی‌دا بکا و تەواوی ئەو کارانەی لە ڕێگای قانوونەکانیەوە دەرخواردی کۆمەڵگای ئێران‌داوە، بۆنموونە ئەگەر کەسێک جیابیربێو بەجۆرێک لە جۆرەکان دژایەتی لە گەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامی‌دا بکا، بە پێی قانوونی سزادانی کۆماری ئیسلامی ئەوکەسە دژبەری خودایە، واتە محاربەیەو حوکمی دژایەتی لە گەڵ خودا ئێعدامە.

ئێستا کە داعشیش توانیویەتی ناوچەیەکی بەربەرینو دوور لە چاوەڕوانی لە عێراقو سووریە دەست بەسەردا بگرێ، هەروەکی لەپێشدا گوترا لە شێوەوڕەفتارو قانوونەکانیان‌دا تەواو کۆپی کۆماری ئیسلامینو تەنیا جیاوازیەک هەیانبێ ئەوەیە کۆماری ئیسلامی بە ناوی مەزهەبی شیعە کە باوەڕی بە ویلایەتی ڕەهای فەقیە هەیەو داعش باوڕیان بە سونی سەلەفی جیهادی هەیە. داعشیش بە ناوی شەریعت دەستتێوەردان لە هەموو ئەو شتانە دەکا کە پەیوەندیان هەیە بە ژیانی مرۆڤەکانەوە و لە ڕێگای یاساکانیانەوە لە سەدەی ٢١دا شێوەی ڕەفتارو کردارێک بەڕێوە دەبەن کە بە چەندین سەدە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە خۆی دور کردۆتەوەو تووڕی هەڵداوە. هەروەکی پێشتر باسمان کرد کە کۆماری ئیسلامیو داعش لە بیرو باوەڕی مەزهەبی‌دا جیاوازیان هەیە. بەڵام هەردووکیان بناژۆخوازنو بەداخەوە هەردووکیان بە ناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە خەریکی خولقاندنی جنایەتو کوشتارو پاکتاوکردنی ڕەگەزیو ئایینی خەڵکانی ئەوناوچانەن کە دەسەڵاتیان بە سەریاندا زاڵ بووە.

ئیشارە بە چەند نموونەیەک لە کارو کردەوەکانیان باشتردەتوانێ ئەو وەیەک چونانەیان دەربخا. وەکی دادگاکانی شەرع، ئێعدامەکانی سەرشەقام، تێڕوانینیان بۆ مافەکانی ژن، تێڕوانینیان بۆمافی کەمەنەتەوەکانو کەمە ئایینیەکان زۆر وەیەکچوونی دیکە کە ڕەنگە لەو وتارەدا جێگای نەبێتەوە.

هەم داعشو هەم کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنیاندا بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بە جێگای دادگاو پارێزەرو داواکاری گشتیو یاساو ڕێسا بۆ پێڕاگەیشتن بە قسەی خۆیان بە تاوانو تاوانکاری لە داداگای شەرع کەڵک وەردەگرنو تاوانبار کراو





بێ ئەوە مافی دیفاع لە خۆی هەبێ یا بزانی لە سەر چی گیراوەو دادگایی دەکرێ، لە لایەن کەسێکەوە بەناوی حاکمی شەرع حوکمی بۆدەردەچێو سزای بەسەردا دەسەپێندرێو زۆربەی سزاکانیش سزای جەستەییو ڕۆحین کە لە سەدەکانی ناوەڕاست باوبوونو لە دنیای پێشکەوتووی ئێستادا بە هیچ جۆرکەڵکیان لێ وەرناگیرێ.

نموونەیەکی دیکە دەتوانین باسی ژنو مافەکانیان بکەین، لە هەردووسیستمی دەوڵەتی ئیسلامیعێراقو شامو کۆماری ئیسلامی ئێران‌دا بە پێی یاساو ڕێساکان ژن وەک کۆیلەی پیاو چاوی لێ دەکرێ. لە سیستمی کۆماری ئیسلامی‌دا بە پێی یاسای بنەڕەتی ئێران ژن شوێنی لە ماڵەوەیەو کاری پەروەردەکردنی منداڵو پێڕاگەیشتن بە ماڵو ژیانەو مافی ئەوەی نیە بگاتە زۆر پۆستی بە ڕێوەبەری وڵات و بەکورتی ئەو مافەی بە پیاو دراوە بە ژن نەدراوە بۆ نموونە هەر لەسەرەتای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستای لەگەڵ دابێ مەسەلەی جلوبەرگ و شێوەی داپۆشینی ژن، گرفتیکی گەورەی دەسەڵات‌داری کۆماری ئیسلامی بووەو هەموو کات بە هێزی مادیومەعنەوەی خەریک بوون ئەو فەرهەنگە بسەپێنن کە خۆیان باوەڕیان پێیەتی. پرسیار ئەوەیە کە بۆچی حیجابی ژنان ئەوەندە لای کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی گرینگە؟ وڵامەکەی تەنیا ئەوەیە کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە ژن موڵکی پیاوەو پیاو مافی ئەوەی پێدەدرێ کە چۆن شورەودیوار بە دەوری موڵکو ماڵی خۆی دا بکێشێ بەو شێوەیەش مافی هەیە ژنەکەی داپۆشێ و لەبەر چاوی بێگانە بیشارێتەوە. داعەشیش لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی‌دا هەمان فکرو تێڕوانینی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە ژنانی هەیەو تەنانەت چەند هەنگاوێش وەپێش کۆماری ئیسلامی کەوتۆتەوە، بە دەرکردنی حوکمی حەڵاڵ کردنی کڕینو فرۆشتنی ژنانو کچانی غەیرە ئیسلام ڕووی کۆماری ئیسلامییان سپی کردۆتەوە. دیتمان دوای داگیرکردنی شەنگال ئەو ژنو کچانەی بە دیل گیرابوون وەک کۆیلە ڕفتاریان لەگەڵ دەکەن و لە نێو خۆیان‌دا کڕینو فرۆشتنیان پێ دەکەنو تەنانەت وەک دیاریو دەستخۆشانە دەیدەن بە یەکتری. کاتێک کۆمەڵگای جیهانی ناڕەزایەتی دەردەبڕێ زۆر سەهلو ئاسان لە ڕاگەیەنە گەشتییەکانی خۆیان دا ڕادەگەیەنن کە بەدیل گرتنی ژنانو کچانی ئێزەدیو فرۆشتنیان وەک کۆیلە بە پێی شەریعەتی ئیسلام بووە.

ئەگەر ڕفتارو کرداری داعشو کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە کوردستانو نەتەوەی کورد هەڵسەنگێنین دەبینین هەر دووکیان هەر هەمان ڕەفتارو تێڕوانینیان هەیە سەبارەت بە کوردستانو نەتەوەی کوردو تەنیا جیاوازیەک کە هەیە ئەویش بواری زەمەنییە، داعش ئێستا قەتلو عامی کورد دەکاو کوردستان داگیر دەکاو کۆماری ئیسلامی ٣٥ ساڵ لەوە پێش لەو شێوە قەتل و عامەی لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردوە .

داعش لە شنگال کوشتاری بە کۆمەلی کوردانی ئێزدی دەکاو کۆماری ئیسلام لە قارناو قەلاتانو چەندین شوینی دیکەی کوردستان ئەو قەتلعامەو کوشتارەی کردوە، وەک داعش روحمو بەزەییان بە کەس دا نەهاتۆتەوە.

لە کۆتایی دا ئەوەی جێگای سەرسوورمانە ئەوەیە کە ئێستا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی داعشو داعشیەکان بە کافرو غەیرە ئیسلام دادەنێنو بەردی مرۆڤ دۆستی لە سینگیان دەدەن خۆیان لە بەرەی دژەتیرور دادەنێن ئەوە لە حاڵێک دایە کە کۆماری ئیسلامی لە دادگاکانی ئوروپاییو ئامریکایی لە سەر بەڕێوەبردنی تیرۆریزمی دەوڵەتی بەچەندین جار مەحکووم کراوە .

لە سەردانو لێدوانەکانیان بۆ هەرێمی باشووری کوردستان خۆیان بە دۆست وهاوپەیمانی کورد دادەنێن، بی ئەوە خۆ لەو ئەو ڕاستییە بدەن کە ئەگەر داعش مەترسی بۆ سەر ئێرانو مەزارگە پیرۆزە کانی شیعە لە عیراق دروست نەکردبایە، قەت ئێران ئامادە نەبوو وا بەخێرا چەکو یارمەری بنێرێو وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە بە پەلە بگاتە هەولێرو ئەوە لە حاڵێک دایە ساڵێک لەوە پێش سەرکونسولگەری ئێران لە سولەیمانیە لە وتارێکدا کوردی بە نەتەوە داندەناو زمانەکەشی بە زمان ئەژمار نەدەکرد، بەڵام کاتێک لە ماوەیەکی کورت‌دا داعش گەیشتە نزیک سنوورەکانی ئێرانو لە ناوخۆی عێراقیش‌دا مەترسی خستە سەر سامەڕاو بەغدا، کۆماری ئیسلامی وەخۆ کەوت، بە دەرکی ئەو ڕاستییە کە ئێران بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەگەرێ، لە هیچ سەردەمانێکدا دۆستی ڕاستەقینەی کورد لە باشووری کوردستان نەبووو تێروانینی کۆماری ئیسلامی بۆ مەسەلەی کورد هیچ جیاوازییەکی نیە لەگەڵ تیڕوانینی داعش کە هەردوک لا نایانهەوێ کورد خاوەنی کیانێکی سەربەخۆی سیاسی بێ، بەڵکوو پێیان باشە لە ژێر دەسەڵاتی وەلی ئەمری موسلمین وخەلیفەی ئیسلام وەک ئومەتی ئیسلام بژین نەک نەتەوەیەکی سەربەست و ئازاد.



# ڕۆژهەڵات تەوەری: پرەنسیپێکی کاتالیزۆر بۆ خەباتێکی هاوبەش و بووژاوە

**(بەشی دووهەمو کۆتایی)**

ئاسۆی حەسەن زادە

## ب. ڕۆژهەڵات تەوەری و «ئێرانی بوون»

لەگەڵ ئەوەدا کە مەسەلەی گوتار و ئاجێندای نەتەوەیی کورد لە ئێراندا و پێوەندیی بزوتنەوەی کورد لەگەڵ بزوتنەوەی «سەراسەری» لە ئێراندا (ئەگەر بزوتنەوەیەکی سەراسەری لە ئێراندا هەبێ) هەمیشە بابەتی مشت و مڕی بژاردە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لە دوو دەهەی ڕابردوودا بووە، بەڵام ئەو مەسەلەیە وەک ڕەهەندێکی گرینگ بۆ پێناسە کردنی ڕۆژهەڵات تەوەری کەمتر سەرنجی دراوەتێ.

ئەولەوییەتدانی خەباتگێران و تێکۆشەرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مەسەلەی کورد لە پارچەکەی خۆیان دەبێ ببێتە هۆی نزیک بوونەوەی سەرلەنوێ و زیاتر لە واقعییاتی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوەش ئەولاتر هی سەرجەم کۆمەڵگای ئێران و گرێدانەوەی ئەو واقعییاتە بە پاشخانی مێژوویی و بەستێنی سیاسی و فەرهەنگی و قانوونیی پرۆسەی سیاسەت و دەسەڵات لە ئێراندا. چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ بە شێوەی سروشتی و «بالاجبار» ئێستاش ئەو پانتاییە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ لەڕووی چارەنووس و چ تەنانەت لەڕووی فەرهەنگی سیاسییەوە زۆرترین شوێنەواری لێ وەردەگرێ و پێیەوە بەستراوەتەوە، کۆمەڵگای ئێران و ئاڵوگۆڕەکانی پێوەندیدار بە حاکمییەت لە ئێراندایە.

بەڵام ئەگەر سەرنجدانەوە و نزیک بوونەوەی سەرلەنوێ لە واقعییاتی نێوخۆی ئێران دەبێ وەک ڕێکارێکی باشتر سازدان و بردنە سەری قابلییەتەکانی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات چاو لێ بکرێ، هەرلەوکاتەدا ئەمە نابێ بە چەشنێک شوێنەوار لەسەر نێوەرۆکی دیسکۆرسی سیاسیی کورد لە ئێران دابنێ کە ئەو کاریگەرییە بە مانای ئێرانیزەکردنی لەوە زیاتری ئەو دیسکۆرسە و بەپاشکۆ کردنی بزوتنەوەی کورد بۆ ڕەوتە سیاسییە ناوەندییەکانی نێو ئێران بێ. جیا لەوە کە دروست وایە هێز و لایەنەکانی نێو بزوتنەوەی سیاسی و مەدەنیی کورد لە ڕۆژهەڵات بە گەڕانەوە بۆ سەروەرییەکانی ڕابردووی ئەو بزوتنەوەیە بەڕوونی لەسەر ماهییەتێکی قورس و قایم بۆ گوتاری گەورەی گەلەکەمان ڕێک بکەون، لە مامەڵەی بزوتنەوەی کورد بە هەموو بەستێنەکانییەوە لەگەڵ پرۆسە سیاسییە سەراسەرییەکانیشدا پێویستە ڕۆژهەڵات تەوەری بە مانای وەڕێ کەوتن لە کوردستان ڕا و گەڕانەوە بۆ کوردستان بێ و لەهەرحاڵدا بەرجەستەکردنەوەی فاکتەری کوردی لە ئێران وەک فاکتەرێکی قائم بە زات و تایبەتمەند و سەربەخۆی لێ بکەوێتەوە.

## ج. ڕۆژهەڵات تەوەری و فاکتەری نێودەوڵەتی

وەک زۆر جار باسمان کردوە و لێرەدا پێویست بە شیکردنەوەی زیاتر ناکا، کەمایەسییەکی ئەو هەلە نوێیە کە بۆ کورد لە ناوچەدا هاتۆتە پێش لەوەدایە کە لە درێژەی واقعییەتە ژێئۆپۆلیتیکەکانی ڕابردوودا جیهانی دەرەوە ئێستاش سیاسەتێکی کوردیی یەکدەستی نیە و مامەڵەی لەگەڵ کوردی هەر پارچەیەکی کوردستان بە تەعامولی لەگەڵ دەوڵەتی حاکم بەسەر ئەو پارچەیەی کوردستان یان هەلومەرجی تایبەت بەو وڵاتە کە ئەو پارچەیەی کوردستانی لێ هەڵکەوتووە دەبەستێتەوە. هەربۆیە خوێندنەوەی جیهانی دەرەوە بەتایبەتی ڕۆژئاوا بۆ فاکتەری کوردی لەو هەلومەرجە نوێیەشدا کورد هەمووی بەسەریەکەوە چاو لێ ناکا و وەکیەک جێگە و پێگەی پێ نابەخشێ.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەزموونی خەبات و ڕیشەداریی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئیعتبار و خیسڵەتی پێشکەوتنخوازانە و بنیاتنەرانەی ئەو بزوتنەوەیە و هەروەها گرینگیی نەخشی ئێران لە دروستبوون و درێژەکێشانی ئەو بەستێنە کە داعشی لەسەر دروست بوو، ئەوە نەک هەر بە قازانجی هەموو کورد بەڵکوو لە بەرژەوەندیی ڕوانگە درێژخایەنەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیشدایە کە جیهانی دەرەوە هەموو کونجەکانی چوارگۆشەی کورد ببینێ و هەرکامەیان بەپێی مەوقعییەتی خۆی ئەکتیڤ و ئەرکدار بکا. لەو سۆنگەیەشەوە ڕۆژهەڵات تەوەری بە مانای کامڵکردن و کاراترکردنی فاکتەری کوردییە و هێزەکانی ڕۆژهەڵات دەتوانن ئەم بابەتەش وەک بوارێک بۆ هاوهەنگاویی نێوان خۆیان و لۆبیگەری بەڕووی جیهانی دەرەوەدا بەکاربەرن. دیارە تەنیا کاتێکیش جیهانی دەرەوە سەرنجی بە کردەوە دەداتە گۆشەی ڕۆژهەڵاتیی فاکتەری کوردی و دانی پێدا دەنێ کە هێزەکانی ئەو بەشەی کوردستان بە جۆرێک ڕوانین و هەنگاوەکانیان یەک بخەن کە لە ئەنجامدا بەشێوەی مەیدانی بەهێز ببنەوە.

## ٢/ دینامیزمی نێوخۆیی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ڕەوتی بەسیاسی بوون (سیاست پذیری) لە کانتێکستی خەباتی نەتەوەیی‌دا لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لەو کاتەدا کە ڕابردوویەکی دەوڵەمەندی هەیە، هەمیشەش دیاردەیەکی ئاڵۆز و پڕ کێشە بووە. سەرباری باوەڕ و ئیدئالە دێموکڕاتیکە فەرمییەکانی کوردی ڕۆژهەڵات، لە سێ دەهە و نیوی ڕابردوودا فرەیی (پلورالیزم) لەسەر ڕووبەری خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە فرەییەکی پڕ ژان و پڕ تێچوو بووە. بۆ ئەوەی ڕۆژهەڵات تەوەری بەڕاستی بتوانێ ببێتە ئەو پرەنسیپە کارییە کە هەموو هێزە و وزەکانی کوردی ڕۆژهەڵات بەمەبەستی بووژاندنەوەی خەبات بە ئاقارێکی هاوبەشدا دەکار بخا، پێویستە پێوەندییە نێوخۆییەکانی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چەشنێک پێداچوونەوەیان پێدا بکرێ کە هەم لایەن و بەستێنە جۆربەجۆرەکانی نێو ئەو بزوتنەوەیە بەشێوەیەکی واقعی و ئاکامدار دان بە بوونی یەکتر دابنێن و هەم هەماهەنگی و ڕێککەوتنێکی ڕوون و کارا سەبارەت بە شێوازەکانی خەبات و داخوازییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵات لەنێوان ئەم هێز و بەستێنانە بێتە دەست.

### ئەلف. فرەلایەنی و فرەبەستێنی

> **- لە مامەڵە لەگەڵ پرۆسە سیاسییە سەراسەرییەکانی ئێراندا ڕۆژهەڵات تەوەری بە مانای وەڕێ کەوتن لە کوردستان ڕا و گەڕانەوە بۆ کوردستانە**
>
> **- ڕۆژهەڵات تەوەری بە مانای کامڵکردن و کاراترکردنی فاکتەری کوردی لە ناوچەدایە**
>
> **- فرەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە پڕ ژان بووە**
>
> **- پێویستە ئاکامگیریی پۆزەتیڤ و کارا هەم لە فرە لایەنی و هەم لە فرە بەستێنیی خەبات بکرێ**
>
> **- خەباتی چەکداری نابێ لە بەرامبەر خەباتی مەدەنی دابنرێ**
>
> **- زۆر جار بە هەڵە تاکتیکەکان لەگەڵ ستراتژییەکان تێکەڵ کراون و هەنگاوە وردەکان لە بەرامبەر ئامانجە گەورەکان داندراون**
>
> **- خەباتی جەماوەری پێش هەموو شتێک لەسەر بەستێنی ئەو پرسانەی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە نزیکترن وەڕێ دەخرێ**
>
> **- پێویستە ڕۆژهەڵات تەوەری تەنیا لە بەرنامەی کار و تێکۆشانی حیزبێکدا قەتیس نەبێتەوە**

ڕەهەندێکی سروشتی و مێژوویی ئەم بابەتە پێوەندی و هاوکاریی نێوان هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لەگەڵ ئەوەدا کە لە سەردەمی ئێستادا ئەو هێزانە گرژییان لەنێواندا نیە (ئەگەر گرژیی جاروبارەی تەبلیغاتی حیساب نەکەین)، بەڵام دۆستایەتی و هاوخەباتییەکەشیان بەو جۆرەی پێویستە ڕێکخراو و بەبەرهەم و کارا نیە. گشتاندنی پرۆژەی ڕۆژهەڵات تەوەری ئەو وەختە جێبەجێ دەبێ کە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادە بن لە ڕێگای هێندێک میکانیزمی هاوبەشەوە، بۆ نموونە فۆرۆمی ڕۆژهەڵات، چوارچێوەیەک بۆ دیالۆگ و لێکگەیشتن بدەنە خۆیان و لەوێدا وێڕای خەسارناسی و ئەزموون وەرگرتن لە کێشەکانی ڕابردوو، بنەما و ڕێکارەکانی هاوخەباتیی لەمەودایان دابڕێژن و کاریان پێ بکەن. ئەو چوارچێوەیە بۆ ئەوەی هەم شەرعییەتی بەهێز و هەم ڕاندمانی لەسەرەوە بێ، وێڕای ئەوە کە پێویستە بەدەوری ناوکێک لە هێزە سەرەکی و نەرتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دروست بێ کە وەک کوڵەکە و مۆتۆڕی وەها میکانیزمێک دەور بگێڕێ، پێویستە تا ئەو جێگایەی دەکرێ بنکە فراوان بێ و بۆ وەخۆگرتنی دیاردە و ڕەوتە سیاسییە نوێیەکانی ڕۆژهەڵاتیش هەوڵ بدا و تەنانەت لەگەڵ ئەو هێزانەشدا کە هەڵقوڵاوی ڕۆژهەڵات نین و ئاجێندای سیاسییان پێڕەوی لە ئاجێندای سیاسیی هێزی پارچەیەکی دیکەی کوردستان دەکا بچێتە نێو ڕاوێژ و گفتگۆوە.

ڕەنگە بەلەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێستای پێوەندییە نێوخۆییەکانی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات ئەم قسانە لەڕادەبەدەر خۆشبینانە بێنە بەرچاو. حاشای لێ ناکرێ کە هەم کێشەکانی پێشووی نێوان هێزە خاوەن ڕابردووەکان و هەم بەتایبەتی ڕەوتی پارچە پارچەبوونی ئەم هێزانە و دڕدۆنگی یا لانیکەم بێگانەیی زۆربەیان لەگەڵ ڕەوتە سیاسییە تازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەربەستی گەورە لەسەر ڕێگای دروست بوون و مەشین و پایەداریی وەها میکانیزم و چوارچێوەگەلێکن. بەڵام ئەگەر بێت و سەرجەم ئەو هێزانە حازر بن ئەو گیروگرفتانە لە بازنەی داخراوی پێوەندیی نێوان دوو لایەنی دابڕاو لەیەکتر ببەنە دەر و بیانخەنە خانەی فراوانتری هەموو بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات، ئەمە یارمەتی بەوە دەکا کە سووڕەتی مەسەلەکان بە چەشنێکی بەسوود بگۆڕێ و زەرفییەتی چارەسەری ئەو کێشانەش بچێتە سەر.

ڕەهەندێکی دیکەی مەسەلەکە فرەبەستێنییە. ئەگەر سیاسەت و خەبات وەک پرۆسەیەکی خەتی چاو لێ نەکەین کە لەودا لایەنێک یان دوو لایەن بە پێڕەوی لە میراتێکی بەسەرچووی ئاڤانگاردیستانە خۆیان بە پێشڕەو و نوێنەری هەموو کۆمەڵگا بزانن، دەبێ بەکردەوە قبووڵی بکەین کە بزوتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات تەنیا لە هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردیدا خولاسە نابێتەوە. ئاشکرایە شەرعییەتی مێژوویی پرسی کورد لە ئێراندا لەسەر دەست و لەسەر شانی بەستێنی شۆڕشگێڕیی بزوتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی حیزبی دێموکڕات چەسپاوە. بەڵام ئەگەر بمانەوێ ڕۆژهەڵات تەوەری بکەینە ئەسڵێک بۆ ڕێکخستن و دەکاروەردانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، پاش ئەوەی ئاکامگیریی پۆزەتیڤمان لە فرەلایەنیی هێزەکان کرد، پێویستە فرە بەستێنیی خەباتیش قبووڵ بکەین و لەو نێوەدا بەتایبەتی بەستێنی مەدەنیی خەبات لە نێوخۆی وڵاتدا بە هێند بگرین.

لەگەڵ ئەوەدا کە بەستێن بۆ خەباتی مەدەنی لە سایەی کۆماری ئیسلامی‌دا یەکجار زۆر لاوازە، بەڵام بەو دینامیزمە کەموێنەیە لە هۆشیاری و هەستیاریی سیاسی و مەدەنی کە لەنێو خەڵکی ڕۆژهەڵات و بژاردەکانیدا هەیە، خوێندنەوەی ئەو بەستێنەی خەبات نەک هەر لەبەر پێویستییەکانی خەباتی فرەڕەهەند، بەڵکوو ڕاست بۆ گرێدانەوەی زیاتری بەستێنی شۆڕشگێڕی بە قووڵایی کۆمەڵگا زەرووڕەتێکی حاشا هەڵنەگرە. فرەبەستێنی لە جێبەجێکردنی ڕۆژهەڵات تەوەریدا کاتێک بەڕاستی بەبەرهەم و کارا دەبێ کە لەڕێگای دیالۆگێکی دامالڕاو لە پێشداوەری و کلێشە داتاشین، هەردوو بەستێنی مەدەنی و شۆڕشگێڕی بەمەبەستی ئەرکدارکردن و هێنانە مەیدانی هەموو چین و توێژ و سەرجەم تاکەکانی نێوکۆمەڵگا گوتارێکی سیاسیی وەها پەسند بکەن کە هەموو فرەچەشنییەکانی نێو کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات (لە هەموو ڕووەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ناوچەیی و جنسیەتییەوە) خۆیانی تێدا ببیننەوە. بەستێنەکانی خەبات لەجیاتی ئەوەی بە زێهنیەتی ڕکابەری و بەدیلسازی لە بەرامبەر یەکتردا قەرار بگرن یان لە یەکتر دڕدۆنگ و بەگومان بن، هەق وایە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ و زیمنییش بێ بە چەشنێک پێکەوە هەماهەنگ بن کە لە هەر قۆناغ و لە هەر وەرزە لە خەباتدا بەپێی ئەوە کە سیاسەتی دەسەڵاتی ناوەندی و هەلومەرجی زەینی و عەینی چی دەخوازێ، هەر جارە یەکێک لە بەستێنەکان بەرجەستە بکرێتەوە و هەموو بەستێنەکانی دیکە یارمەتیی پێ بکەن و لە هەموو هەلومەرجێکیشدا هەرکامەیان خۆی لە هەر هەمووی بە بەرپرسیار و خاوەندار بزانێ.

### ب. شێوەکانی خەبات

هاوکاتبوونی بەرجەستەکردنەوەی چەمکی ڕۆژهەڵات تەوەری لەلایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە لەگەڵ حزوور و چالاکیی پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە و پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوخۆی وڵات لەلای هێندێک کەس ئەو زێهنیەتەی دروست کرد کە ڕۆژهەڵات تەوەری تەنیا بریتییە لە خەباتی چەکداری. جگە لەوەش، ئەو نیگەرانییە لەلای هێندێک ڕووناکبیر و چالاکی مەدەنی دروست بوو کە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری دەبێتە هۆی بە ئەمنیەتی بوونی زیاتری فەزای کوردستان و لەبارچوونی بەستێنی تێکۆشانی مەدەنی.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر خەباتی چەکداری، جیا لەوە کە لەهەرحاڵدا سەردەمی ئێستا پێویستی بە مۆدێلێکی تازە لە خەباتی چەکداری هەیە کە چ لەڕووی نیزامی و چ لەڕووی سیاسییەوە لەگەڵ هەلومەرجی ئەمڕۆ و دەرفەت و بەربەستەکانی سەردەمی ئێستا بگونجێ، ڕۆژهەڵات تەوەری تەنیا لە خەباتی چەکداری‌دا چڕ نابێتەوە، بەڵکوو لەپێناوی بووژاندنەوەی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێنانەوە نێو ڕۆژەڤی پرسی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا و لە درێژەی چەمکی خەباتی فرەڕەهەنددا، ڕۆژهەڵات تەوەری دەبێ لە هەموو مێتۆدە مەشرووعەکانی خەباتدا خۆی بنوێنێ. لەو نێوەشدا خەباتی چەکداری لەگەڵ ئەوەدا کە ئێستاش ڕەنگە کاریگەرترین مێتۆدی خەبات بێ، یەکێک لە مێتۆدەکانی ئەو خەباتە و تەنیا یەکێکیانە.

هەر بەو پێیەش خەباتی چەکداری وەک یەکێک لە ڕێگاکانی بەکردەیی کردنی ڕۆژهەڵات تەوەری نابێ لە بەرامبەر خەباتی مەدەنی دابنرێ. تیئۆریی خەباتی مەدەنی و هەقیقەتی مۆدێل و ئەزموونەکانی خەباتی مەدەنی لە جیهاندا پێمان دەڵێ کە خەباتی مەدەنی لە بنەڕەت ڕا بە مانای خۆڕاگری لە بەرامبەر حکومەتێکدایە کە ئەو حکومەتە بۆخۆیشی مەدەنی بێ و خەباتی مەدەنی بە زەحمەت لە سایەی حاکمییەتە میلیتار و فاشیستەکاندا شانسی سەرگرتنی هەیە. ئەگەر تەنانەت بمانەوێ یارمەتییش بە دروستبوونی بەستێن بۆ تێکۆشانی سیاسی و مەدەنی بکەین، هەڵەیە ئەگەر پێمان وا بێ بەرپرسیاری بە ئەمنیەتی کرانی فەزای کوردستان بوونی باسکێکی چەکدارییە، چونکە ڕەفتاری سەرکوتکەرانە و مامەڵەی ئەمنیەتیی کۆماری ئیسلامی لەو شوێنانەی ئێرانیش کە خەباتی چەکدارییان تێدا بەڕێوە نەچووە یان لەو سەردەمانەدا کە لە کوردستان خەباتی چەکداری لە ئارادا نەبووە، چی وا لەو ناوچە و سەردەمانە کە لەواندا خەباتی چەکداری مێتۆدی هەرە باوی خەبات بووە، کەمتر نەبووە. بەپێچەوانەوە، هەروەک چۆن تەنانەت لە حاکمییەتە دێموکڕاتیکەکانیشدا دەسەڵاتی ناوەندی ئەو کاتە بەڕاستی ملی بۆ ویستەکانی بزوتنەوە مەدەنییەکان داوە کە نیگەرانی بەهێزبوونی ڕەوتە ڕادیکاڵ و چەکدارییەکان بووە، لە حاکمییەتێکی دیکتاتۆڕیشدا دەسەڵات ئەو کاتە بەڕاستی لە بەستێنی سیاسی و مەدەنیدا پاشەکشە دەکا و مل بۆ دانوستان و کرانەوە ڕادەکێشێ کە شمشێری دامۆکلیسی خەباتی چەکداری لەسەر بێ و ئەوەندە لە باسکی چەکداریی گەل بترسێ کە ئیجازەی هەموو چەشنە ڕەفتارێک لەگەڵ خەڵک و ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی بە خۆی نەدا.

بەشێوەیەکی گشتی ڕۆژهەڵات تەوەری بە مانای ئەفزەلییەتی شێوازێکی خەبات بەسەر شێوازەکانی دیکەی خەباتدا نیە و لەو نێوەدا تەنانەت وتووێژ و بەشداریی سیاسییش (کە لە هەلومەرجی ئێستادا تەنیا هەڵبژاردن دەگرێتەوە) ئەگەر تەنیا بۆ بەچالش کێشانی ڕێژیم و بە مەوزووع کردنەوەی پرسی کوردستانیش بێ، -بەستراوە بە هێندێک مەرج کە لێرەدا دەرفەتی باسکردنیان نیە- جێی خۆیان هەیە. لەهەرحاڵدا، ڕۆژهەڵات تەوەری لەجیاتی ئەوەی ببێتە هۆی دڕدۆنگی و درزی زیاتر لەنێوان بەستێنە جۆربەجۆرەکاندا، دەبێ دەرفەتی دیالۆگێکی ڕووک و بەبەرهەم بداتە دەست تێکۆشەرانی بەستێنە جۆراوجۆرەکان.

ج. نێوەرۆکی داخوازییەکانی کورد لە ئێران

فاکتەرێکی دیکەی نالێکی لە گوتار و پلانی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕابردوودا، لێک نەگەیشتن و ڕێکنەکەوتن لەسەر نێوەرۆکی ویست و داخوازییەکانی گەلەکەمان و چۆنیەتیی هەڵوەژاردن و قۆناغبەندیی ئەو ویست و داخوازییانە بووە. سەرەڕای ئەوەی لەسەریەک زۆربەی هەرە زۆری هێز و لایەنەکان ڕوانینیان سەبارەت بە جەوهەری ئامانجە سیاسییەکانی خەبات بەتایبەتی لە سەردەمی نوێدا لێک نزیک بۆتەوە، کەچی ئەوان بەردەوام لە خوردکردنەوەی ئەو ئامانجانەدا و لە هەڵبژاردنی تاکتیکەکانی گەیشتن بە ئامانجەکاندا لێک دوور کەوتوونەوە.

بەپێچەوانەی ئەوە کە لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و بەگشتی لەنێو بزوتنەوە ڕزگاریخوازییەکانی دیکەی جیهانیشدا باوە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە عادەتێکی ئۆرتۆدۆکسانە و لەڕادەبەدەر بەهاگەرایانەی سیاسەتکردن، زۆر جار بە هەڵە تاکتیکەکان لەگەڵ ستراتژییەکان تێکەڵ کراون، هەنگاوە وردەکان لە بەرامبەر ئامانجە گەورەکان داندراون، داخوازییە فەرهەنگییەکان بە نەفیکەرەوەی داخوازییە سیاسییەکان لە قەڵەم دراون و ... هتد. لەحاڵێکدا کە زۆر باش دەکرا تاکتیکەکان و هەنگاوە وردەکان و ویستە سنووردارەکانیش وەک ڕێگاخۆشکەری گەیشتن بە ستراتژی و ئامانجە گەورەکان یا هەر نەبێ وەک بیانوویەک بۆ مانۆڕدان و بە چالش کێشانی دەسەڵات و ڕاکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتی بۆ لای کێشەی سەرەکیی کورد چاو لێ بکرێن بەبێ ئەوەی هیچ لە جەوهەری داخوازیی باڵای سیاسیی کورد لە ئێراندا کەم بکرێتەوە.

بێگومان مەسەلەی کورد لە ئێراندا پێش هەموو شتێک مەسەلەیەکی سیاسیی خاوەن پاشخانی مێژووییە کە نابێ بهێڵرێ لە خانەی ویستە بچووک و سنووردارە فەرهەنگی و کارگێڕییەکاندا ورد و خاش بکرێ یا لە ڕیتۆریکی مافەکانی هاووڵاتیدا بێ‌سەروشوێن بکرێ. بەڵام هەم بەمەبەستی دروستکردنی زۆرترین دەرفەتی مانۆڕدان و مەوزووعسازی و هەم تەنانەت لەپێناوی فەرهەنگسازی لەنێو خودی کۆمەڵگای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و ڕێک لە چوارچێوەی ئەو فرەڕەهەندی و فرەبەستێنییەدا کە لەسەرەوە باس کرا، جێی خۆیەتی وێڕای زیندوو ڕاگرتنی ئامانجە گەورەکانی خەباتی کورد لە ئێران لە گوتار و ئاجێندای سیاسیی ڕۆژدا، هەموو پرس و بابەتێکیش کە لە خانەی هەقخوازیی خەڵکی کوردستان و پارێزگاری لە ناسنامەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێراندا جێ دەگرێ، وەک دەرفەت و بیانوویەک بۆ هێنانە مەیدانی خەڵک و بە یەکتر گرێ دانەوەی بەستێنە جۆربەجۆرەکانی خەبات بەکار ببرێ. ئەوەش نەک تەنیا لەبەر ئەوە کە لێرەدا دژایەتییەک لەنێوان ئامانجە گەورەکان و بابەتە بچووکتر و سنووردارترەکاندا نیە و دووەمیان ژێرکۆمەڵ (زیر مجموعه) و دەرەنجامی یەکەمیانە، بەڵکوو هەروەها لەبەر ئەوە کە زۆر جار ئەو دەرفەتەی هەموو ڕۆژێ بۆ هێنانە گۆڕی ویستە بچووکتر و سنووردارترەکان دێتە پێش، ڕەنگە بە چەند ساڵ جارێکیش بۆ هێنانە گۆڕی بەکردەوەی ئامانجە گەورەکان نەیەتە پێش، و خەباتی جەماوەری پێش هەموو شتێک لەسەر بەستێنی ئەو پرسانەی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە نزیکترن وەڕێ دەخرێ.

### ئەنجام

هەروەک چۆن لە بواری زانستە دەقیقەکاندا «کاتالیزۆر» بەو ئێلێمنتە دەگوترێ کە یارمەتی بە خێراکردنی دژکردەوەی ئێلێمێنتەکانی دیکە دەکا بەبێ ئەوەی لە کۆتاییدا خیسڵەتی ئەسڵیی خۆی لەدەست بدا، لە بواری مرۆیی و سیاسییشدا کاتالیزۆر ئەو پرەنسیپەیە کە پرەنسیپ و فاکتەرەکانی دیکە بەدەوری ویدا یان لەپێوەندی لەگەڵ ویدا شکڵ دەگرن و خۆیان دەناسێنن. ڕۆژهەڵات تەوەری لەگەڵ ئەوەدا کە وەک چەمک و دروشم لەلایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە بەرجەستە کراوەتەوە، بەهۆی ئەو ماهییەتە مێژوویی و ئەو زەرووڕەتەی ڕۆژەوە کە هەیەتی، قابلییەتی ئەوەی هەیە کە لە هەلومەرجی ئێستادا وەک پارادیگمێکی ڕێکخەر و کۆکەرەوەی سەرجەم پۆتانسیەلەکانی سەر ڕووبەری بزوتنەوەی کورد لە ئێراندا دەور بگێڕێ و لە ڕێگای یەکخستنی ئەو پۆتانسیەلانەوە لەسەر بنەمای ڕوانگە و نەخشە ڕێگای هاوبەش بۆ خەباتی لەمەودوای ڕۆژهەڵات، یارمەتی بە بووژانەوەی هەرچی زیاتر و هاتنەوە نێو ڕۆژەڤی ئەو خەباتە بکا. بۆ ئەوەش پێویستە ئەم چەمکە تەنیا لە بەرنامەی کار و تێکۆشانی حیزبێکدا قەتیس نەبێتەوە و هەموو ئەکتەر و بەستێنەکانی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات ئیرادە و زەرفییەتی کارپێکردنی لەخۆیاندا پێک بێنن.

***ئەم باسە لە سیمینارێکدا کە ڕۆژی ١٨ نۆڤامبری ٢٠١٤ لەلایەن «یەکێتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد»وە لە هەولێر بەڕێوە چوو، پێشکەش کراوە.**

# حکوومەتی ئیسلامی و ڕووبەڕووبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکرات، ڕادیکالیزم، ڕیفۆرمیزم یان لیبڕالیزم؟



**ناسر ئیرانپوور**

پرسیاری سەرەکی کە بۆ ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەتی ئیسلامی دێتە پێشەوە، ئەوەیە بە کامە بەرنامە، دروشم و ئامراز ڕووبەڕووی ئەو حکوومەتە دەبنەوە. وڵامدانەوەی پرسیارەکە پێوەندیی جیانەبۆوەی بە ١) هەڵسەنگاندنی ئێمە لە ماهییەتی حکوومەت ٢) ڕادەی نفووز و وەرگیرانی لەنێو خەڵک و ٣) هەبوون یان نەبوونی میکانیزمە دێموکراتیکەکان لە کۆمەڵگە و بە دەستەواژەیەکی‌تر جۆری هەڵسوکەوتی خودی ڕێژیم لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن هەیە.

پێم وایە هاوڕاییەکی گشتی لەسەر ئەم هەڵسەنگاندنە هەبێ کە ماهییەتی ئەم ڕێژیمە مەزهەبییە تەواوخوازانە و کۆنەپەرستانەیە و هەروەها کۆدەنگیی لەسەر ئەوەش هەبێ کە زۆربەی خەڵکی ئێران دژی ئەون. بەڕواڵەت بۆ هەمووانیش ئاشکرایە کە تاڕادەیەکی زۆر هیچ کەشوهەوایەکی قانوونی بۆ دەربڕینی نارەزایەتی، بانگەشەی ئازادانەی هەڵوێستەکانی ئۆپۆزیسیۆن و ناساندنی ئاڵترناتیڤەکانی گونجاو و ئیمکانی چالاکیی چاپەمەنییە ئازادەکان لەئارادا نیە و ڕێژیم هەرچەشنە دژایەتییەکی تاکەکەسی و ڕێکخراو وەک شەڕ لەگەڵ نیزام، خوا و ڕەسوڵی خوا لەقەڵەم دەدا و حوکمی قورس و یەک لەوان ئێعدام بەسەر ئەنجامدەرانیدا دەسەپێنێ، کەواتە دیکتاتۆریی و سەرەڕۆییش هەیە. ئەوەشی پێوە زیاد کەین کە هەوڵدان بۆ چاکسازیی ڕێژیم لە ناوەوە بێ‌ئەنجام مایەوە و بەشێکی زۆری بژاردەکانی ئەم بوارە یان زیندانیی کران، یان ئێزنی هاتنەدەر لە ماڵەوەیان پێ‌نەدرا یان ئاوارەی غەریبایەتی بوون. هەربۆیە بە ڕیفۆرمیزم یان بە قەولی ڕێژیم «ئینقلابی مەخمەلی»یش ناکرێ کارێک بکرێ. ئێستا لەگەڵ ڕێژیمێکی خاوەن چوار تایبەتمەندیی کۆنەپەرستی، دژەخەڵکی، دژەدێموکراتیک و چاکسازیی هەڵنەگر، دەبێ چون هەڵسوکەوت بکرێ؟

**لە ئێرانی ٧٥ ملیۆنی بێجگە لە چاپی چەند بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆ و کەم تیراژ کە ڕێژیم لە بەرتەسک نەکردنەوەی بەتەواوەتی ئەوان بەدوای مەبەستە تایبەتییەکانی خۆیەتی، هیچ چەشنە چالاکییەکی سیاسی لەگۆڕێدا نیە، نە بۆ چەپی «گشتی خواز»، نە بۆ لیبرالی «تاکخواز»**

دیارە لە پێوەندی لەگەڵ تایبەتمەندیی چوارەم دەبێ بگوترێ گرووپێک لە ناوخودا، هەرچەند زۆر کەم، تا ئێستاش هیوایان بۆ ڕوودانی موعجیزە لەدەست نەداوە و بەخۆشبینییەوە لەسەر ئەو باوەڕەن کە دەتوانرێ لەڕێگەی حەڕەکەت و هەنگاوگەلی بچووکەوە گۆڕانکاریی ئەرێنی لە کۆمەڵگە و گۆڕانی هەنگاو بە هەنگاو و لەسەرەخۆی نێو ڕێژیم بێتە کایەوە. بەشێکیان بەناچاری تەنانەت ئاستی چاوەڕوانییەکانیان تا ڕادەیەک هێناوەتەخوار کە ئیتر کێشەی ئەمنییەتی بۆ ڕێژیم دروست نەکا و بۆ خودی ئەوانیش تێچووی زۆری نەوێ. هەر لەسەر ئەم بنەمایە و لە هەمان کاتدا بێ‌ئەوەی بیانهەوێ مەترسیی سەر ڕێژیم کەم دەکەنەوە و گشت دەموودەزگای ئەمنییەتی و سەرکوتی ڕێژیم لە باڵێکی دیاریکراو هێندێکجار تەنانەت تاکەکەسێکی دیاریکراودا کورت دەکەنەوە، ئۆپۆزیسیۆنیش بە «ڕادیکالیزم» تاوانبار دەکەن و بە قسەی خۆیان پێشنیاری «لیبرالیستی»پێ‌دەدەن.

بەڵام «ڕادیکالیزم» چیە و ئایا ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەتی ئیسلامی «ڕادیکاڵ»ە؟ «لیبرالیزم» چیە و داخوا ئەوەی هاوڕێیان بە نیازپاکییەوە دەیڵێن «لیبرالیزم»ە؟

ئەگەر بمانەوێ خۆ لە باسە دووروودرێژ و ئەکادێمیکەکان ببوێرین دەبێ بڵێین «ڕادیکالیزم» شتێکی جیا لە «بناژۆخوازی» نیە. ئەم زاراوەیە لەم دواییانەدا زیاتر بۆ ئیسلامخوازە توندڕەوەکان بەکار دێت و مەبەستیش لێی ئەوەیە کە ئەوان بەدوای گۆڕانی بنەڕەتیی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە قازانجی جێگیربوونی برگەبەبڕگەی شەریعەتی ئیسلام لە ڕێگەی توندوتیژییەوەن. لە ڕابردوودا ئەم زاراوەیە زیاتر بۆ چەپ و ڕاستی سیاسیی کۆمەڵگە بەکار دەهات.

«لیبرالیزم»یش خاوەن دوو ڕەهەندی ئابووری و حقووقییە. «لیبرالیزمی ئابووری» بەدوای بەرتەسک کردنەوەی دەستێوەردانی دەوڵەتی لە بواری ئابووری و لایەنگریی پەرەسەندنی میکانیزمەکانی بازاڕی ئازاد دایە و «لیبرالیزمی حقووقی»یش لە بەرامبەردەستێوەردانی دەوڵەتیدا، بەرگریی لە ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکان دەکا. لیبرالیزم لەسەر بنەمای بەها ئەخلاقییەکان تاک دەناسێ نەک ئایین. تێیدا ڕەسەنایەتیی بۆ تاکە نەک کۆمەڵ.

بەم شیکردنەوە کورتە با جۆری ڕووبەڕووبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆن هەڵسەنگێنین و بپرسین: ئایا بەڕاستی ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆنی «کۆماری ئیسلامی» ڕادیکاڵە، بناژۆخوازە، توندڕەوە کە خوازیاری پێکهێنانی سیستەمێکی سیاسیی دێموکراتیک لە ئێران بێ، سیستەمێک کە تێیدا فاکتەری ئایین لە دەوڵەت بەتەواوەتی جیا ببێتەوە، حیزبەکان ئێزنی چالاکیی سیاسییان هەبێ، نوێنەرانی پەرلەمان بەشێوەیەکی واقیعی لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێن، چاپەمەنییەکان سانسۆریان لەسەر نەبێ، سێ دەسەڵاتەکە بەشێوەیەکی ڕاستەقینە لێک جیا بکرێنەوە، گرتن و ئەشکەنجە و ئێعدام و تیرۆری جیابیران لە گۆڕێ نەبێ؟ ئایا لە بنەڕەتدا داخوازیی لەسەرکار لابردنی سیستەمی ڕادیکاڵی مەزهەبی و جێگیرکردنی دێموکراسی «ڕادیکالیزم» بە واتا نەرێنییەکەی هەیە؟ ئایا بۆ ئەوەی بە «ڕادیکاڵ» دانەنرێین، دەبێ ئاستی چاوەڕانیی و داخوازیی، ئاوات و ئامانجەکانمان تا ئەو ئاستە کە جێگەی پەسندی ڕێژیم بێ، دابەزێنین؟ ئایا دەبێ کەرامەتی مرۆیی خۆمان و خەڵکی خۆمان، ماف و ئازادییەکانمان فڕێ دەینە ئەولاوە بۆ ئەوەی بە بناژۆخواز لەقەڵەم نەدرێین؟

لەبنەڕەتدا کەمتر ڕووبەڕووبوونەوە و بەرگرییەک لە بەرامبەر ڕێژیمە فاشیستییەکان دەتوانرێ بە «ڕادیکاڵ» و شیاوی ئیدانەکردن دابنرێ. ئاخۆ ڕادە و پێوەر و پێودانگی ئێمە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەکە «ڕادیکاڵ» کێ‌یە، حکوومەتی فاشیستی ئیسلامیی ئێرانە؟ هەڵبەت ڕۆشنبیریی لە هەر کۆمەڵگەیەک، تەنانەت کۆمەڵگە دێموکراتیکەکان، لە سنووربەندیی ڕوون و لێبڕاو لەگەڵ نەزمی مەوجوود و بەرگریی لەوانە واتا پەیدا دەکا کە مافەکانیان پێشێل کراوە. مەگەر غەیری ئەمەیە کە «ڕادیکاڵترین» هەڵوێست لەبەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕووخاندنی توندوتیژانە و جێگیرکردنی سیستەمێکی ناسراو و باوە و مەگەر ئەو داخوازییە بە ئیستلاح ڕادیکاڵە، ڕادیکاڵ بە واتا نائەقڵانی و ناهەموارەکەی، بە واتای زێدەڕۆیی و توندڕەویی، بە واتای بناژۆخوازیی مەزهەبی یان سیاسی و نەرێنییەکەیەتی؟ بەهەرحاڵ ئەمن داخوازیی ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە بناژۆخوازە مرۆڤکوژە بە تەواوی بنەماکانیەوە بە عەینی هیۆمانیزم، ڕاسیۆنالیزم و ڕیاڵیزم دەزانم نەک «ڕادیکاڵیزم».

سەرنجڕاکێش ئەوەیە خودی ڕێژیم فەتوای کوشتوبڕ و لەناوبردنی جەستەیی و تیرۆری کەسایەتیی دژبەرانی داوە بەڵام ئەمە لە قامووسی باو لە حکومەتی ئیسلامیدا بۆ پارێزراوبوونی لە بەدواداچوونی سزایی، «ئوسوولگەرایی» پێ‌دەگوترێ نەک «ڕادیکاڵیزم»، بەڵام خەبات بە دژی ئەم ڕێژیمە تیرۆریستییە «ڕادیکاڵیزم»!!

بە باوەڕی من کەمتر بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی جیددیی دەتوانرێ «ڕادیکاڵ»ی پێ‌بگوترێ. ڕادیکاڵیزم تەنیا داخوازیی گۆڕانکاریی ڕادیکاڵ لە کۆمەڵگەدا نیە، بەڵکو

**بە باوەڕی من کەمتر بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی جیددیی دەتوانرێ «ڕادیکاڵ»ی پێ‌بگوترێ. ڕادیکاڵیزم تەنیا داخوازیی گۆڕانکاریی ڕادیکاڵ لە کۆمەڵگەدا نیە، بەڵکو بۆ دنیابینی، شێوازەکانی کاری شۆڕشگێڕی و تایبەتمەندیی ئەو سیستەمە سیاسییەش دەگەڕێتەوە**

بۆ دنیابینی، شێوازەکانی کاری شۆڕشگێڕی و تایبەتمەندیی ئەو سیستەمە سیاسییەش دەگەڕێتەوە کە بڕیارە جێگەی ڕێژیمی سیاسیی مەوجوود بگرێتەوە. ئۆپۆزیسیۆنی ئەمڕۆیی نە جیهانبینی و شێوازی خەباتی ڕادیکاڵی هەیە و نە ئیددیعای ئەوەی کردووە بەدوای ئەو ڕێژیمە سیاسیەوەیە کە دەرفەتی هیچ ئازادییەکی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بە کەس نادا. تەنانەت چەپە ئۆرتۆدۆکس و کلاسیکییەکانیش ماڵئاواییان لە شێوازی سیستەمی یەک حیزبی کردووە و قسە لە پەرلەمانتاریزم دەکەن، هەربۆیە لە پێوەندیی لەگەڵ ئەوانیشدا ناتوانرێ باسی ڕادیکاڵیزم بکرێ.

ئێستا با گوتاری ئۆپۆزیسیۆنی پەرلەمانە ئورووپاییەکان لەپێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتەکانیان لەگەڵ لانیکەم بەشێکی بەرچاو لە ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەتی ئیسلامی لەپێوەندیی لەگەڵ ئەو حکوومەتە بەراورد بکەین. لە وەها حاڵەتێکدا بەدڵنیاییەوە تێ‌دەگەین گوتاری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی زۆر نەرمتر و سازگارترە لە گوتاری ئۆپۆزیسیۆنی دەوڵەتە ئورووپاییەکان لە بەرامبەر دەوڵەتەکانیاندا. هەرچەند ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی سیستەمی سیاسیی زاڵ بەسەر ئێراندا لە گشتێتیی خۆیدا ڕەت دەکاتەوە، لەحاڵێکدا ئۆپۆزیسیۆنی ئورووپایی سیستەمە سیاسییە ئاراییەکان لەسەداسەد قبووڵ دەکا. ئەگەر گوتاری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە ڕادیکاڵیزم دابنێین، بەناچار دەبێ گوتاری ئۆپۆزیسیۆنی ئورووپایی بە «ئێکسترمیزم» لەقەڵەم بدرێ!

لەبیرمان نەچێ کە حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان لە ئورووپاش بۆ هێنانەخواری حکوومەت لە لوتکەی دەسەڵاتدا خەبات دەکەن، بەڵام بە ئامرازگەلی دێموکراتیک کە خودی نیزامی سیاسی لە ئیختیاری ناون. لە ئەگەری نەبوونی ئەو میکانیزمە ئاشتیخوازانە سروشتی بوو ئەمە لە ڕێگاکانی دیکە وەدی بێ. بەهەرحاڵ ناتوانرێ لە حیزبە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن کە بەپێی پێناسە ڕەساڵەتی سەرەکییان وەدەسهێنانی دەسەڵاتی سیاسیە لەپێناو جێبەجێکردنی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە بەرنامەکانی خۆیاندا ڕێکیان خستووە، بەشێوەیەکی جیددی چاوەڕانیمان هەبێ دەست لە بەرنامە و پرەنسیپ و پەیامی گشتیی خۆیان هەڵگرن و لە باشترین حاڵەتدا ببنە کلووب و ئەنجوومەنی مافی مرۆڤ.

بۆ ل ٩

## ڕۆژهەڵاتی ئێران

# پێویستیی بەدواداچوونی ئاڵوگۆڕەکانی ئێران



**حەسەن شێخانی**

پرسە سیاسییەکان ئاڵۆز و چەند لایەنی و فرەرەهەندن. بۆ ئەوەی شرۆڤەیەکی نزیک لە واقیعمان لە سەر پرسێکی سیاسی هەبێ، دەبێ هەموو لایەن و ڕەهەندەکانی پرسەکە ببینین.

ڕوانین و خوێندنەوەی چالاکی سیاسی یان ئەندامی حیزبێکی سیاسی لەگەڵ ڕووناکبیر جیاوازی هەیە. چونکە توێژی یەکەم هەمیشە چاوێکی لە ئامانجە سیاسییەکەیەتی و لە شرۆڤەی پرسەکاندا ڕەچاوی کۆمەڵێک تێبینی و وردەکاریی سیاسی دەکا. بەڵام لێرەشدا دەبێ ڕێگە لەوە بگیرێ کە شرۆڤەی پرسەکان تەنیا لە سەر بنەمای دیتنی یەک ڕەهەند یان لایەنی ئەو پرسانە بێ؛ چونکە لەو حاڵەتدا شرۆڤەکە ناتەواو دەبێ، یان دبێتە شرۆڤەیەکی کاریکاتۆری یان لە خانەی شرۆڤە دەردەچێ.

بۆ ئەوەی شرۆڤەیەکی نزیک لە واقیعمان لە ئێران هەبێ، دەبێ ستروکتۆری کۆماری ئیسلامی، باڵەکانی نێو سیستم، ئاڵوگۆڕەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێران و هتد بناسین و بەدواداچوونی بەردەوامی بۆ بکەین.

حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کە لە دژی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەن، ڕووی سیاسەتیان لە ئێرانە و مەیدانی چالاکیی سیاسییان، ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، دەبێ لێکدانەوەیەکی بەرۆژیان لە سەر کۆماری ئیسلامی هەبێ، دەبێ بزانن دۆخی ئێستای ئەو ڕێژیمە چۆنە. بەم هۆیەیە کە دەبێ بەدواداچوونی بەردەوام و سیستماتیکی ئاڵوگۆڕەکانی ئێران، ڕیزبەندییە سیاسییەکان و ئاڵوگۆڕی نێو باڵەکانی ڕێژیم بکەن.

دۆخی ئابووری، یەکێک لە فاکتۆرەکانی کاریگەر لە سەر سیستمی سیاسییە. چالاک یان حیزبێکی سیاسی دەبێ بەردەوام خوێندنەوەی نوێی لە سەر دۆخی ئابووریی ئێران هەبێ، بەدواداچوونی ئەوە بکا کە ئەو دۆخە بەرەو باشتر بوون دەچی یان ڕۆژبەڕۆژ خراپتر دەبێ.

باڵەکانی نێو سیستمی کۆماری ئیسلامی، دابڕاو نین لە کۆمەڵگە؛ کەم و زۆر پاشخانی کۆمەڵایەتییان هەیە. پێویستە بزانرێ کە ئەو باڵانە چۆن خۆیان پێناسە دەکەن، چۆن خۆیان ڕێک دەخەن و بەرەوپیری هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەچن، بۆ ئەوەی شرۆڤەیەکی دروستتر لە کۆماری ئیسلامی و فەزای هەڵبژاردنەکان بەدەست بێ و پێش بینییەکانیش ڕاستتر لە ئاو بێنەدەر.

حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دروشمی ستراتیژیکیان لە چوارچێوەی ئێراندا پێناسە دەکەن، کەواتە ئەو ڕووداوانەی لە تاران ڕوو دەدەن، کاریگەری زۆری لە سەریان هەیە. کاریگەرییەک کە زۆر زیاترە لەو شتانەی کە لە هەولێر و کۆبانی و ئامەد ڕوو دەدەن. تازە ئەگەر ئەو حیزبانە ئامانجی سیاسییان بۆ سەربەخۆیی ڕۆژهەڵاتیش بگۆڕن، مادام لە ئێران جیا دەبنەوە، دەبێ بزانن لە ناوەند چ دەگوزەرێ و دۆخی سیستم بەرەو چ ئاقارێک دەڕوا؛ بۆ ئەوەی بە گوێرەی ئەمە ئامادەکاریی خۆیان بکەن.

ناکرێ لە دژی ئێران خەبات بکەی و ڕوو بە ئێران سیاسەت بکەی و لە چوارچێوەی ئێرانیشدا ئامانجی سیاسیی خۆت پێناسە بکەی، بەڵام کارت بەوە نەبێ کە لە تاران چ دەگوزەرێ. لێکدانەوەیەکی هەڵەیە کە دەگوترێ بەدواداچوونی کێشەی ناوەکیی ئێران نەکرێ، چونکە ئەمە پێوەندی بە ئێمەوە نییە. ئاشکرایە کێشەی ئەتۆمی لە هەر دوو حاڵەتی چارەسەر بوون و شکستهێنانی دا، کاریگەرییەکی زۆری لە سەر کۆماری ئیسلامی دەبێ.

بمانەوێ و نەمانەوێ کێبەرکێ لە نێوان باڵەکانی کۆماری ئیسلامی دا هەیە و لە پێناو دەسەڵات دا لەگەڵ یەکتر لە کێشمەکێش دان. مەبەست ئەوە نییە کە چالاک یان ئەندامی حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆن وەک یەکێک لە باڵەکان لە پرسەکان بڕوانێ. بەڵکوو ئەو، پێناسەی خۆی هەیە و خاوەنی سنووربەندییەکی فکری و سیاسییە و بۆ ئامانجێکی سیاسیی جیاواز و دیاریکراو تێ دەکۆشێ.

ئەندامی حیزبێکی سیاسیی ڕۆژهەڵات شرۆڤەی لە سەر پرسەکان دەخاتە خزمەت ئامانجەکەیەوە. بەڵام دەبێ ئەم کارە بە شێوەیەکی وردبینانە ئەنجام بدرێ، نابێ بە شێوەیەکی ئایدۆلۆژیک مامەڵە بکا؛ بەو مانەیە نابێ ئەو بەشانە لە واقیع، کە لەگەڵ هزر و ئامانجی سیاسیی ویدا نایخوێنێتەوە، نادیدەیان بگرێ.

ئەگەر لە ئەنجامی بەدەسەڵات گەیشتنی یەکێک لە باڵەکان، کرانەوەیەکی ڕێژەیی لە ئێران دا بێتە ئارا، دەکرێ ئەم کرانەوە ڕێژەییە دەرەتانێک بۆ خۆسازماندانی کۆمەڵگەی مەدەنی برەخسێنێ. چالاکیی مەدەنی و خۆسازماندانی کۆمەڵگە، پێویستیی بە لانی کەمیی کرانەوەی سیاسی هەیە. ناکرێ لە فەزایەکی بە تەواوی داخراودا، کۆمەڵگە خۆی ڕێک بخا و سازمان بدا. دیارە هەرچی کۆمەڵگە سازماندراوتر و ڕێکخراوتر بێ، دەتوانێ حکوومەت زیاتر ناچار بە پاشەکشە بکا.

ڕاستە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کێشەیان لەگەڵ تەواوییەتی سیستمی کۆماری ئیسلامی هەیە، بەڵام بەو مانایەی لە سەرێ ئاماژەی پێکرا، کرانەوەیەکی ڕێژەییش دەکرێ لە ڕاستای ئامانجی وان دا بێ. سیاسەت سفر و سەد نییە؛ بەو مانایە کە کەمتر لە سەد ڕەد بکرێتەوە. ئەگەر ئیمکانی جێبەجێ بوونی دەش هەبوو، بیستیش هەبوو، لە هەمانکاتدا کە نابێ ئامانجی سیاسیی خۆت لە بیر بکەی، بەڵام لۆژیکییە کە دە و بیستەکەش بە باش وەربگرێ و پشتیوانی لێ بکەی و بیکەیە قۆناغ و هاندەرێک بۆ دەسکەوتی زیاتر.

حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لەهەمانکاتدا کە لەگەڵ چالاک و ڕێکخراو و ئێن جی ئۆکانی نێوخۆ، دەتوانن دواجار لە بەرەیەک دا جێ بگرن، بەڵام پێناسە و گوتار و کارکردی دیاریکراوی خۆیان هەیە و، لەو ڕەهەندانەوە لە وان جیا دەکرێنەوە. حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەتوانن بە شرۆڤەیەکی هەمەلایەنەی ڕاستییەکان و، بە بەدواداچوونی بەردەوامی ئاڵوگۆڕەکانی ئێران، لە پێناو ئامانجەکانیاندا هەنگاو بنێن.

# سەحراروودی ئەو کەسە نەبوو پێ بنێتە سەر فەڕشی سووری کورد

ئاهۆ زێتا

رۆژی هەینی ٢٦ ی دێسامبری ٢٠١٤ی زایینی، هەیئەتێکی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیی ئێران بە سەرۆکایەتیی عەلی لاریجانی سەرۆکی پارلمانی ئێران لە چوارچێوەی سەفەرێکی چەند رۆژەدا بۆ عێراق، پاش سەردانی بەغدا، بەمەبەستی دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتە سلێمانی و پاشانیش سەردانی هەولێری پێتەختی باشووری کوردستانی کرد. لاریجانی و وەفدی هاورێی لەو سەفەرەدا لەگەڵ بەرپرسانی حکومی و حیزبیی هەرە پایەبەرزی باشووری کوردستان دیدار و چاوپێکەوتنی ئەنجام دا و هەردوولا ئەم سەردانەیان بە رووداوێکی گرینگ لە تۆماری پێوەندییەکانی نێوان باشووری کوردستان و کۆماری ئیسلامی لە قەڵەم دا.

ئەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی رەسمی و دانپێدانراوی سیاسی پێوەندیی رەسمیی لە ئاستی هەرە باڵادا لەگەڵ جیهانی دەرەوە و دەوڵەتانی دراوسێدا هەبێ، بەتایبەتی لە هەلومەرجی ئێستای ناوچەدا کە باشووری کوردستان نەخشی هەرە گرینگی لە شەڕ بەدژی داعشدا لەسەر شانە، نەک هەر شتێکی سروشتی و ئاسایی، بگرە پێویست و بەجێشە. کۆماری ئیسلامییش لەگەڵ ئەوەدا کە سیاسەتێکی دەغەڵکارانە و تێکدەرانەی لە ناوچەدا هەیە و رابردوویەکی دووروودرێژیشی لە سەرکوت و دژایەتی و پیلانگێڕی بەدژی گەلی کورد هەیە، لەبەر ئەوە کە دراوسێیەکی گرینگی هەرێمی کوردستانە لەو قاعیدەیە ئیستسنا نیە و بوونی پێوەندی لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئێران، تا ئەو کاتەی ئەو پێوەندییە بەزیانی بەرژەوەندییە گشتییەکانی نەتەوەی کورد یان لەسەر حیسابی بەشێک لە کورد نیە، شتێکی ئاساییە. تەنانەت لەبەر ئەوە کە کۆماری ئیسلامی رێژیمێکە کە لە ولاتی خۆیدا حاشا لە پرسی کورد وەک پرسێکی سیاسی دەکا و نەیارانەترین و نائیسانیترین سیاسەتی سەرکوت و تەبعیز بەدژی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بەرێوە دەبا، ئەوە کە بەرپرسانی هەرە پایەبەرزی کۆماری ئیسلامی لە دیدار و سەردانەکانیاندا بۆ هەرێمی کوردستان دان بە دامودەزگا شەرعییەکانی کورد دابنێن و بەرەسمی لەژێر ئاڵای کوردستان دابنیشن، جێگای سەرنج و بەقازانجی پرسی کورد بەگشتییە.

ئەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزەکانی ئەو بەشە لە کوردستان لەپێوەندییەکانیاندا لەگەڵ رێژیمێکی وەک کۆماری ئیسلامی بەچەشنێک مامەڵە بکەن کە ئەو پێوەندییانە بە قازانجی جێگە و پێگەی خۆیان تەواو بێ و زیانیشی بۆ بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی کورد لە تەواوەتیی خۆیدا نەبێ، بابەتێکە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لێپرسراوانی کورد لە باشووری کوردستان بۆخۆیان لێی بەرپرسیارن و هەروەک گوترا خودی دیدار و سەردانەکەی لاریجانییش بۆ هەرێمی کوردستان شتێکی ئاساییە. شتێک کە بەڵام ئاسایی و جێگای پەسند نەبوو، پێکهاتەی هەیئەتی کۆماری ئیسلامی و بوونی محەمەد جەعفەریی سەحراروودی لە ریزی هەرە پێشەوەی ئەو هەیئەتەدا بوو کە لانیکەم بۆ گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان وەک ناهەقی و ناڕەواییەک دێتە بەر چاو و سەرچاوەی پرسیار و گلەیی نیشتمانپەروەران و بەگشتی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە حکومەتی هەرێمە.

راستە کە سەحراروودی ئێستا رەئیسی دەفتەری سەرۆکی پارلمانی ئێرانە و بەو جێگە و پێگەیەشەوە کە وەک خەڵاتی خۆشخزمەتییە دژە ئینسانییەکانی رابردووی بە نسیبی بووە، سەیر نیە کە بۆ ئەو جۆرە سەفەر و سەردانانە یاوەریی عەلی لاریجانی بکا، بەڵام ئایا سەحراروودی ئەو کەسە بوو کە رێگای پێ بدرێ پێ بخاتە سەر فەڕشی سووری حکومەتی کوردی و ئایا ئیمکانی ئەوە نەبوو کە پێش بە بەشداریی ئەو لەو سەفەرەدا بگیرێ؟

سەحراروودی کە پێشتر یەکێک لە فەرماندەرانی سوپای پاسداران و پاشان جێگری ئەمنیەتی نێوخۆیی شورای عالیی ئەمنیەتی میللیی بووە، هەر ئەو کەسەیە کە لە جێبەجێ کردنی پیلانی تێرۆری رێبەری خۆشەویست و لێوەشاوەی حیزبی دێموکڕات، دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوودا نەخشی پلە یەکی گێڕاوە. بەو جۆرە کە لێکۆڵینەوە پۆلیسی و رۆژنامەوانییەکانی ئوتریشی ئاشکرایان کرد و بەپێی ئەو ئاکامگیرییەی لە کاسێتەکانی دوایین وتوویژی دوکتور قاسملوو لەگەڵ نێردراوانی کۆماری ئیسلامی دەکرێ، سەحراروودی هەم لە گفتگۆکاندا بەرپرسایەتییەکی پلە یەکەمی هەبووە، هەم بۆخۆیشی یەکێک لەو کەسانە بووە کە تەقەی لە دوکتور قاسملوو کردووە و راستەوخۆ دەستی لە شەهیدکردنیدا هەبووە. تەنانەت سەرباری هەموو ئەو سات و سەودایە کە پاش تێرۆرەکە مەقاماتی دەوڵەتی ئوتریش بە خوێنی دوکتور قاسملوو و کاک عەبدوڵڵا قادریی هاورێی‌یان کرد، رۆژی ٢٢ی دێسامبری ١٩٨٩ بەرپرسانی قەزایی و پۆلیسیی ئوتریش حوکمێکی جەلبیان بۆ سەحراروودی کە بۆخۆی لەکاتی تێرۆرەکەدا بریندار ببوو، دەرکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر پێشتر ناوبراو بەرەو تاران ئیسکۆرت کرابوو و بەهۆی هەموو ئەو کەین و بەین و شانتاژانەوە که لە مانگ و ساڵەکانی دوای تێرۆرەکەدا باڵی بەسەر پێوەندییەکانی ئوتریش و ئێراندا کێشا، ناوبراو هەرگیز رادەستی پۆلیس و راپێچی عەدالەت نەکرایەوە، بەڵکوو پاش گەڕانەوەی دەرەجەی سەرتیپیی سوپا و دواتریش کۆمەڵێک مەنسەبی بەناو سیاسی و مەدەنیی لەنێو دەزگای کۆماری ئیسلامیدا وەرگرت بەچەشنێک کە ئەمرۆ لەلایەن ئەو رێژیمەوە بێباکانە سەردانی ولاتانی دیکە و یەک لەوان هەرێمی کوردستان بکا.

بە حزووری سەحراروودی لەو سەفەرەدا نەک هەر دڵی برینداری خەڵکی کوردستان جارێکی دیکە کولایەوە، بەڵکوو بەم شێوە دەرکەوتن و پێشوازییە کە لەو سەفەرەدا بە نسیبی ناوبراو بوو، خەڵک و هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و لەنێو وانیشدا بەتایبەتی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕات ئەو هەستەیان تێدا دروست بوو کە شعور و غرووری ئازادیخوازانە و خەباتگێڕانەیان نادیدە و بەکەم گیراوە. ئەو حزوور و دەرکەوتنە زەق و رووهەڵماڵاوەی سەحراروودی لەو سەفەر و سەردانەی هەیئەتی کۆماری ئیسلامی بۆ هەرێمی کوردستاندا لەبەرئەوەی هەروەها بە مانای دەمەلاسکەی کۆماری ئیسلامی بۆ رابردووی خەبات و خوێندانی کوردی رۆژهەڵات و تەنانەت عیزەت و سەروەریی باشووری کوردستان بوو، دەتوانێ کاریگەریی خراپیشی لەسەر هەستی هاوسۆزی و هاوپێوەندیی نێوان دوو پارچەی کوردستان هەبێ و پەرە بە گومان و دڕدۆنگی لەنێو ماڵی کورددا بدا.

رەنگە لێرەدا ئەو پرسیارە بێتە پێش کە ئایا بەڕاستی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیمکانی ئەوەیان هەبوو کە پێش بە حزووری سەحراروودی لە سەفەرێکی لەم چەشنەدا بگرن؟ بەداخەوە دەبێ بڵێین وڵامی ئەو پرسیارە پۆزەتیڤە. لەلایەک، بەپێچەوانەی ئەو بیرۆکەیە کە لە ساڵانی پێشوودا باو بووە، ئەمرۆ بەهۆی هەلومەرجی نوێی ناوچە و مەوقعییەتێکی زۆر تایبەتی کە باشووری کوردستانی تێدایە و بەهۆی هاوکاری و پشتیوانیی دەوڵەتانی هەرە دەسرۆیشتووی جیهان لە حکومەتی هەرێم، ئەو حکومەتە کوردییە دەرەتانی ئەوەی هەیە کە لە پێوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ و یەک لەوان کۆماری ئیسلامییش نەک هەر بە قازانجی کورد لە باشوور بەڵکوو بە قازانجی کوردی پارچەی تری کوردستانیش کەڵک وەربگرێ، یا لانیکەم ئەوەندە کارتی فشاری بەدەستەوەیە کە پێش بەوە بگرێ کە لەو جۆرە حاڵەتانەدا هەست و غرووری کوردی پارچەیەکی دیکەی کوردستان بریندار بکرێ.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر لایەنی قانوونی و دیپلۆماسیی مەسەلەکەش، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامراز و تەکنیکی قانوونیی پێشگیری لە حزووری کەسێکی لەم چەشنەی لە هەیئەتێکدا کە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکا لەبەردەستدایە. لە سەردەمی ئەمڕۆدا نەک هەر هەرێمی کوردستان کە بەشێوەی دوفاکتۆ نیمچە سەربەخۆیە و مۆدێلێکی لە چەشنی خۆیدا بێوێنە لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندایە، بەڵکوو هەرێمە فێدراتیوەکانی دیکەی دنیاش لە چوارچێوەی ئەو چەمکەدا کە پێی دەڵێن «پاڕادیپلۆماسی» لە کردەوەدا زۆر لە تەکنیک و رێکارەکانی قانوونی دیپلۆماسی و کۆنسوولی لەپێناوی بەرژەوەندییە هۆوییەتیەکانی خۆیان بەکار دەبەن. یەکێک لەو تەکنیک و رێکارانەش چەمکی «پێرسۆنا نۆن گراتا» یان شەخسی نامەتلووبە، کە چ لە کاتی بوونی نوێنەرانی دائیمیی دەولەتێک لەسەر خاکی دەوڵەت و قەوارەیەکی تر و چ لە کاتی هەماهەنگی سەبارەت بە پێکهاتە و پرۆتۆکۆلی سەردانە دیپلۆماسی و کۆنسولییەکان، حکومەتی گەل یا ولاتی میواندار بۆی هەیە کە سەبارەت بە بوونی کەسێکی نەخوازراو لەنێو هەیئەتی دەوڵەتی میواندا تێبینی بداتە ئەو دەوڵەتە و کارێک بکا کە پێش لە هاتنی ئەو شەخسە نامەتلووبە بگیرێ.

بەدڵنیایی‌یەوە ئەگەر رێکخەرانی سەردانەکەی لاریجانی لە لایەنی کوردەکانەوە هەست و چاوەڕوانیی کوردەکانی رۆژهەڵاتیان لەبەرچاو گرتبا، نەک هەر خاڵێکی جێگای دڵخۆشی و شانازی لەسەر تۆماری عیزەت و غروور و هاوپێوەندیی نەتەوەیی کورد دەچەسپا، بەڵکوو کۆماری ئیسلامییش تەنیا لەبەر ئەو داوا و تێبینیەی حکومەتی هەرێم نەک هەر سەردانەکەی لاریجانیی هەڵنەدەوەشاندەوە، بەڵکوو بە چاوێکی دیکەوە سەیری حکومەتی هەرێم و بەگشتی ئیرادە و هەستیاریی نەتەوەیی کوردەکانی دەکرد.

لە سەردەمێکدا کە ئەوەندە باسی یەکگرتنی کورد و هاوپێوەندیی نەتەوەیی دەکرێ، زۆر گرینگە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک تاقە قەوارەی کوردیی دانپێدانراو و خاوەن جێگە و پێگەی ناوچەیی و نێودەوڵەتی ئاگاداری روانین و چاوەڕوانیی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بێ.

ئەگەر هەرێمی کوردستان بێگومان لە هەلومەرجێکدا نیە کە سەحراروودی دەسگیر بکا، لانیکەم دەیتوانی پێش بەوە بگرێ کە پیاوکوژێک بەو پرۆفایلە ناسراو و بێزراوەوە کە ناوبراو هەیەتی پێی پیسی بخاتە سەر فەڕشی سووری حکومەتی کوردی، سوور لە رەنگی رووباری خوێنی شەهیدانی رێی رزگاریی کوردستان، سوور لە رەنگی خوێنی دوکتور قاسملوو.




## له رۆژهەڵاتەوە...

# فەڕشی سووری کوردو چاوەڕوانیی کورد!



خالید محەممەدزادە

«سیاسەتی کوردی لە دۆخیکدایە ئامادەیە دەستەکانی لە گەڵ دەستەکانی هەموو شەیتانێک تێکەل بکات، بۆیە سەیر نیە گەر باوەش بە بکوژەکەی قاسملوو و بکوژی چەندان تێکۆشەری دیکەدا بکەن. دونیای سیاسەتی کوردی دونیایەکی تا بڵێی بۆگەنەو بەم زووانەش‌و بە ئاسانی لەو بۆگەنبونە پاک نابێتەوە«.

ئەو پاراگرافەی سەرەوە کاردانەوەی مەریوان وریا قانیع بەرامبەر بە پیشوازی لە جەعفەری سەحراروودی لە دوایین رۆژەکانی ساڵی (٢٠١٤)و سیاسەت لە باشووری کورستانە، خوێندنەوەیەکی واقیعی لە واقیعی سیاسەت لە باشووری کوردستان کە زۆرێک لە مرۆڤی رۆژهەڵاتی ئێمە تا ئێستاش ئەستەمە ئەم خوێندنەوەی پێ‌هەزم بکرێت، ئەگەرچی خۆی بووە بە قوربانیی ئەم واقیعە لە سیاسەتی کوردی.

ئاسانە تێ‌بگەین: پەیوەندیەکانی ئەم هەرێمە روو بە ئێران هیچ نیە جگە لە خۆشیرینکردن بەرامبەر بە حکوومەت‌و خو ناشیرینکردن بەرامبەر بە کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو رۆژهەڵاتیانەی کە زیاتر لە بیست ساڵە دروشمی پاراستنی ئەزمونی هەرێمی کوردستانیان گواستوەتەوە تا ئاستی پاراستنی بەرپرسانی ئەم سیاسەتە لە هەر رەخنەو نارەزایی دەربرینێک بەرامبەریان.

لێرەدا نامەوێ لە سەر ئەم واقیعە قسە بکەم کە سیاسەتی کوردی لە باشوور بەرامبەر بە کوردی بەشەکانی دیکەی کورستان بەرهەمی دەهێنێتەوە، بەڵام هیچ گومانی تێدا نیە کە بەشیکی ئەم هەجمەیە بۆ سەر رۆژهەڵاتی کوردستان کە میژوویەکی دێرینی هەیە، پەیوەندی راستەوخوی هەیە بەو روانینە رۆژهەڵاتییە کە کار لە سەر بە دەستەوەدانی خۆی بۆ چەند حیزب‌و چەند باڵێکی دەسترۆیشتووی نێو سیاسەتی کوردی لە باشووری کوردستان دەکات کە لە هەر زەمەنی خۆی لە حەوشەی خەلوەتی یەکیک لە ئەکتەرەکانی ئەم سیاسەتە بینیوەتەوە.

لەم سیستمە سیاسییە کە بنەماکانی لە سەر پاراستنی بەرژەوەندی کۆمەلیک گروپ‌و باڵی دەسترویشتوی نێو سیاسەتی کوردی داریژراوە نەک پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان‌و گەرانەوە بۆ دام‌و دەزگا هەڵبژاردەییەکان، ناکرێت لەوە زیاتر هەڵگری چاوەڕوانیی بین بەڵام پێموایە روانینی رۆژهەڵات بۆ باشوورو بە تایبەت بۆ سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان پێویستی بە دووبارە خوێندنەوەو دارشتنەوە هەیە، روانینیک کە تیادا حیزب میحوەری‌و حیزب دۆستی تا ئاستی بەئەندامبوون لەم حیزبانەی باشوور جێگەی خوی بدا به پشتگیری لە پرۆسەی دیموکراتیک‌و سیاسی باشوور بە جۆرێک کە رۆژهەڵات نەکرێت بە قوربانی خواستی کۆمەلیک حیزب لە باشوور.

ئەم هەوڵ‌و روانینە لە بێدەنگ کردنی تفەنگەکانەوە دەستی پێ‌کرد تا کارکردن بۆ توانەوەی هەموو وزەیەک لە رۆژهەڵات»لە پێناو ئەوی‌تر» بە بێ ئەوەی لە«ئەوی‌تر» حیسابێک بۆ ئەم باجدانە بکرێت‌و بە بێ ئەوەی ئەم باجدانە رۆلی پۆزەتیڤی هەبێت لە پرسی کوردبوون لە بەشەکانی دیکەی کوردستان.

سیاسەتی ئەم توێژە سیاسیەی رۆژهەڵات سیاسەتی دیفاع‌و پشتگیری لەم نوخبەیەی باشوور بووە تا ئاستی بە پیرۆزکردنیان بەرامبەر بە نارەزاییەکانی خودی باشوور لە سیاسەتی ئەم نوخبەیە‌و لەوێشەوە دریژکراونەتەوە بۆ چوونە نێو ململانێی حیزبەکانی باشورو باکوور لەراستای دیفاع لەم نوخبە حیزبیەی باشوور.

پەیوەندی ئەم نوخبەیەی رۆژهەڵات پەیوەندی نیە لە گەڵ دەزگا هەڵبژاردەییەکان باشوورو پشتگیری خەڵک‌و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوەندەی پەیوەندی بووە لە گەڵ دوو حیزبی خاوەن دەسەڵات، کە بە پێی دۆخی سیاسی‌و دارایی ئەم دوو حیزبە ئەم توێژە لە سەنگەرگواستنەوەی بەردەوامدا بوون لە نێوان ئەم دوو حیزبە.

خوێندنەوەی لایەنگرانەیان بۆ سەرهەلدانی داعش‌و هێرشی بۆ جەولەولاو شنگال، خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوبات‌و سەرهەڵدانی ئۆپۆزیسیۆن‌و ململانێی باشوور لە گەڵ باکوور، نارەزایی جەماوەری‌و... چەندین پرسی‌تر، ویستگەی بەرهەمهێنانی قەیرانی گەورەن لە تێگەیشتنی مرۆڤی رۆژهەڵاتی بۆ سیاسەت لە باشوورو پێمان دەڵێت ئەم توێژە لە چ روانین‌و لە چ خوێندنەوەیەکی کوشندە بەرامبەر بە باشوور دەژین کە ئەمەش کاریگەری هەبووە لە سەر پێگەی رۆژهەڵات لە باشوور.

لە دواجارو بە وتەی ویل دۆرانت:» هیچ شتێک بە قەد بچوککردنەوەی بەرامبەر وانە هەڵگر نیە. دوای بیست ساڵ روانینی خۆ بە دەستەوە دانی رۆژهەڵاتی بە ناو پاراستنی بەرژەوەندی باشوور لە نیو سیاسەتی کوردی لەو دیو سنوور، ئەو پەیامەی بە رۆژهەڵات داوە کە دەبێت بگەرێتەوە سەر هەمان رۆحی کوردستانی بوون لە سەر بنەمای رۆژهەڵات‌و چی‌تر ئەو ئیزنە بە هیچ لایەک نەدرێت بە تەحقیرەوە مامەڵەی لە گەڵ بکات. لەم دۆخەش کە هاتۆتە پێش بە پلەی یەکەم خودی رۆژهەڵاتییەکان بەرپرسن.

حۆسام حەیدەری:

# ناردنی «سەحرا روودی» پێش هەموو شتێک شکاندنی هەیمەنەتی هەرێمی کوردستان بوو

**وتوویژی رۆژنامەی کوردستان لەگەڵ حۆسام حەیدەری، ئەندامی ڕێکخراوی سەربەخۆی دیپلۆماتیکی جیهانیو ماموستای پەیوەندیەکانی دەرەوە لە کۆلێژی فره کلتوری (فینیسکا هێکوسکۆلاند) لە سوئێد**

**ئارەش لورستانی: بۆچی لەم قۆناخەدا کۆماری ئیسلامی کە تووشی قەیرانی نێوخۆیی و دەرەکی بۆتەوە ئەم حەساسییەتە لە نێو کورددا بەتایبەت کوردی رۆژهەڵاتدا دەوروووژێنێ؟**

**حۆسام حەیدەری:** بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە حوکمی ئەوەی کە میللەتی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بە زۆر بە مافەکانی خۆی گەیشتوە بەو حوکمەش خەباتی میللەتەکەمان لە رۆژهەڵاتدا چۆیە قۆناخێکی یەکجار حەساسو مەسئلەساز بۆ رژیمی کۆماری ئیسلامی- دیارە کۆماری ئیسلامیش بۆ بە چالش کێشانی ئەو مەسەلەیەو لە هەمان کاتدا دەزانێ کە هەرێمی باشووری کوردستان نوقتە قوەتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانەو گرینگی تایبەتی هەیە بۆ رۆژهەڵات، بۆیە رێژیم بەناردنی ئەو ترۆریستە- ئامانجێکی گرینگی پێکا، ئەویش ئەوەیە کە هەستی کۆمەڵانی رۆژهەڵاتی بریندار کردو ئەو هەڵەیە سەرکردایەتی باشووریشی تێکەوت. بمانەوێو نەمانەوێ بۆشاییەکی خستە ناو هەستی کۆمەڵانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانو ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان مەسەلەی کوردی لە لەحازی (نوقتە نیگای) جیهانییەوە زۆرتر بەرەو رووی دونیای دەرەوەی ناساندو مەسەلەی کوردی کرد بە مەسئلەیەکی جیهانیو لە هەمان کاتیشدا میدیای جیهانی کە رۆڵی پاراستنو پەرەپێدانی ئازادیو دێموکراسی لە جیهاندا بە ئەستۆیە، رۆڵێکی بەرچاوی لە ناساندنی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی معادلاتی ناوچەییدا بە جیهان ناساند. کاتێک کە باسی کۆبانێ دەکرێت، بۆ هاووڵاتیانی دونیای ئازاد، مەسەلەی کورد بە تەواویەتی هەر چوارپارچەکە چاوی لێدەکرێت- ئەم یەک گرتنەوەی نیشتمانییە کە لە نێو میللەتی کوردستاندا لە چوارپارچەکە پێک هاتووە- چوارچێوەی سنووری حیزبایەتی، تێپەڕاندووەو جبهەیەکی نیشتمانی بە خۆیەوە گرتووە. هەستێکی نەتەوایەتی کە لە کوردستاندا پێک هاتووە پرسیاری لە چوارچێوەی سەربەخۆیی (ساورنیتی) وڵاتانی ناوچەکە کە کوردستانی داگیر کردوە، تێپەڕاندو ئەو پرسیارەی کە نابێ لە ئۆمووری وڵاتاندا دەخالەت بکرێت تێک شکاند. ئێستا ئەو پرسیارە پاش شەڕی مەسەلەی چوارچێوەی ساورنیتی موتلەق کە هیچ دەوڵەتێک نەتوانێ دەخالەت لە ئۆمووری دەوڵەتێکی سەربەخۆی تردا بکات تێک شکاوەو مەسەلەی هێرش کردنە سەر هەر ناوچەیەک یا میللەتێکی بێدەرەتان وڵام دانەوەیەکی توندی جیهانی بەدوای خۆیدا دەهێنێتو ئەو چوارچێوەی موتلەقی ساوێرنێتیە دەوری قانوونی خۆی لەدەست داوە. هەروەها کە ئاگادارن کە بڕیاری شورای ئەمنییەت لەسەر «فلای فریزون»، ناوچەی دژە فڕین لە باشووری کوردستانو بۆسنیاو کۆسۆڤۆ دەرچوو، ئەو چوارچێوەی تێک شکاند. ڕێژیمی ئێران کە توانیویەتی بەرپەرچی زۆربەی تەحریمەکانی جیهانی بە هۆی مەنزوومەیەکو ئێرتباتاتێکو نفوزێک کە پێکی هێناوە تا رادەیەکی زۆر تێک بشکێنیت. (ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی ئیستراتژیکی دووربینی خۆیدا، تا ڕادەیەکی زۆر بە دروست کردنو مەحکەم کردنی پێگەی خۆی لە دروست کردنی (هیلالی شیعە) لە ناوچەکەدا تا مەرزەکانی سعوودیە کە ڕابەرایەتی دونیای (سوونە) دەکات پێش کەوێت. لەو چوارچێوەدا ئێران- کوردستانی باشوور لەو چوارچێوە ئیستراتژیکە (بەبێ لەبەرچاو گرتنی جیاوازی مەزهەبی)دا دەبینێتو هەروەها لە وەڵامی پرسیارەکەدا، بۆچی ئێران- کە لە ناردنی ئەو هێیئەتە دیپلۆماسیەدا بۆ ناوچەکەو تەرکیبی ئەو وەفدەو پێشتریش کە سەردانی وڵاتی تریان کردبووەو ئاگاهانە بە پێی کۆنواسیۆنی پێوەندیەکانی نێونەتەوەیی وییەن کە هەر هەیئەتێکی دیپلۆماسی کە سەردانی وڵاتێک دەکەن لیستی بەشدارانی ئەو وەفدە پێشتر بە وڵاتی میواندار ڕادەگەیەنن- وڵاتی میواندار پاش چاوپێخشاندن بە لیستەکەدا. وڵامی میوانەکانو بەخێر هێنانی میوانەکان دەکەن.

بەداخەوە پێوەندی نێوان حکوومەتی خۆجێی کوردستانو حکوومەتی ئێران لە چوارچێوەی پرۆتۆکۆلی دیپلۆماسیدا ناگونجێت. ئێران پەیوەندیەکانی لەگەڵ حکوومەتی خۆجێی کوردستاندا بە شێوەیەکی ئەمنییەتیو لە چوارچێوەی ئەمنییەتی سنوورەکانی خۆیدا دەبینێت. ئەگەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە لەحازی قانوونی بنەڕەتی عێراقدا وەکوو هەرێمێکی فیدراڵ دانی پێدانراوە. بەڵام حکوومەتی مەلاکانی تاران بەو شێوەیە چاو هەڵسوکەوتی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمدا ناکەن- سەردانی ئەوان وەکوو سەردانی پارێزگای کرمانشان پارێزگای سنەو ورمێ دەبینن.

**ئارەش لورستانی: ئایا سەفەری سەحراروودی بۆ باشووری کوردستان لەپێناو لاوازکردنی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی روحانییە لە لایەن ئوسولگەراکانەوە، یان ئەو چاوپێکەوتنە بە هاوئاهەنگی دەولەت و مەجلیس ڕێکخراوە؟**

**حۆسام حەیدەری:** بۆ ئاگاداریتان تەواوی سیاسەتەکانی دەرەوەی ئێران لە چوارچێوەی بەیتی رەهبەری بە موشاورەتی جەنابی (ولایەتی – قاسم سولەیمانی- رەحیم سەفەوی)وە ئاغای بەغدادی کە جێگری وەزیری دەرەوەی ئێرانو بەرپرسی فایلی عێراق لە وزارەتی دەرەوەی ئێراندا تەنزیمو بەڕێوە دەبردرێت. هاتنی ئەو هەیئەتەو ناوەکانیان بە وەزارەتی دەرەوەی عێراقو حکوومەتی هەرێمی درابوو.- بە ئاگاداری رووحانیو کولیەتی نیزام بڕیاری لەسەر درابوو ئەوە هیچ جیاوازیەک لە نێوان باڵی ڕووحانی یان ئیسلاح تەڵەب یا باڵی خامەنەیی و بناژۆخوازدا لەوبارەیەدا نەبووە.



**ئارەش لورستانی: ئایا بەرپرسانی هەرێمی کوردستان یەکیەتیی نەتەوەیی فیدای بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆیان دەکەن، یان کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە ئامانجێکی تایبەت دەپێکێ؟**

**حۆسام حەیدەری:** بەداخەوە حکوومەتی خۆجێی کوردستان دوای چەندین ساڵ لە حوکمڕانی هێشتا بڕوابەخۆ بووەی تێدا بەدی ناکرێت. هەموو دەزانین کە حکوومەتی ئێران بە هەموو کەمو کورییەکانیەوە یەکێک لە کاریگەرترین حکوومەتەکانی ناوچەیە ناردنی شەخصی «سەحرا روودی» پێش هەموو شتێک شکاندنی هەیمەنەتی هەرێمی کوردستان بوو. حکوومەتی ئێران بە ناردنی ئەو هەیئەتە - یەکیەتیی نەتەوایەتی- و دڵسۆزیو هاوپەیمانی نێوان ڕیزەکانو بەشەکانی کوردستان کە پێک هاتووە، دووچاری درز کردووەو توانی دووبارە لە ڕێی سیاسی- ئیخلاقی عاتفی – ئەو مەرزە دەست کردانەی داگیرکەران لە کوردستان دیسان دای بنێنەوە- و دڵشکاندنی زۆر لە نێو کوردانی باکوورو رۆژهەڵاتو باشوور بە نیسبەت هەرێمی کوردستان- و لەم ڕێگەیەشەوە توانی ئەو پەیوەندیە نیشتمانیە تێک بشکێنیتەوە. لێرەدا خاڵێک هەیە کە بۆمن جێگەی سەرنجە، ئایا حکوومەتی هەرێمی کوردستان خۆی لە چوارچێوەی ئیستراتژیکی لەرزۆکی- تێکەڵاو لەگەڵ تیرۆرو تۆقاندن دەبینێتەوەیان لە چوارچێوەی دونیای ئازادو دێموکراسیو هاوپەیمانی نەتەوەیی.

**ئارەش لورستانی: بە بڕوای بەڕێزتان ئەو کارەی کۆماری ئیسلامی ئێران و دژکردەوە هەرێمی کوردستان چ کاریگەرییەکی لە سەر رۆژهەڵات، بەتایبەت لاوان دەبێ؟**

**حۆسام حەیدەری:** بە ڕاشکاوی دەتوانم بڵێم کە کوردی رۆژهەڵات ئەو هیوایەی کە بە حکوومەتی هەرێمی کوردستانی هەبوو- لە دەست داوەو ئیتر لە چوارچێوەیەکی نیشتمانیدا چاوەڕوانی پاڵپشتی رۆژهەڵاتی بۆ هەر هەنگاوێکی سەربەخۆ-و پاڵپشتی سیاسیو مەعنەویو مادی کوردانی رۆژهەڵاتو باکوور تاڕادەیەکی زۆر لەکیس داوە. بەداخەوە هەموو جارێک مێژوو لە ناو کورداندا دووپات دەبێتەوە. سارێژ کردنی ئەو پێشوازییە زۆر دەخایەنی کە کوردی رۆژهەڵات لەبیری بەرێت. ئەوەش بزانن کە ئێمە وەک کوردی رۆژهەڵات ٢٥ساڵە تەواوی بەرژەوەندی خۆمان لە پێناوی باشووری کوردستاندا فیدا کردوە.

**ئارەش لورستانی: بە سەرنجدان بەوەی کە شەهید د.قاسملوو یەکێکە لە شوێندانەرترین ڕێبەرانی گەلی کوردە کە خەباتی بەرەو پێش بردوە، بە بڕوای ئێوە پارتەکانی چوار پارچەی کوردستان چ بەرپرسایەتییەکان هەیە لە بەرابەر ئەو کردەوانەو بۆ بەرگری لە دووپات نەبوونەوەی ئەم چەشنە کردارانە دەبێ چ بکەن؟**

**حۆسام حەیدەری:** لەبیرمان نەچێ دەسکەوتی ئێستا لەژێر ماندووبوونی دیپلۆماسی شەهید دوکتوور قاسملوو و تەسیراتی لەسەر میترانو شاگردەکانی «بێرنارد کۆشنیر- دوکتور گرانژون«و دیپلۆماتو سەرۆکانی وڵاتانی ئوروپا «ویل برانت، کراکسکیە»و ناساندنی مەسەلەی کوردو نێونەتەویی کردنی ئەو قەزیەیە لە لایەن شەخسی دوکتوور قاسملووەو هەر ئەو تەئسیرەش بوو کە میتران مەسەلەی دژە فرینی بردە شورای ئەمنییەتی سازمانی میللی موتەحیدەوە.

**ئارەش لورستانی: لە کۆتایی دا ئەگەر پێتان وایە بابەتێک هەیە نەوترابێ، بفەرموون.**

**حۆسام حەیدەری:** هیوادارم کە بەرژەوەندی کاتی نەکەینە قوربانیی بەرژەوەندی ئیستراتژیکی نەتەوەی کورد لە هەر چوارپارچە. سەرکەوتنی هەر پارچەیەک لە کوردستان بێشک تەئسیرگوزارە لە بەشەکانی ترداو ئەوەشمان لەبیر نەچێ تکا دەکەم لە سیاسیەکانی کوردستان جارێکیتر بە وردی پرۆسەی Constaructive chauf کە لەلایەن خانمی کۆندالیزارایسو بە چاودێری ڕاستەوخۆی پێنتاگۆن بۆ ناوچەکە (ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) دارێژراوە.

ئێمە هەرچەند دڵنیگەرانو دڵشکەستەین لە ڕێبەرایەتی کوردستانی باشوور بەڵام هیچ کات بەرژەوەندی نیشتمانی خۆمان ناکەین بە قوربانی پیلانگێری دوژمنانو داگیرکەران، پاراستنی بەرژەوەندیی حکوومەتی هەرێم بە ئەرکی نیشتمانی تاکی کورد لە رۆژهەڵات- رۆژئاوا- باشوور و باکوور دەبینین.

---

# وتوویژی رۆژنامەی کوردستان لەگەڵ کاوە ئاهەنگەری ئەندامی کومیتە ناوەندی حدک سەبارەت بە «یەکێتی بۆ دێمۆکراسی لە ئێران (UDI)»



**لە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان گوڵاڵە شەرەفکەندی و ئێوە بۆ شورای سیاسەتگوزاری ‹› اتحاد برای دمکراسی در ایران ‹› (UDI) بانگهێشت کراون، دەکرێ چۆنێتی بەشداریتان لەم ڕێکخراوەیەدا بۆ خوێنەران باس بکەن؟هەروەها کورتەباسێک لە سەر UDI بۆ ئەوەی خوینەران زیاتر لەگەڵ ئەم ڕێکخراوەیە ئاشنا بن؟**

لە چەند ساڵی رابردوو بەشی پێوەندییەکانی حدک لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات چالاک بوون و بە حزووری خۆیان لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا، توانیویانە سرنجی کەسایەتی و ڕێکخراو حیزبە سیاسییەکانی ئێرانی لە تاراوگە بۆ لای حدک رابکشێن. بە تایبەت لە چەند ساڵی رابردوو چەند کۆنفرانس و کۆبوونەوەی جێی سرنج و هەستیار لە دەرەوەی وڵات بەڕێوەچوون کە هەیئەتی بەشی پێوەندییە ئێرانییەکانی حدک بانگهێشت دەکران ، هەر بۆیە لە چەند مانگی رابردوودا هەیئەتی دەبیرانی UDI نامەیەکی بۆ هاورێ گوڵاڵە شەرەفکەندی و من نارد بۆ بەشداریمان لە شورای سیاسەتگوزاری UDI. دیارە ئێمە بەڵێنی هاوکاریمان داوە بەڵام هێشتا هەندێک مەسەلە هەن کە پێویستە زیاتر قسەی لەسەر بکەین و بە دوای روونبوونەوە و ڕێکەوتنێکی هەمە لایەنە ئێمەش بڕیاری کۆتایی خۆمان دەدەین.

UDI ڕێکخراوێکی چەترییە کە لە کۆمەڵێک کەسایەتی سیاسی بە بیروبۆچوون و پێشینەی جیاوازەوە نزیک بە دوو ساڵ لەوە پێش لە دەرەوەی وڵات پێک هات. یەکەم کۆبوونەوە کە چەخماخەی ئەم پرۆژەیەی لێدا، کۆنفرانسی لەندەن لە لایەن ناوەندی موتالا و لێکۆڵینەوەی ئێران و عەرەب بوو. بە دوای ئەودا لە کۆنفرانسی ستۆکهۆڵمی یەکەم( ٤ و ٥ی فوریەی ٢٠١٢) کە بە میوانداری و هاوکاری بنیاتی ئۆلاف پالمەی سوئێدەوە بەرێوە چوو، UDI دامەزران و دەستپێکی کارەکانی خۆی ڕاگەیاند. دواتر لە بروکسێل و پراگ و دیسان لە ستۆکهۆڵم (٢) کۆنفرانسی بەرێوەبرد. ئاخرین کاری UDI بەشداری وهاورکاری لە بەرێوەبردنی فۆرومی نێونەتەوەیی مەدیتەرانە لە فلۆرانسی ئیتالیان بوو(١٨ ی ڕەزبەر٢٠١٤). بنەمای سیاسی ئەم پێکهاتەیە لە دوو درووشمدا کۆ کراوەتەوە: بەرێوەچوونی هەڵبژاردنی ئازاد و خەباتی دوور لە توندو تیژی.

**ئایا ئێوە وەک نوێنەری حیزب بانگهێشتکراون ؟ ئەگەر دەکرێ چۆنێتی حزوورتان لەوێ باس بکەن؟**

لە ئەساسنامەی UDI دا هاتووە کە هەر کەس بە سفەتی تاک بەشدارە لە UDIدا، بەڵام حزووری نوێنەران و بەرپرسانی حیزبی توانیوێتی قورسایەکی زیاتر بدا بە UDI، لە دەرکەوتنەکاندا دەبینین کە هەم کەسایەتییە سەربەخۆکان و هەم نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوەکان بالانسێکیان لە نێو UDIدا پێک هێناوە، دیارە مکانیزم و چۆنێتی پێوەندی ئۆرگانیکی ئەم دوانە لە نێو UDIدا جێگەی باسە و لە داهاتوودا یەکلایی دەبێتەوە. ئێمەش کە بانگکراوین بێگوومان وەک تاک بەشدارین بەڵام نوێنەرایەتی بیروبۆچوون و سیاسەتەکانی حیزبیش دەکەین.

**چ وەک یەکچوون و چ جیاوازییەک لە نێوان سیاسەت و بەرنامەکانی حدک و UDI دەبینن؟**

پێویستە دووپات و تەئکید بکەمەوە کە UDI ڕێکخراوێکی چەترییە کە لە لایەند چەند کەسایەتی سیاسی ئێرانییەوە پێکهاتووە کە هەموویان لە سەر دوو خاڵ ڕێک کەوتوون. بەڵا حیزبی دیموکراتی کوردستان حیزبێکی لەمێژینە و خاوەن پێشینە و ڕێبازێکی تایبەتە و بەرنامەو ئەساسنامەی حدک تایبەتە بە خەباتێکی میللی دێموکراتیک بۆ هەرێمێک بە ناوی کوردستان. بۆ دەتوانم بلێم کە سیستەم و مکانیزمی کار و چالاکی و تێکۆشانی ئەو دوانە لێک جیاوازن. لە باری سیاسیشەوە لە ئاماج و ستراتیژیدا جیاوازی هەیە، بۆ وێنە ستراتیژی حدک دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیک و فیدراڵدایە، بەڵام ستراتیژی UDI بەرێوەچوونی هەڵبژاردنی ئازادە. ئەوە هەرچەند لە لایەکەوە باس لە جیاوازی دەکات، بەڵام لە لایەکی دیکەوە وەک یەکچوونێکیش دەردەخات، بە واتایەکی دیکە حدک پێشوازی لە هەڵبژاردنی ئازاد لە ئێراندا دەکات و خەباتی بێ توندوتیژیش بەشێکە لە بنەما فەلسەفییەکانی پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان. بۆیە دەکرێ سیاسەتەکانی UDI لە نێو بەستەر و بنەما و فەلسەفەی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ببینینەوە.

**ئایا حدک لە بەرنامەی دایە کە لەگەڵ UDI هاوکاری درێژە بدا؟**

ئەم بڕیارە دەگەڕێتەوە چۆنێتی هاوکاریمان لە داهاتووی دوور و نزیکدا. UDI هەندێک پێداچوونەوە و پەرەپێدانی بەدەستەوەیە و ئێمەش چاوەڕێ دەبین بزانین چۆن دەتوانین هاوکاری ئەم ڕێخکراوە چەترییە بکەین. بڕیاری کۆتایی بە دەست ڕێبەریی حدکەوەیە.

# چەقۆی پیسی «نامووسپەرەستی» سیمای ئازادیخوازیو ئینساندۆستی کورد خەوشدار دەکا!



کوێستان فتوحی

بە پێی هەواڵێک کە لە ماڵپەڕە کوردییەکان‌دا بڵاو بۆتەوە، رۆژی ١٢ی بەفرانباری ئەمساڵ کچێکی تەمەن ١٩ ساڵە بەناوی سروە خەڵکی ناوچەی دیوالانی شاری سنە، لەلایەن برایەکی خۆیەوە بە قەستی کوشتن، بەچەقۆ هێرشی دەکرێتەوە سەر و بە توندی بریندار دەبێ.

سروە بەهۆی کێشەو فشاری بنەماڵە ماوەیەک بووە لە ماڵەوە ڕایکردووە و چووبووە شاری سنە، بەڵام لەوێش لە ئەمان‌دا نەبوو و براکەی بەدوایەوە بوو تاکوو بەناوی سڕینەوەی ئابڕووی بنەماڵە گیانی لێ بستێنێ! سەرنجام چەقۆی پیسی شەرەف سروەی نیوە گیان کرد و ئێستا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری سنە لە ژێر چاوەدێری پزیشک دایە.

کوشتنی ژنان لە ژێر ناوی «پاراستنی نامووس» دڕندانەترین توندوتیژییە دژ بە ژنان کە کەبەداخەوە لە هێندێک لە ناوچەکانی رۆژهەلاتی کوردستان چەند ساڵێکە لە حالی پەرەسەندن دایە.

«نامووس» بە مانا و پێناسەی کەلتووری کۆمەڵگەی ئێمە، ساڵانە چەندان جینایەتی لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان لێ‌دەکەوێتەوە کە بەداخەوە کوردستانی ئێمەش بێبەش نیە لەم نەریتە گڵاوە.

پێناسەی شەرەف و نامووس و غیرەتی پیاوان لە کەلتووری دواکەوتوانەی هێندێک لە ناوچەکانی کوردستان‌دا خۆی لە داوێنی مێینەکانی بنەماڵەدا دەبینێتەوە و نامووس وەک کەرەسەیەک بۆ کۆیلەکردنی ژن هەموو کات کەڵکی لێوەرگیراوە، هەربۆیە لەم ساڵانەدا ناوبەناو شاهیدی هەواڵی دڵتەزێنی کوشتنی ژنان لەژێرناوی نامووسپاریزی لە کوردستان دەبین.

ژنکوژی بە پاساوی شەرەفپارێزی جینایەتێکی ئاشکراو دژی ئینسانییە و نابێ چاوپۆشیی لێ‌بکرێ. ژنی کورد مێژوویەکی پڕشنگداری لە خەباتی ئازادیخوازی‌دا هەیە، نابێ رێگە بدرێ ئەم مێژووە کە لوتکەکەی لە شەڕی بەرگری کۆبانێ‌دا خۆی نیشانی جیهانیان‌دا، خەوشدار بێ.

**هەموو پیاوان ژنکوژ نین، بەڵام هەموو پیاوان دەتوانن دژی ژنکوژی بن!**

لێرەدا من ناچمەسەر ئەرکی دەسەڵات و دامودەزگاکانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە پێناو کەمکردنەوەی «جینایەتی نامووسی»، چونکە کۆماری ئیسلامی بۆخۆی رێخۆشکەری کەلتووری نامووسپارێزییە و هیچ چاوەڕوانییەکی لێ‌ناکرێ کە لەم پێناوەدا هەنگاوێکی جیددی و ئینسانی هەڵێنێتەوە. بۆیە تەنیا یەک رێگەمان لەبەر دەم دایە، ئەویش خۆمان دەبێ لەخەمی کۆمەڵگەی خۆمان‌دا بین.

بەداخەوە پێشکەوتوویی لە کۆمەڵگەی کوردستان‌دا کورتکراوەتەوە بۆ هێندێک ژێستی مەدەنی بوون رووناکبیر بوون، بێ ئەوەی باوەڕێک لە پشت ئەو ژێستەوە بێ! بۆیە زۆر جار رووناکبیران و نووسەران‌و نەسڵی نوێ کە ئاوڕ لە مەسەلەی شەرەف و نامووس دەدەنەوە، بە فکر و بۆچوون و دابونەریتی عەشیرەیی و یان بە عەقڵیەتی نەسڵەکانی رابرووی دەبەستنەوە، لە حاڵێکدا پرسیار ئەوەیە ئەی ئەمرۆ بۆ روودەدا؟ ئایا ژنکوشتن ئەمرۆ لە کوردستان هەمان زیندووکردنەوەی ئەو عەقڵیەتە نیە؟ کەوایە رووناکبیران‌و نەوەی نوێ بۆ لە ئاستی‌دا دەستەوەستانن؟ دەبێ بڵێم بەداخەوە نەسڵی نوێش بە مەسەلەی «نامووس» و «شەرەفپاریزی» هەستیارن و زۆرجار توندوتیژییەکان دژی کچ‌و ژنانی بنەماڵە لە لایەن ئەم نەوە نوێیەوە رووی داوە.

بۆ ئەوەی مێژوو ئەم دیاردە دژی ئینسانییە لەسەر کورد تۆمار نەکا، پێویستە هەموو پیاوان بە ئەرکی نیشتمانی و ئینسانی خۆیانی بزانن و بۆ کۆتایی هێنان بە جینایەتی «ناموسپارێزی» لە بەرگی ژێست گرتن بێینەدەرو شۆڕشێکی ڕاستەقینە لە دژی کوشتن و ئازاردانی ژنان لە ژێر ناوی»نامووسپارێزی»دا وەڕێ بخەن و چی دیکە ئەم ریسواییەی پیاوانی هاورەگەزیان قەبووڵ نەکەن. بێگومان کار کردن لە پێناوی سڕینەوەی ئەم بیرکردنەوەیە، لەنێو کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی - نەریتی‌دا، پرۆسەیەکی ئاڵۆزو دژوارە، بەتایبەتی کە دەسەڵاتی وڵاتەکە خۆی تاسەر ئیسقان پیاوسالار بێ‌و بەناوی سەروەری‌و پیرۆزییەکان، زۆر لە کێشەکان پشت گوێ بکا. بەڵام ئێستا کاتی ئەوە هاتوە پیاوان ئەو شەرمەزارییە لە لاپەڕی ژیانی خۆیان بسڕنەوەو چی دیکە بەناوی ئەوەی ژن کێشەی خۆیەتی و دەبێ خۆی چارەسەری بکا، خۆ لەم خەباتە ئینسانییە نەدزێتەوە.



**بۆ ئەوەی مێژوو ئەم دیاردە دژی ئینسانییە لەسەر کورد تۆمار نەکا، پێویستە هەموو پیاوان بە ئەرکی نیشتمانی و ئینسانی خۆیانی بزانن و بۆ کۆتایی هێنان به جینایەتی «ناموسپارێزی» لە بەرگی ژێست گرتن بێینەدەرو شۆڕشێکی ڕاستەقینە لە دژی کوشتن و ئازاردانی ژنان لە ژێر ناوی»نامووسپارێزی»دا وەڕێ بخەن و چی دیکە ئەم ریسواییەی پیاوانی هاورەگەزیان قەبووڵ نەکەن.**

---

**درێژەی:**

## حکوومەتی ئیسلامی و ڕووبەڕووبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکرات، ڕادیکالیزم، ڕیفۆرمیزم یان لیبڕالیزم؟

بەتایبەت لە بارودۆخێکدا کە بەشێوەیەکی ڕەها بواری هیچ چەشنە چالاکییەکی سیاسیی حیزبی لەئارادا نەبێ و ڕێژیمی حاکم بە توندوتیژترین شێوە خەریکی تواندنەوە و لەناوبردنی فیزیکی و وەلانان بێ، ئەم حیزبانە ناتوانن سیاسەتێکی جیا لە ڕووخاندنی بەتەواوەتی ڕێژیم بگرنەپێش، ئەگەر نەیانەوێ دەنگ بە توانەوەی خۆیان بدەن.

لە بنەڕەتدا کار و ئەرکی ئۆپۆزیسیۆن فۆرمۆڵەکردنی کەموکوڕییەکان، نادادپەروەرییەکان و لادانەکانە، بە بەردەنگ دانانی خاوەن دەسەڵاتەکان بە دەنگی بەرز و خستنەڕووی ڕێگەچارە و ئاڵترناتیڤەکانە. بێجگە لەمەش، ئۆپۆزیسیۆن بۆ ڕاکێشانی بیروڕای گشتی دەبێ حاڵەتی وروژاندن و هێرشبەرانەی هەبێ نەک بەشێوەی بەرگریکارانە هەڵسوکەوت بکا. ئەرکی ئۆپۆزیسیۆن بەهەرحاڵ بڵاوکردنەوەی حەبی خەوهێنەر نیە، وروژاندنی حەساسییەت و پاڵنەرەکانە. چەندین جار لە زمان نوێنەرانی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی ئورووپام بیستووە کە لە وڵامدانەوەی ئەو پرسیارە کە ئۆپۆزیسیۆن، حکوومەت بەم و بەو تۆمەتبار دەکەن و بۆچوونیان چۆنە، گوتوویانە: «ئەمە ڕێتۆریک و زمانحاڵی ئۆپۆزیسیۆنە. ئێمەش ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن بووایەین، هەر ئەو کارەمان دەکرد.» کەواتە تەنانەت نوێنەرانی حکوومەت، ئۆپۆزیسیۆن بە «ڕادیکاڵیزم» تۆمەتبار ناکەن، بەڵکو گرنگیی ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنیی ئەوان و واقیعییەتی قسەلەڕوویی ئەوان بەبیر دێننەوە. بەهەرحاڵ نەتەنیا هیچ کەس چاوەڕانیی لە ئۆپۆزیسیۆن نیە بەرنامەکانی فەرامۆش بکا، بەڵکو ڕاست بەپێچەوانەوە، چاوەڕوانیی ئەوەیە کە جیاوازیی ڕوانگە و بەرنامەیی ئۆپۆزیسیۆن و حکوومەت بەتەواوەتی ڕوون و ئاشکرا بێ و ئەم جیاوازییە بە وتەیەکی زۆر ڕوون لە چوارچێوەی ڕەتکردنەوەی لێبڕاوانەی سیاسەت و کردەوەکانی حکوومەت دێتە سەر زمان. لە غەیری ئەوەدا هۆکارێک بۆ هەڵبژاردنی ئۆپۆزیسیۆن لە هەڵبژاردنەکانی دواتر لەئارادا نابێ. دواهاتی دیکەی وەها بارودۆخێک پەرەسەندنی کەمتەرخەمی و بێ‌موبالاتی سیاسی لە کۆمەڵگەدا دەبێ و ئەمە بۆ سڵامەتیی مەعنەوی و سیاسیی کۆمەڵگە بە ژەهر لەقەڵەم دەدرێ. کەواتە لاوازیی ئۆپۆزیسیۆن و گوتاری پەسیڤانەی هاوواتایە بە لاوازیی کردەوە و هۆگریی سیاسی لەنێو کۆمەڵگە و خەسارهەڵگربی دێموکراسی.

لەپێوەندیی لەگەڵ «لیبرالیزم»یش لەوانەیە بیرهێنانەوەی ئەم خاڵە بەس بێ کە بەپێچەوانەی بۆچوونی باو لە ئێراندا لیبراڵ بوون بەواتای قایمکاری و کۆنەپارێزیی نیە. لە ئێراندا گرووپگەلێک بە ساختەیی بە «لیبراڵ» ناسێنراون کە لەلایەک ناسیۆنالیست و لەلایەکی دیکە مەزهەبی و لەگەڵ ڕێژیمی تئۆکراتیش هەمیشە موداراپان کردووە، لەحاڵێکدا ناسیۆنالیزم و تئۆکراتیزم لەگەڵ جەوهەر و ناوەڕۆکی لیبرالیزم نامۆن. لەگەڵ ئەمەشدا لیبراڵ بوون بەهیچ شێوەیەک بەو واتایە نیە کە ناتوانرێ لایەنگری گۆڕانکارییە بنەڕەتی و سەرەکییەکان بێ. واتا و مەرجە سەرەکییەکانی لیبراڵ بوون ئازادیخوازییە، بەرگریی لە ئازادیی حیزبەکانە، داکۆکیی لە مافەکانی کەمینەکانە، خەبات بەدژی دەسەڵاتدارێتیی دەوڵەتی و بەرگریی لە سەربەخۆیی و ئازادیی تاکەکەسییەکان و بیاڤی گشتیی لە بەرامبەر ئەودایە. بەرگریی لە مافەکانی ژنانە و بەتایبەت بەربەرەکانی دەگەڵ دەستێوەردانی ئایین لە ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵک و پێکهاتەی حکوومەتییە. بەواتایەکی دیکە ناتوانرێ لە ئێراندا بەرگریی لە لیبرالیزمی حقووقی و تەنانەت ئابووری بکرێ، بەڵام خوازیاری لەناوبردنی سیستەمی سیاسیی تئۆکرات و ئازادیستێن و دژە ژنی مەوجوود نەبی، سیستەمێک کە خاوەن ئابوورییەکی ڕانتی و دەوڵەتیی و سەربازیی دەستێوەردەرە.

ئەگەر فەرز لەسەر ئەوە دابنێین کە لایەنەکانی وەک «بەرەی نەتەوەیی ئێران» و «تەڤگەری ئازادی» و کەسایەتییە میللی ـ مەزهەبییەکان لیبراڵ بوون، مەگەر جیا لەوەیە کە ئەوانیش لە هێرشی ڕێژیم پارێزراو نەبوون؟ ئەگەر ئەوان هەروەک موجاهیدین و چەپەکان و ئەندامانی حیزبە کوردستانییەکان کۆمەڵکوژ نەکراون، تەنیا لەبەر ئەوە بووە کە لەپێوەندیی لەگەڵ ئەوان بەهۆی لاوازیی پێگەی کۆمەڵایەتییان لەڕاستیدا «گشت»ێک لە ئارادا نەبووە کە کۆمەڵکوژ بکرێن ئەگینا بۆ ئەوانیش دەرفەتی چالاکیی لەنێو جەماوەردا نەبووە. تەواوی هەوڵی ئەوان لەچوارچێوەی بەڕێوەبردنی دانیشتنی چەندکەسیدا کورت بۆتەوە کە تازە بەپێی ئاه و ناڵەکانی سەرۆکی ئەنجوومەنی ناوەندیی جەبهەی میللی پێشگیری لەوەش دەکەن.

هەربۆیە لە ئێرانی ٧٥ ملیۆنی بێجگە لە چاپی چەند بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆ و کەم تیراژ کە ڕێژیم لە بەرتەسک نەکردنەوەی بەتەواوەتی ئەوان بەدوای مەبەستە تایبەتییەکانی خۆیەتی، هیچ چەشنە چالاکییەکی سیاسی لەگۆڕێ‌دا نیە، نە بۆ چەپی «گشتی خواز»، نە بۆ لیبرالی «تاکخواز» و نە بۆ ڕیفۆرمخوازی دەروونگەرا. ئایا چارەیەکی جیا لە «لە زەبڵدانی مێژوو هاویشتن»ی ئەم ڕێژیمە بۆ خەڵک و بژاردەکان و هێزە سیاسییەکانی ئێران ماوەتەوە؟

حکوومەتی ئیسلامیی ئێران دەتوانرێ بە بینایەکی شیاوی ڕووخاندن (بنای کلنگی) بشووبهێنرێ. تەمەنی بەسوودی بینایەکی ئاسایی بۆ نموونە لە ئورووپا ٨٠ بۆ ١٠٠ ساڵە. بەڵام لە ئێران بینایەک کە تەمەنی لە دوو ـ سێ دەیە تێپەر بێ، بە «کلنگی» (کۆنەی شیاوی ڕووخاندن) لەقەڵەم دەدرێ. ئێستاکە حکوومەتی ئیسلامی سێ دەیە و نیوی پێشوو، ئێستا بە کەلوپەلی ژێربەنایی هێندێکیان ١٤٠٠ ساڵ لەوەپێش و بەشێکیان ٤٠٠ پێش (ئیسلام و تەشەییوع وەک بنەما تیۆرییەکەی) و کەرەستەی ڕووبەنایی و جوانکاریی ئەمرۆیی (کۆمارییەت، پەرلەمان، هەڵبژاردن ...) دامەزرا. بەم پێوەرە دەبێ بە بینای کولێنگی بێتە ئەژمار کە لە بناغەوە وێرانە. بینایەک کە دانیشتووانەکەی (دەسەڵاتداران)ی جارناجار پەنا بە دەسکاری و جوانکاری دەبەن، بەڵام بە چەنگ و ددان پێش لە ڕووخان و نوێکردنەوەی دەگرن. مانەوەی ئەم بینا لە بناغە وێرانە و هەوڵدان بۆ ڕەنگکردنەوە چوارساڵەی (هەڵبژاردن) بۆ پێشگرتن لە دارمانی، تێچوویەکی زۆر زیاتری بۆ خەڵک هەیە هەتا تێکدان و دوووبارە سازکردنەوەی بە کەرەستەی ژێربەنایی و ڕووبەنایی ئەمرۆیی.

ئەنجام ئەوەیە کە ئۆپۆزیسیۆنی سەرەکی و ڕووخێنەری ڕێژیم سەرەڕای داخوازیی بۆ گۆڕانی بنەڕەتی لە سیستەمی سیاسیی ئارایی، «ڕادیکاڵ» بەواتا نەرێنیەکەی نیە، چاوەڕانیی چاکسازیی لە ڕێژیمدا ئاو لە ئاونگدا کوتانە و پابەندبوون بە لیبرالیزم پێویستیی بە داخوازیی سیستەمێکی سیاسیی سێکۆلار و دێموکراتیکە. بڵاوکردنەوەی کەشی بێ‌هیوایی و هێنانەخواری ئاستی چاوەڕوانییەکانی خەڵک لە گەیشتن بە ژیانێکی ئازاد دژایەتی لەگەڵ پەیامی ڕۆشنبیریی هەیە و پێش بە گۆڕانکاریی لە کۆمەڵگەدا دەگرێ. دەبێ دژایەتی و بەربەرەکانی دەگەڵ ئەو بۆچوونە بکرێ کە پێی وایە چارەنووسی کۆتایی و نەگۆڕی ئێمە و وەچەکانی داهاتوو ئەم حکوومەتەیە و بێجگە لە قبووڵکردنی، ڕێگەچارەیەکی دیکەمان نیە. خەڵکی ئێمەش لێهاتوویی گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسییان هەیە.

# ئەقڵانییەتی وتوویژ له سیاسەتی کورد له ڕۆژهەڵاتی کوردستان



ڕێبوار مەعروفزادە

کورد له ڕۆژهەڵاتی کوردستان له دوو قۆناخی جیاوازی کۆماری کوردستان و شۆڕشی ١٩٧٩ی گەلانی ئێران بۆ دەستەبەرکردنی مافه سیاسییەکانی کەوته پێوەندی و وتوویژ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی له تاران. قازی محەممەد له مانگی گوڵانی ساڵی ١٩٤٦سەردانی تارانی کرد و لەوێدا داوای پێدانی دەسەڵات به کوردەکانی کرد. لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانیش، هێزەکانی کورد چەند جار لەگەڵ هەیئەتی دەوڵەت که داریوشی فروهەر، وەزیری کاری دەوڵەتی کاتیی بازرگان، نوێنەرایەتی دەکرد دانیشتن و وتوویژیان کرد. به ئاکام نەگەیشتنی وتوویژەکانی نێوان هەیئەتی وتوویژکاری کورد و کۆماری ئیسلامی ئێران، شەڕێکی خوێناوی بەسەر کوردستان‌دا سەپاند که خەسارێکی مرۆیی و ماددی گەورەی لێکەوتەوە. دواجار هێزە کوردییەکان له ساڵی ١٩٨٠ بەمڵاوە بەرەبەرە کۆنترۆڵی سەرجەم ئەو ناوچانەی له ژێر دەسەڵاتیان دابوو له دەست دا و کۆماری ئیسلامی له بواری نیزامییەوە به تەواوەتی کۆنترۆلی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەدەستەوە گرت. له ساڵی ١٩٨٩، دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات له ڤییەن دانیشتنی لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی کرد بەڵام له خۆلی دووهەمی وتوویژەکان به دەستی ئەو نێردراوانه تێرۆر کرا. له ساڵی کۆتایی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد دا، حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ شوورای ئەمنییەتی نەتەوەیی ئێران له هەرێمی کوردستان بۆ دوو جار دانیشتنی کردوە و جەختی له چارەسەری پرسی کورد له ڕێگەی ئاشیخوازانەوە کردوە. لەو وتارەدا هێندێک خاڵ به نیسبەت وتوویژەکانی هەیئەتی نوێنەراتی کورد و حیزبی دێموکرات له دوای شۆڕشی ١٩٧٩ وەبیر دەهێنمەوە. هەروەها به شوێن وڵامدانەوە بەو پرسیارەوە دەبم که کورد له ڕۆژهەڵاتی کوردستان و به تایبەتی هێزە سیاسییەکانی کورد له نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بۆ پێویسته وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دا بکەن، واته وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵگری چ ئەقڵانییەتێکه و وتوویژ له چ بەستێنێک دا به ئاکام دەگا؟

### ئەقڵانییەتی وتوویژ

بیسمارک (١٨١٥-١٨٩٨)، یەکەمین سەدری ئەعزەمی ئالمان، بەمشێوەیه سیاسەت پێناسه دەکا که «سیاسەت هونەری مومکینه«. «سیاسەت دونیای واقعییەت دەکاته بنەمای کاری خۆی نەک حەقیقەت، مەیدانی سیاسەت مەیدانی وتوویژکردن و ڕێککەوتنه نەک مەیدانی تۆران و وێککەوتن. ئەرکی سیاسەت ئەوە نییه حەقیقەتێکمان بۆ بدۆزێتەوە بەڵکوو ئەوەیه کێشه بەرهەست و ڕۆژانەکان چارەسەر بکا. یاریی سیاسەت یارییەکی دوو جەمسەری نییه که لایەک براوە بێ و لایەکیتر دۆراو، دواجار دەبێ هەر دووڵا براوە بن یان هەست به دۆران نەکەن» (بەشێک له وتاری عەدنان حەسەنپور). ئەرکی حیزبه کوردییەکان ئەوەیه هەوڵ بدەن له لانیکەمی دەرفەتەکانیش بۆ بەرەوپێشچوونی پرسی کورد کەڵک وەربگرن چونکه هەر وەک له ڕابردوودا ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی له ئێران مانای چارەسەری پرسی کورد نەبوو، هەنووکەش له نێوان ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و چارەسەری پرسی کورد له ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێوەندییەکی ڕاستەخۆ و حەتمی بوونی نییه. هەروەها حیزبه کوردییەکان له چوارچێوەی ئێران دا ئالتێرناتیوی کۆماری ئیسلامی ئێران نین واته ئەو حیزبانه نه دەیانهەوێ و نه دەتوانن له تاران و بۆ سەرجەم خەڵکی ئێران دەسەڵات دابمەزرێنن. واقعگەراییش ئەوە نیه که پرسی کورد به داهاتوویەکی ناڕوونی دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و به سیاسەتی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی گرێ بدرێ. ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران نەک له سەر ڕووخانی ئەو ڕێژیمه و دابینکردنی مافی مرۆڤ بەڵکوو لەسەر پرسی ئەتۆمی ئێران وتوویژ دەکا. ئەو وتوویژه له نێوان دوو هێز دەکرێ که ناکۆکی جەوهەرییان لەگەڵ یەکتر هەیە، کۆماری ئیسلامی ئێران نوێنەرایەتی سیستمێکی تیۆکراتیکی شیعه دەکا له حاڵێک دا ئەمریکا سیستمێکی سکۆلاری دێمۆکراتیکه. ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی تەنانەت پێش له وتوویژە ئەتۆمییەکانیش له ئەفغانستان لەگەڵ یەکتر هاوکارییان کردوە. کەوایه ئەوان هەر کات پێویست بێ و بۆ دەستەبەرکردنی لانیکەمی بەرژەوەندی خۆیان لەگەڵ یەکتر دانیشتن و هاوکاری دەکەن. وتوویژی کورد له گەڵ کۆماری ئیسلامیش له ڕوانینێکی واقعی و لۆژیکی لەمەڕ هێز و بەژەوەندی کوردی ڕۆژهەڵات له ئێران سەرچاوە دەگرێ.

### بەستێنی وتوویژ

که هێزێکی سیاسی بیهەوێ پرسێک لەگەڵ هێزێکی سیاسی یان ڕێژیمێکی دیکەدا له ڕێگەی ئاشیانه و وتوویژ چارەسەر بکا، پێویسته بەستێن و فەزای وتوویژیش برەخسێنێ. له ڕابردووشدا حیزبی دێموکرات هەوڵی ئەوەی داوە که بەستێنی وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی خۆش بکا. حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەی ئاشتیخوازی خۆی نیشان بدا له کۆنگرەی چوارەمی خۆی دا ڕوو به خۆمەینی پەیامی داوە. له ڕێکەوتی ١٩ ڕێبەندانی ١٣٥٧ واته سێ ڕۆژ پاش سەرکەوتنی شۆڕش، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ خۆمەینی نامه دەنووسێ.

کەوایه پێوەندیی نێوان کورد و کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر له ڕۆژی یەکەمەوە به شەڕ دەستی پێ نەکرد و کۆمەڵێک هۆکار بووە هۆی سەرنەکەوتنی چارەسەری پرسی ئاشتیانەی کورد. له ١٥ خاکەلێوەی ١٣٥٧ هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات به سەرپەرەستی دوکتور قاسملوو و به هاوڕێیەتی غەنی بلوریان، محەممەد ئەمین سراجی و ئەمیر قازی ئەندامانی دەفتەری سیاسی ئەو حیزبه له تاران لەگەڵ مەهدی بازرگان، سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی کاتی، بۆ ماوەی ٧٥ خولەک دانیشتن و چاوپێکەوتن دەکەن. به پێی ڕاگەیەندراوێک که دواتر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە، ئەو دانیشتنه زۆر ئەرێنی بووە و موهەندیس بازرگان کۆمیتەیەکی تایبەتی پێکهاتوو له وەزیری کار، وەزیری نێوخۆ و وەزیری بەرگری بۆ دانۆستان لەگەڵ نوێنەرانی خەڵکی کوردستان دەستنیشان دەکا (تلاش در راه تفاهم، لاپەرەی ٤١-٤٣). له درێژەی وتوویژەکان کۆمەڵێک هۆکار بوونه هۆی ئەوەی که ڕوانگەی توندڕەوانه و ئەمنییەتی بەسەر پرسی کورددا زاڵ بێ. توندڕەوەکانی نێو کۆماری ئیسلامی لەوەی حیزبه کوردییەان ڕیفراندۆمی ١١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ و یەکەم هەڵبژاردنی سەرکۆمارییان بایکۆت کرد، کەڵکی خراپیان وەرگرت و هەوڵیان دا پرسی کورد وەک هەڕەشەیەکی نیزامی و ئەمنییەتی نیشان بدەن. له لایەکی دیکه خۆمەینی له ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ فەرمانی هێرش بۆ کوردستانی دا که شەڕێکی خوێناوی لێ کەتەوە. هەروەها خومەینی له ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٥٨، صادق خەلخالی وەک حاکمی شەرع بۆ کوردستان نارد که بووە هۆی لەسێدارەدانی خەلکێکی بی تاوانی زۆر (روزنامه کیهان، ٢٩ مرداد ١٣٥٨). ئەوانه چەند نموونەیەکن که ئەگەر ڕوویان نەدابا، بێ گومان کاریگەری ئەرێنی له سەر بەردەوامی وتوویژەکان دەبوو.



### ئاکام گیری

وتوویژی کورد له ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دروست و لۆژیکییه چونکه له لایەک زیاتر له ٣٠ ساڵ دژایەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ پرسی کورد له ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەیتوانیوه ئەو خواست و ویسته نەتەوەیی له نێو بەرێ و له لایەکی دیکه هێزه سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش نەیانتوانیوه کۆماری ئیسلامی لەنێو بەرن و ڕووبەری مەترسی نەمانی بکەنەوە. دیاره پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانه به وتوویژەکانی ڕابردوو، دەتوانێ یارمەتی ئەوە بدا که ئەمجاره وتوویژ لەلایەن هەموو هێزه سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجام بدرێ و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لێی ئاگادار بن و تێیدا بەشدار بن.

**سەرچاوەکان:**

**نشریه سیاسی- راهبردی چشم انداز ایران- کردستان همیشه قابل کشف، فروردین ١٣٥٨**

**به مەبەستی ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان، وتوویژێک لەگەڵ بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن زاده سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بڵاوکراوەی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**تلاش در راه تفاهم-مجموعه اسناد، جلد ١، بخش انتشارات حزب دمکرات کردستان ایران اسفندماه ١٣٥٩**

**بزربوونی سیاسەت، عەدنان حەسەنپوور**

**انقلاب ١٩٧٩ و مطالبات ملی کردستان، سعید سنندجی، سایت NNS ROJ**

**چشم انداز ایران-دومین ویژەنامه کردستان، پاییز ١٣٨٤، کردستان همیشه محروم، خالد توکلی**

**بەرنامەی ڕوداوی ئەمڕۆی هیوا جەمال، «خالید عەزیزی دەرکی وتوویژ لەگەڵ ئێران داناخەین»**
https://www.youtube.com/watch?v=LrLZTZFciWg

# گورزی گورچووبڕی نەوت لەسەر ئێران و ڕووسیه



تەهای ڕەحیمی

شەڕی ڕانەگەیەنراوی بەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا، به دابەزینی نرخی نەوت که داهاتی سەرەکیی بەرەی ڕۆژهەڵات و بەتایبەت ئێران و ڕووسیەیه قۆناخێکی ئەستەم و دژواری لەبەره. سەبارەت به ئێران که له سەرەتای قەیرانی سووریەوه ڕقەبەری ڕۆژاوا و ئاراسته سیاسییەکانی له ناوچەکەدا دەکا، هەتا ئێستا سەرەڕای گەمارۆکان و تەریکخستنەوەی توانیویه له ڕێگەی فرۆشتنی نەوت تێچووی کارە تیرۆریستی و خەرجی تاقم و گرووپه تیرۆریستییەکانی سەر بەخۆی له ناوچەکه و جیهان‌دا دابین بکا و دەگەڵ ئەوەشدا به زەبری پارە ئەسەدو هێزەکانی ڕاگرێ، که دیاره هەروەک له گرته ڤیدیۆییەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوه دەردەکەوێ زۆربەی سوپای ئەسەد هەنووکە ئەفغانی و هاووڵاتی دیکەی غەیری سوورین که له لایەن ئێرانەوه بۆ پاراستنی هاوپەیمانه ستراتژیکەکەی به کرێ دەگیرێن. ئێران به پشتیوانی ڕووسیه له ناوچەکەدا جگه له بەربەرەکانی ئەمریکاو ڕۆژاوا، بەربەرەکانیی وڵاتانی عەرەبی سوننی ناوچەکەش دەکا. ئەگەر چاوێک به بارودۆخی لوبنان، فەلەستین، عێراق، بەحرین، یەمەن، عەرەبستان‌دا بخشێنین؛ به ڕوونی شوێن‌پەنجەی ئێران له ئاژاوەکانی ئەم وڵاتانەدا دیاره. لەم لایەشەوه ململانێی بەرنامەی ناوکی ئەو وڵاته لەگەڵ جیهان هەر بەردەوامەو ئێران به بەفیرۆدانی کات دەیەوێ خۆی له ئامانجه ناوکییەکانی نزیک بکاتەوە، که ئەمەش نیگەرانی قوڵی جیهان‌و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و بەتایبەتی ئیسرائیل و عەرەبستانی بەدواوەیە. دەگەڵ کێشمەکێشی قورسی ئێران دەگەڵ وڵاتانی ناوچەو بەرەی ڕۆژاواو جیهان، به دوای قەیرانی ئۆکراینەوه بەرەی ڕۆژاواو هێندەی دیکه دەگەڵ کۆنه ڕەقیبی شەڕی سارد واته ڕووسیه کەوته ململانێکی سەخت و دژوار. ڕووسیه به سەرکردایەتی پۆتین که خەیاڵی نۆستالۆژیکی سۆڤییەت هەڵگرتووە؛ ڕوو له سنووری وڵاتانی دراوسێیەتی که کەمینەیەکی ڕووسی‌یان هەیەو شەڕی هێژمۆنی و بەرەنگاربوونەوەی فەرهەنگی دیموکراسی ڕۆژاوا دەکا. ئۆکراین که هەتا لەسەر کارلادانی ڤیکتۆر یاکۆڤیچ سەر به بلۆکی ڕووسیه بوو، هەنووکە دەگەڵ ئەوەی دوڕگەی کریمەی خراوەتە سەر ڕووسیە، تووشی شەڕی نێوخۆیی بووە له سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی؛ که کەمینەی ڕووسی ئەو وڵاته به پشتیوانی و یارمەتی لۆجستیکی و چەک و تەقەمەنی ڕووسیه داوای جیابوونەوە له دەوڵەتی ناوەندی دەکەن که ئێستا ڕوو به ئورووپایه. پشتیوانی و ڕکەبەری ڕووسیه بووە هۆی ئەوەی ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپایی کۆمەڵە گەمارۆیەک بخەنه سەر ڕووسیە، که دابەزینی نرخی ڕوبڵ یەکێک له ئاکامه هەره نەرێنییە بەرچاوەکانی بوو. کارو کرداری ئەمریکا و ڕۆژاوا، دژکردەوەو پەرچەکرداری ئێران و ڕووسیەی به دواوه بووەو هەروەک دیاره توندوتیژیو شەڕی ئەمریکا و ڕۆژاوا دژی دەستوپێوەندەکانی ئەو وڵاتانه توندوتیژی له لایەن ڕووسیه و ئێران بۆ پێکانی ئامانجەکانیانی به دواوه بووە. له چەقی هەرتک قەیرانی سووریه و ئۆکرایندا دەکرێ بڵێن دولاری فرۆشی نەوتی ئێران و ڕووسیەیە، ئاشەکەی دەگێڕێ. هەر بۆیه ئەمریکا و گەڵاڵەداڕێژانی ڕۆژاوا به دابەزاندنی نرخی نەوت شەڕیان بردە قۆناخێکی دیکەوە هەتا پشووی سواری ئەم دوو وڵاته ببڕن. ئەگەرچی کارناسان دابەزینی هاوردە و هەڵکشانی هەنارده و بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت له ئەمریکا، که دەوترێ بەم زوویانه ئەمریکا دەبێ به گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتی جیهان؛ به هۆکاری سەرەکی دابەزینی نەوت دادەنێن، بەڵام دەکرێ دابەزاندنی نەوت له گۆشەنیگای سیاسییەوه سەیر بکرێ و وەک ئەهرومێکی فشار بۆ سەر ئێران و ڕووسیه بزانرێ که بودجەی ساڵانەی بەڕێوەبردنی وڵاتەکانیان لەسەر فرۆشی نەوت ڕاوەستاوە. ئێران له ڕێگەی فرۆشی نەوتەوەیه که دەتوانێ تێچووی ئەو هەمووە گرووپه تێکدەره له لوبنان، فلەستین، سووریه، یەمەن، بەحریەن، عەرەبستان، ئەفریقاو ...... دابین بکا. تێچووی شەڕی ڕەوانی و پراکتیکی حزووری ئەمریکا له ڕێگەی بۆرییەکانی نەوتەوە دابین دەکرێ، هەر بۆیه دوابەدوای دابەزینی نرخی جیهانی نەوت، ئەسەد ئامادەیی خۆی بۆ ئاشبوونەوەی میللی ڕاگەیاندو داوای کۆبوونەوەی دەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن کرد، که هەنووکه ئەم پرۆژەیه خەریکه له ڕێگەی میسرو ڕووسیەوە درێژەی پێ دەدرێ. کزکردنی سەرچاوەی داهاتی ئێران دەتوانێ زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە ئارخەیان بکا لەوەی که چیدی بودجەی پێویستی بۆ بەرزەفڕییەکانی نەبێ، عەرەبستان هاوچاوەی سەرەکی ئێران له ناوچەکەدا ڕاگەیاندوە ئەگەر نەوت بۆ بەرمیلی ٢٠ دۆلاریش دابەزێ هێشتا، هەناردەی نەوتی کەم ناکاتەوە. ئەم هەڵوێستەی عەرەبستان بەڕوونی دەریدەخا مەبەست له دابەزاندنی نرخی نەوت، ئەهروومێکی فشار بۆ گۆڕینی هاوکێشه سیاسییەکانی جیهان و ناوچەکە، ئامرازێکه بۆ کۆتایی‌هێنان به کەڵەوەکێشی و نیوەچڵکردنی پرۆژەکانی ئێران له وڵاتانی ناوچه. هەروەها له ڕێگەی پەکخستنی ئابووری ئەو وڵاتانەوه دەکرێ، بواری نێوخۆی ئەو وڵاتانه بۆ ناڕەزایەتی‌دەربڕین و گۆڕینی سیاسەت و سیستمی سیاسی و هاوئاهەنگییان دەگەڵ ئاراستەی جیهانی بڕەخسێندرێ. ئەو شەڕی نەوته ڕەنگه بۆ ڕووسیه نامۆ نەبێ، چونکی له دەیەکانی نەودی سەدەی ڕابردوودا یەکیەتی نەوتی عەرەبستان و ئەمریکا توانی ببێ به خاڵی دەسپێکی بەچۆک داهێنان یەکیەتیی سۆڤییەت. ئێران که بەهۆی سووکبوونی گەمارۆکانی سەری، خەریک بووژاندنەوەی ئابووری داڕماوێتی، ئەمجارە ڕەنگه بۆهۆی هەرزان‌بوونی نەتەوە خراپتر له گەمارۆی بەسەر بێ و ئەگەر داشکانی نەوت بەم چەشنەی ئێستا هەیه ماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوام بێ دەبێ چاوەڕانی داتەپینی ئابووری لەقی ئەو وڵاته بین. دیاره ترس و ناکۆکی عەرەبستان دەگەڵ ئێران ڕەنگه بارتەقای هەموو ناکۆکییەکانی ئەو وڵاته بێ دەگەڵ جیهان، چونکی ئێران و عەرەبستان لەمێژ ساڵه له شەڕێکی ڕانەگەیەنراو دان و هەنووکە له سووریە ئەم دوو وڵاتەن ئاوری شەڕیان خۆشه. هەر بۆیه عەرەبستان به کەم نەکردنەوەی هەڵێنجانی نەوت و هەناردەی نەوت دوو ئامانج دەپێکێ، پەکخستنی ئابووری گەورەترین هاوچاوەی له ناوچەکەداو داگیرکردنی پشکی هەناردەی نەوت له ئۆپێکدا، که له ئەگەری بەرزبوونەوەی هەڵێنجانی نەوت له ئێراق و ئێران ڕەنگه ئەم پلەیەی له دەست بدا.



کوردستان

ژمارە: ٦٤٧

١٥ی بەفرانباری ١٣٩٣

٥ی ژانویەی ٢٠١٥



# به بیانووی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی ئەحمەدبەگی کۆماسی لە شاری مەریوان



عەلی لەیلاخ

ئەحمەد بەگی کۆماسی ناسراو بە «خاڵۆی کۆماسی» کە لە ناوچەی سەرشێوی مەریوان و لە گوندی کۆماسی هاتۆتە دنیاوە. لە ساڵانی١٧٩٣-١٨٧٦ی زایینی دا ژیاوە.

هاوچەرخ بوون و پەیوەندی گەرمی ئەم شاعیرە هەورامییە لە گەڵ شاعیری ناسراو مەولەوی تاوەگۆزی لە ئاستێکدا بووە کە مەولەوی لە چەند شێعری خۆی بە «خاڵۆ» ناوی دەبات. هەروەها بە هۆی ناکۆکی ئەحمەدبەگ لەگەڵ پاشایانی قاجار لە زێدو نیشتمانی خۆی دور دەخرێتەوە بەرەو شاری ڕەشت لە پاریزگای گیلان.

شێوە زاراوەی دارشتنی شێعرەکانی «خاڵۆی کۆماسی» هەورامی‌یەو بە هەستێکی ناسک و زمانێکی ساکارورەوان کۆمەڵە شێعرێکی جوان وەکوو سروشتی هەوران لە خۆی بە جێهیشتووە . دەتوانین بە لە بەر چاو گرتنی پارچە شێعری بەناوبانگی ئەم شاعیرە لە ژێر ناوی «گڵکۆی تازەی لەیل» کە سۆزووەفایەکی شاعیرانەیە بۆ مەرگی هاوسەرەکەی کە لەوپەڕی سۆزو هەستی بێ وێنە لە ناخیدا هەڵقوڵاوە و ڕێی تێدەچێ کەئەم شاعیرە بە جلەوکێشی شێعری شینگێڕی بزانین. موحەمەد تەقی بەهار پسپۆری ئەدەبی لە کتێبە بەناوبانگەکەی یادێک لەم شێعرە شینگێرییەی ئەحمەدبەگ دەکات و بە شاکاری ئەدەب و وێژەی کوردی دەزانێت.

شێعری شینگێڕی کە ریشەوڕەتەوەی لە بەیت وباوی فۆلکلۆریدا هەیە و هەرئیستاش ژنانی کورد بۆ مەرگی ئازیزانیان کە تازیەبار دەبن لەسەر مەزارولە کاتی یاد کردنی ئازیزیان‌دا دەستدەکەن بە هۆنینەوەی بەیت و شێعری شینگێری کە زۆر کاریگەریی بەسەر هەستی ئەوانەی کە گوێ بیستی ئەم چەشنە ئەدەبیاتەن هەیە.

«ئەحمەد بەگی کۆماسی» ش لەسەر بنەمای ئەدەبی فۆلکلۆریکی بەنرخی کوردی لە ناوچەی هەورامان لە پاش مەرگی هاوسەرەکەی ئەوپارچە شێعرە درێژوبەهەستەی نووسیوە.

بۆباشتر ناسینی ئەدەب وزمانی هەورامی جیگای خۆیەتی کە لەم بابەتە ئاوڕێکی کورت لە تایبەتمەندیی وتوانا ئەدەبییەکانی شێوەزاری هەورامی بدەینەوە.

سەرەتا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە لە نێوانی پسپۆڕانی زمانناسی ململانێ ئەمە هەیە کە ئایا شێوەی ئاخافتن ونووسینی «هەورامی»شێوە زارە واتا «دیالێکت»ە؟ یان نا هەورامی تایبەتمەندی زمانی هەیە؟ ئەم پرسە



کاتێک دیتە ئاراوە کە دەڵێین «زمانی کوردی « ئایا مەبەستمان لە هەبوونی زمانێکە کە سەرجەم پێکهاتەکان و چین وتوێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە هەموو ناوچە جیاجیاکان لەو زمانە تێدەگەن و ئاخافتنی پێدەکەن؟ یانی بەو زمانەیە کە لە سلێمانی باوە دەتوانی لە دهۆک وزاخۆ و یان کرماشان و ئیلام و... بەکاری بهێنین؟ ئایا لە باری ڕێزمانەوە، (فۆنتەکان) یان چۆنیەتی پێکهاتەی دەنگەکان (فۆنۆلۆژی) یان چۆنیەتی لێکدانی وشەکان (مۆرفۆلۆژی) ئەو زمانەی کە لە مەهاباد قسەی پێدەکرێت هەر وەکو ئەو شێوە ئاخاوتنەی دهۆک یان هەورامانە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە نەخێرە. هەورەها هەبوونی چەندین پیت ودەنگی دیکە لە گرامری هەورامی کە لە سۆرانی وزاراەاکانی دیکەی کوردیدا نیەو هەر لە قورگی هەورامی زمانێک بە تەواوی دیتەدەرو گۆدەکرێت. خاڵێکی جێگەی سەرنج لە زمانی هەورامی‌دا ئەوەیە کە بە پێی پێورە زمانناسییەکان و بە بەراورد لەگەڵ زمانەکانی دیکە خاوەنی ساکارترین گرامرە کە لە هیچ کام لە زاراوە کوردییەکان ئەم حاڵەتە نابیندرێت. بەتایبەت لە کاتی جیا کردنی «نێر»و«مێیە»وە،




هەروەها بەڵگە مێژووییەکان دەرخەری ئەم راستیەن کە زمانی هەورامی لە کۆنترین زمانەکانی جیهانە و بەتایبەت لە ئیران . بە وتەی کاکە *خودادادی مورتەزایی * لە زمانی موحەمەد تەقی بەهارەوە دەڵێت کە «هەنوکەش ٨٠ لەسەدی ئاڤێستا دێتەوە سەر هەورامی ئێستا، کە لە کتێبی (سەبک شناسیدا) چەندەها وشەی وەکو موانان، شناسان، مواچان... بە نموونە دێنێتەوە و دەڵێت :هیچ ئاڤێستا شناسێک سەر لەم وشانە دەرناکات. ئەمە لە حاڵێکدایە کە نەخوێندەوارێکی هەورامی واتای ئەو وشانە بە

سەهل و ئاسان دەزانێ و لەناو ئاخافتنی ئاسایی ڕۆژانەیدا بە کەڕات دەیانبێژێتەوە .

رەنگە ریشەی ئەم پرسە زمانەوانییە بگەرێتەوە بۆ جوغرافیای بەربڵاووفرەچەشنی گەلی کورد کە هەورامان و هەورامی یەکێک لە پێکهاتەکانی دێرین وکۆنی گەلی کوردە. کە لەباری جوغرافیەوە هەورامان لە نێوانی باشوورورۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەوتووە. هەرچەند هێندێک لە خەڵکی هەورامان بە هۆی گوشاروزورەملی دەسەڵاتی پاشایەتی لە ئێران لە خاک وزێدی خۆیان کۆچ دراون و لە بەشەکانی دیکە واتە «تالش»ی مازەندەران و...هتد گیرساوەنەتەوە. بە هۆی سروشتێکی سەرکەش و شاخاوی کەلتوور و زمانی هەورامان بە نیسبەت ناوچەکانی دیکە ئۆرجیناڵ ماوەتەوە و ئێمە کەمترین وشەی بیگانە لەو شێوە زارەدا دەبینین. بێ گومان ئەم رەسەنایەتییەو دەوڵەمەندی هەرکام لە بەشەکانی کوردستان دەتوانێت بخرێتە خزمەتی ئەدەب و وێژەی کوردی بەگشتی و ببێتە میراتی مەعنەویی و فەرهەنگی نەتەوەکەمان. هەربۆیە پێویستە کە چالاکان و نووسەران و هەڵسووڕاوانی بورای فەرهەنگ بۆ دەوڵەندکردنی زمان و ئەدەبی کوردی و سڕینەوەی کەموکۆرییەکان ئاوڕێکی جیدی لە زمان و شێوەزاری بەشە جیاجیاکانی کوردستان بدەنەوە،کە یەک لەوبەشانە ئەدەب وزمانی کۆن و دەوڵەمەندی هەورامانە. کە لەمێژە بۆتە زمانی شێعر و وێژەی کوردی و بەستێنێکی نیان و جوانی هەیە بۆ هۆنینەوەی شێعر و هەڵبەستی کوردی. سەردەمانێک بە تەواویی ببووە زمانی ئەدەب ومەعیرەفەی میرنشینی بەهێزی ئەردەڵانییەکان و چەندین و چەند کەڵە شاعیر و نووسەری کوردی لێ‌کەتووتەوە، کە مەولەوی تاوەگۆزی و بێسارانی و سەیدی هەورامی...کە لە ئاسمانی ئەدەبی کوردی دروشاوەترن هەتا دەگاتە ئەحمەد بەگی کۆماسی ناسراو بە خاڵۆی کۆماسی کە لە حەوتووی رابردوودا ئەنجومەنی ئەدەبیی شاری مەریوان بە بەشداری و پاڵپشتی بەشێکی زۆر لە نووسەران و قەڵەم بەدەستان و هۆگرانی ئەدەب وفەرهەنگی کوردی بۆ ناساندنی ئەدەب و زمانی هەورامی و هەروەها ئەوشاعیرە هەست ناسکە کۆنگرەیەی دوو رۆژەی بەرێوە برد. ئەگەرچی بەداخەوە بەهۆی کەموکووڕی ماددی و تەرخان نەکردنی مووچەی پێویست، ئەم کۆنگرەیە بە شێوەی بەربڵاوتر و زانستی‌تر بەرێوە نەچوو، بەڵام ئەمە هیچێک لە گرنگی ئەو کونگرەو هەوڵ و ماندووبوونی چالاکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کەم ناکەتەوە کەم بە بەڕێوەبردنی ئەم چەشنە فستیڤاڵ وکۆروکۆبوونەوە ئەدەبی وفەرهەنگییانە رێگەر دەبن لە فەوتان و لەناوچونی زمان و شێوزارە جیاجیاکانی گەلەکەمان و تێ‌دەکۆشن بۆ پەرەپێدان و خزمەت بە زمانی کوردی بە تایبەت ئەویش لە سەردەمێک‌دا کە کورد لە رۆژهەڵات هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی و فەرهەنگی نیە .

**بەشێک لە شێعری درێژی «گڵکۆی تازەی لەیل»ی ئەحمەدکۆماسی**

گڵکۆی تازەی لەیل، گڵکۆی تازەی لەیل

ئارۆ شیم وەسەیر گڵکۆی تازەی لەیل
نە پای مەزار لەیلەکەی پڕ مەیل
جە دیدەم واران ئەسرینان چون سەیل
شیم وەسەرینش بەو دڵەی پڕ جۆش
سەنگێ مەزارش گرتم نە ئاغۆش
واتم ئەی دڵسۆز قەیس پۆس نە کۆڵ

موبارەکت بۆ یانەی تەنیای چۆڵ
کۆچی بێ وادەت کارێ پێم کەردەن

بێزارم جە گیان، ڕازی وە مەردەن
گڕەی نار عەشق دووری باڵای تۆ
کارێ پێم کەردەن نەونەمامی نۆ
نە بە رۆژ ئارام نە شەو خەومەن
چون چەم گل کەران گلاراومەن
جەو اوە گەردش ئەو چەرخ چەپ گەرد

من و تۆ وە زۆر جە هەم جیا کەرد
تۆ بەردەن وە خاک سیای تەنگ و تار

من مام پەی عەزاب جەفای رۆزگار
هەر رۆ چوون مەجنوون خاتر جە غەم کەیل
هەر لەیل لەیلمەن جە هەردی دووجەیل
شەوان تا وە رۆ شیو و رۆڕۆمەن
گشت پەژارەیی تەنیایی تۆمەن
ستارەم شوومەن بەختم لێویان
چوون ئاهووی تەنیا سەر لێم شێویان

**سەرچاوەکان:**

**_دیوانی ئەحمەدبەگی کۆماسی کۆکردنەوەولێکۆڵینەوە موحەممەدعەلی سوڵتانی**

**_ماڵپەڕی هەورامان**

**_ وتووێژی جەعفەر شیخولئیسلامی لە ماڵپەری هەورامان کۆمدا.**

---

لە دەروونی ئاوێنەکان بۆ دەڕوانی ؟ چت لێ دەوێن؟

وەرە پرسیار لە بەرد بکەین،

بابزانین لە چیرۆکی بەسەرهاتی ئێمەمانان چ دەزانێ؟

وەرە پرسیار لە بەرد بکەین، چونکە لەبەرد بەولاوەتر

کەس نییە کەس، کە چیرۆکی بەسەرهاتی مە بزانێ.

هەمووکاتێک، ئەوەی لێمان لەهەموو کەس نزیکترە

تەنها بەردە!

هەمیشە لە هەموان نزیکترا!

تۆ بڕوانە!

نیگای هەمووان بەردە و دڵی هەمووان بەردە و

بەردەکانیش چەندە سەختن....

چ بەردبارانێکە .... هاوار.

وا گریمان بە درێژایی هەموو عومرت هەر هەڵاتی

پەنا بۆ کوێ دەبەی؟

خانەی خوداش بەردە!

به چیرۆکی غەریبانەی خۆم بمبەخشن

کە من — کە سەنگی سەبوورم—

نە بەردم و نە خاوەنی سەبر و تاقەت.

دڵ کە پڕ بوو لە خەم دەشکێ

چ جێگای دڵ، لەم ماڵەدا بەردیش دەشکێ.

لەو جێگایەی خوێن لەگەرووی شمشاڵ دەتکێ

سەیرە ئەگەر سازێک کوڵی گریانی بێ؟

وەرە پرسیار لەبەرد بکەین

بابزانین لە چیرۆکی بەسەرهاتی ئێمەمانان چ دەزانێ؟

چونکە ئەنجامی کاری جام لەگەڵ بەردە.

وەرە پرسیار لەبەرد بکەین.

دوارۆژ چییە بێجگە لەوەی

هەموو دەچینە ژێر بەرد و

ناومان لەسەر بەرد دەنووسرێ!

لە دەروونی ئاوێنەکان بۆ دەڕوانی ؟ چت لێ دەوێن؟

،،،،،،

**ش \فەریدوون موشیری**

**وەرگێرانی ناسرحیسامی**

KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 647 Jan 2015

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# کوردستان‌و پشکی لە نەهامەتییەکانی ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامیدا



عەلی بداغی

ئەگەرچی لە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا هاتووە کە هەموو دانیشتووانی ئێران مافی وەک یەکیان هەیەو تەنانەت باس لە پێویستیی سڕینەوەی هەڵاواردنەکانی پێشوو لە زۆرێک لە ناوچە هەژارو پەرەنەسەندووەکان کراوە، بەڵام دوای پتر لە ٣٥ ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی قەزاوەتەکان‌و ڕەوتی پێشهاتەکان لە کوردستان ئاکامێکی دیکە بە دەستەوە دەدەن.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەرچی لەڕووی سەرچاوە سرووشتییەکان، لە ڕووی ئاوو هەواو، کانزاو سامانە ژێرزەوییەکان، حەشیمەتی لاوو هەموو فاکتۆرەکانی دیکەی گەشەو پەرەسەندن، خاوەنی باشترین جێگەو پێگە لە جوغرافیای ئێرانە؛ کەچی هەر بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان چوار پارێزگاکەی کوردستان، واتە ئیلام، ورمێ، سنەو کرماشان پەراوێزخراوترین‌و گەشەنەسەندووترین ناوچەکانی ئێرانن.

هەر بەپێی ئامارە ڕەسمیەکانی حکومەت ئەگەر کوردستان لە ڕووی نرخی بێکاری، لە ڕووی ئاستی زۆریی حەشیمەتی نەخوێندەواری، لەبواری قوڵبوونەوەی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانی وەک خۆکوژی، تەڵاق‌و خەمۆکی، لە ڕووی پەرەسەندنی پەتای ماڵوێرانکەری ئێعتیاد بە ماددە هۆشبەرەکان پشکی شێری لە ئێراندا پێ‌دەبڕێ، بەڵام لە ڕووی گەشەی ئابووری، پەرەسەندنی مرۆیی‌و کۆمەڵایەتی لە پلەکانی هەرە خوارەوەی ڕیزبەندییەکاندا جێی گرتوە.

ڕۆژ نییە لە کوردستان کۆمەڵە کەس‌و کاسبکارێک کە بەپێی قانوون دەبێ دەوڵەت هەلی کاریان بۆ بڕەخسێنێ، بە تاوانی کۆڵبەری کە بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانیان ڕوویان تێکردوە؛ سەرەڕۆیانە نەدرێنە بەر دەسرێژو چەند کەسیان بە کوژران‌و برینداربوون نەبنە قوربانی...

ڕۆژ نییە لە کوردستان کۆمەڵە کەس‌و هاووڵاتییەک کە بەپێی قانوون دەوڵەت دەبێ زەمانەتی پاراستنی گیانیان بکا، بەهۆی تەقینەوەی مینە چێندراوەکان لەلایەن ناوەندە نیزامی‌و ئەمنیەتییەکانی هەر ئەو حکومەتەو بێخەمییان لە هەڵگرتنەوەیان نەبنە قوربانی، نەکوژرێن‌و بریندارو نقوستان نەبن..

ڕۆژ نییە چالاکان‌و هەڵسووڕاوانی کورد لە سۆنگەی پێوشوێنکەوتنی داوا ڕەواو قانوونییەکانیان لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە بەند نەکرێن، پەروەندەی قورسیان لە دەزگای قەزاییدا بۆ دروست نەکرێ‌و سزای قورسی ئێعدام‌و زیندانیی درێژخایەن‌و دوورخستنەوەیان بۆ ناوچە دوورەدەستەکانی ئێراندا بەسەردا نەسەپێ...

هەر هەموو ئەوانەش بەرهەمی ڕوانینی ئەمنیەتی بۆ کوردستان‌و بەردەوامیی سیاسەتی فەرق‌و جیاوازیدانان بە مەبەستی دژایەتیکردن‌و زیاتر پەراوێزخستنی کورد لە ئێرانە.

دوایین ڕاپۆرتی ناوەندی ئاماری ئێران لەسەر دۆخی بێکاری لە ناوچە جیاجیاکانی ئێران لە سێ مانگی پاییزی ئەمساڵ نموونەیەکی باش بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستییەیە کە لەسەرەوە باسمان کرد.

ناوەندی ئاماری ئێران کە بە شێوەی ساڵانەو وەرزی نرخی بێکاری لە سەراسەری ئێران بە پێی حەشیمەت، شارەکان‌و ئاواییەکان‌و ژنان‌و پیاوان تاوتوێی دەکا، لە ڕاپۆرتی خۆی بۆ وەرزی پاییزی ئەمساڵ دەڵێ کە پارێزگای کرماشان بە سەدی ١٥,٣، زۆرترین نرخی بێکاری‌و پارێزگای ناوەندیش بە سەدی ٥ کەمترین نرخی بێکاریی لە ئاستی ئێراندا هەیە.

چالاکانی مەدەنی‌و سیاسیی کرماشان دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی نوێی ناوەندی ئاماری ئێران هەوڵیان دا ئەو دۆخە بە بەڕێوەبەریی لاوازی کاربەدەستانی پارێزگاوە گرێ بدەن و عەلی جەلیلیان، نوێنەری شائابادیش ڕایگەیاند کە بە ڕوانگەی سیاسی چاولێکردن لە پرس‌و بابەت‌و کێشەو گرفتەکان ئەو بارودۆخەی لێکەوتۆتەوە، ئەوە لە حاڵێک دایە کە ئەو دۆخە تایبەت بە ئەمساڵ‌و چەند ساڵی ڕابردوو نەبووەو پارێزگای کرماشان وەک بەشێک لە کوردستان سەرەڕای بوونی زۆر سامانی سروشتیی بەنرخ وەک نەوت‌و، سەرەڕای زۆرترین خەسارو زیان کە لە ماوەی ٨ ساڵ شەڕ لەگەڵ عێراقدا ویێی کەوتووە، هەموو کاتێ یەکێک لە پەراوێزخراوترین ناوچەکانی ئێران بووە.

ئەو نوێنەرەی خەڵکی کرماشان لە مەجلیس نایشارێتەوە کە لە ئێستادا داڵغەو نیگەرانیی کاربەدەستانی کرماشان کێشەی بێکاری، تەڵاق، ئێعتیادو خەسارە کۆمەڵایەتییەکان‌و کێشەکانی دیکەی خەڵک نییە، بەڵکوو سیاسەتبازی‌و باڵباڵێنی سیاسی لەگەڵ یەکتر بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی زیاترە.

بەڵام لێرەدا باسەکە هەر ئەوە نییە کە کرماشان لە ئێستادا زۆرترین نرخی بێکاری لە ئێرانی هەیە، بەڵکوو ئەوەیە کە ئەو کێشەیە گرفتی سەرەکیی هەموو خەڵکی کوردستانە.

هەر بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان تەنیا لە پارێزگای ورمێ ١١٦ هەزار کەسی دەرچووی زانکۆ بێکارن. قوربانعەلی سەعادەت، پارێزگاری ورمێ چەند جار تا ئێستا ڕاگەیاندوە کە ناتوانێ ئامارە ڕەسمییەکان لەسەر نرخی بێکاری لە پارێزگای ورمێ پشتڕاست بکاتەوەو دەڵێ نرخی بێکاری لە پارێزگای ورمێ لە سەدی ٣٠ زیاترە. هەروەها ئەحمەد شوهانی، نوێنەری خەڵکی ئیلام لە مەجلیسیش دەڵێ پارێزگایەکی زۆر بچووکی وەک ئیلام کە ٥٥٠ هەزار حەشیمەتی هەیە، پتر لە ١٠٠ هەزار کەسی بێکارن‌و لە هەر ٥ کەس لە خەڵکی ئەو پارێزگایە یەکیان بێکارن‌و بنەماڵە لە ئیلام نابینی کە بێکارێکی تێدا نەبێ‌و تەنانەت زۆرن ئەو بنەماڵانەی ٥-٦ بێکاریان هەیە. لە پارێزگای سنەش دۆخەکە لەوە باشتر نییەو سەید ئەحسەن عەلەوی، نوێنەری ئەو شارە لە مەجلیس ماوەیەک لەوە پێش لە کۆبوونەوەی پرسیارو وڵام لەگەڵ خوێندکارانی زانکۆی ئازادی ئیسلامیی شاری سنەدا گوتی: بەپێی ئەم ئامارانەی لەبەر دەستدان، نرخی بێکاری لە پارێزگای سنە ٢ هێندەی نێونجی وڵاتە.

ئەو پێشتریش لە کۆبوونەوەی مەجلیس تانەی لە وەزیری نێوخۆ دابوو و گوتبووی: پارێزگای سنە لە ڕووی ڕەخساندنی هەلی کارەوە لە دۆخێکی نالەباردایە و ڕێژەی بێکاری لە سەرووسەدی ٢٥ و و زۆر لەلاوانی کورد بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانیان ناچارن بۆ کۆڵبەری ڕوو لە ناوچە سنوورییەکان بکەن.

تازە بێکاری تەنیا یەکێک لە کێشەو گرفتەکانی خەڵکی کوردستانە کە هەڵبەت دیارە سەرچاوەی زۆر کێشەو خەساری دیکەی کۆمەڵایەتییەو بە سەرنجدان بەوەی ئەو بارودۆخە لە هەموو تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا لە کوردستان درێژەی بووە، دەردەکەوێ کە ڕوانینی ئەمنیەتی‌و ناخۆیی کاربەدەستان بۆ کوردستان‌و خەڵکی کورد هۆکاری سەرەکیی ئەو دۆخە تاڵە لە کوردستان بووە.

دواجار هاتنەسەرکاری دەوڵەتی مشورو هیوای حەسەن ڕوحانی‌و ماوەی دوو ساڵ کارو کردەوەی ئەو دەوڵەتەش کە زۆرترین بەڵێنی بە خەڵکی کوردستان داو دەنگێکی یەکجار زۆریشی لەو ناوچەیە کۆکردەوە، نەیتوانیوە ئاڵوگۆڕێک بە ئاراستەی باشترکردنی دۆخی ژیانی خەڵک لە کوردستان پێک بێنێ.

# جێگری وەزیری کار: ٧ میلیون بێکارەمان لە ئێراندا هەیە

حەسەن تائی دەڵێ لە ئێراندا ٧ میلیون بێکارەمان هەیە کە نە کاریان هەیەو نە بەدوای کارێکەوەن.

جێگری وەزیری تەعاون، کارو خۆشبژێویی کۆمەڵایەتی ڕخنەی لە حەشیمەتی ٧ میلیونیی بێکارەی ئێران گرتوە و دەڵێ ٧ میلیون بێکارە لە ئێراندا نە کارو داهاتیان هەیەو نە بەدوای هیچ کارێکدا دەگەڕێن.



جێگری وەزیری کار هەروەها دەڵێ کە ئەم گرووپە بێکارەیە دەتوانن گیروگرفت بۆ بازاڕی کارو ئابووریی وڵات دروست بکەن‌و پێویستە لە بیری ڕێگە چارەیەک بۆ فێرکردنی کارو شوغڵێکدا بن.

تائی ئەمەشی گوتووە کە یەک میلیون و ٥٠٠ هەزار هەلی کار لە بازاڕی کاری ئێران بە دەست ئەفغانییەکانەوەیە، ئەم گرووپە بیانییە دەرفەتە کارییە قورس‌و دژوارەکانیان لە بەر دەستدایە کە وێدەچێ خەڵکی ئێران کەمتر ڕووی تێبکەن. بەپێی قسەکانی ناوبراو ئەم ئەفغانییانەی کە لە ئێرانن سەرقاڵی کارگەلێکی قورسی وەک ئاژەڵداری‌و شوانیەتی، بەخێوکردنی پەلەوەر، وەستاو کرێکاری خانووبەرە یان هەڵکەندنی بیری ئاون.

ناوبراو دەڵێ کە بە شێوەی نێونجی لە هەر یەک خولەکدا زیاتر لە یەک کەس دێتە نێو بازاڕی کاری ئێرانەوە، کە زۆربەی ئەم کەسانەش خوێندەوارانی دەرچووی زانکۆکانن.

شایانی باسە ناوەندی ئاماری ئێران، لە بانەمەڕی ساڵی ٩٣ ڕایگەیاندبوو کە پتر لە ٣٩ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار کەس لە حەشیمەتی ئێران بە هیچ شێوەیەک کاریگەرییان لە بەرهەم هێنان، گەشە و پێشکەوتی ئابووریی وڵاتدا نییە.

## بەر لە ماڵاوایی

# کوا دەنگی ڕۆشنبیرانی سەربەخۆ و نوخبەی ئەم هەرێمە؟!



قادر وریا

مرۆڤەکان‌و لایەنەکان بە هەڵوێستەکانیان- ئەو هەڵوێستانەی لە کاتە هەستیارەکان‌دا دەینوێنن- واتا پەیدا دەکەن.هێندێک هەڵوێست هەن بەو هۆیەوە کە سەرچاوەکەیان،٧ ڕەوشتێکی بەرزی ئینسانی‌و ئەخلاقی، حوکمی ویژدان‌و، سازگەکەیان بڕیاری بەرگری لە بەها پیرۆزەکان‌و هاندەرەکەیان ئازایەتی‌و بوێرییە، دەبن بە لاپەڕەیەکی زێڕین لەژیان‌و مێژووی تاکەکان‌دا. خاوەنەکانیان بە هۆی ئەو جۆرە هەڵوێستانەیان، بۆ هەتاهەتایە سەربەرز دەبن‌و ناویان بە بەرزی‌و باشی لە مێژوودا تۆمار دەکرێ. دیارە نواندنی هەڵوێستی بوێرانە هێندێک جار خاوەن هەڵویستەکە تووشی کێشەو تێچووی تایبەتیش دەکا، بەڵام چ قەیدی؟ کێشەو تێچوویەک کە لە سۆنگەی هەڵوێستێکی بەرزو دروست، تووشی مرۆڤ بێ، مایەی شانازییە.

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و لە پێشەوەی ئەوان، ڕێکخراوە سیاسییەکانیان، ڕێزو خۆشەویستییەکی تایبەتیان بۆ هەرێمی کوردستان‌و دەسکەوت‌و سەرکەوتنەکانی هەیە. هەر لە کۆنەوە دڵیان لە گەڵ مەرگەسات‌و خۆشییەکانی ئەم خەڵکە دا لێی داوە. هەر کات، خوشکوبراکانیان بە لێقەوماوی دیوە، باوەشیان بۆ کردوونەوەو، خەم‌و مەینەتی ئەوانیان بە سەر خۆیان‌دا دابەش کردوە. کاتێکیش ئەوانیان لە خۆشی و سەرکەوتن‌دا دیتوە، لە گەڵیان هەڵپەڕیون‌و زیاتر لەوان، شادییان نواندوە. ئەوان چەندین ساڵە وەک ڕووگەی نەتەوەیی خۆیان ڕوانیویانە هەرێمی کوردستان‌و، شانازیان بە دەسکەوتەکانییەوە کردوەو ئامادە بوون بە هەر جۆرێک لە دەستیان دێ، پشتیوانی‌و پارێزگارییان لێ بکەن. هەر بۆیە لە هێندێک بۆنەو حالەت‌دا، زۆر ئاساییە ئەگەر چاوەڕوان بن، خوشکوبراکانی باشووریشیان، لەگەڵ ئەوان هاوخەم‌و هاودەنگ بن‌و چاکەیان بە پێزانین‌و، خۆشەویستییان بە ڕێزلێگرتن، وڵام بدەنەوە.

ئەوەی لە دواڕۆژەکانی ٢٠١٤ لەم هەرێمە ڕووی دا، بەم زوانەو بە هاسانی لە حافیزەی خەڵکی ڕۆژهەڵات ناسڕێتەوە. بکوژی کەسایەتییەکی گەورەی کوردو ڕێبەرێکی گەورەی خەباتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوکتور عەبدوڵڕەحمان قاسملوو، کە لە چوارچێوەی هەیئەتێکی پارلمانیی کۆماری ئیسلامی‌دا هاتبووە هەرێم، لە بەرزترین ئاستی سیاسی‌و حکوومی‌و حیزبیی ئەم هەرێمەدا، لە سەر فەرشی سوور پێشوازیی لێکرا. بکوژێک کە لە بەرگی دیپلۆمات‌و لە سەرمێزی وتووێژو، لە ناوەندی پێتەختێکی ئوروووپایی، دەستی چووە خوێنی ئەو ڕێبەرەو، لە ئاستی دنیادا وەک بکوژی ڕێبەرێکی سیاسیی کورد ناسراوە! دیارە گەورە بەرپرسانی حکوومی‌و هێندێک حیزب، لەوانەیە بۆ ئەم کارەیان پاساوی سیاسی‌و دیپلۆماتیک‌و بیانووی ئاستەمبوونی بارودۆخەکەیان، بێننەوە. ئێستا ئەم بیانووو پاساوانەیان لێ وەردەگیرێ یان نا، یا هەر لە جێ‌دا، پاساوهێنانەوەو بیانوو دۆزینەوە بە پێویست دەزانن یان نا، باسێکی دیکەیە. ئەوان هەر ناوێک لە سەر ئەم کارەی خۆیان دابنێن، هەست‌و شوعووری ڕۆژهەڵاتییەکانیان بە توندی بریندار کردو متمانەو هومێدی خەڵکی ڕۆژهەڵات بە هێماو ڕەمزەکانی ئەم هەرێمەیان خەوشدارو لەق کرد. ئەگەر بیانەوێ، کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم ڕەفتارو کردەوەیەی خۆیان کەم بکەنەوەو شوێنەوارە زیانبارەکانی بسڕنەوە، کەمترین چاوەڕوانی ئەوەیە دان بە نادروستبوونی کارەکەیان‌دا بنێن‌و نەهێڵن جارێکی دیکە ڕووداوی لەم چەشنە دووپات بێتەوە.

بەڵام ڕۆشنبیران‌و نوخبەی سەربەخۆی ئەم هەرێمە، بۆچی ئەم ڕووداوە بەسەریان‌دا تێپەڕی‌و دەنگیان دەرنەهات؟ پاساوی ئەوان بۆ ئەم بێدەنگییە چییە؟ هەتا ئێستاش نەیانبیستوەو نەیانزانیوە کە تێرۆریستیکی دڵڕەش، بکوژی ڕێبەرێکی وەک د.قاسملوو، لە سلێمانی‌و هەولێر، چۆن‌و لە چ ئاستێک‌دا پێشوازیی لێکراوە؟ یا زانیویانەو بە لایانەوە ئاساییە؟! لەوانەشە بە شتێکی ئاساییان نەزانیبێ‌و لە دەروونی خۆیان دا پێشی ناڕەحەت بووبن، بەڵام بۆ ئەوەی خوێنی خۆیان لای ئەم یا ئەو دەزگاو دامەزراوەو لایەن تاڵ نەکەن، بێدەنگبوونیان ڕەچاوکردبێ! پاشەڕۆژبینی لە بارەی سەفەر بۆ «ئێرانە حەیاتەکە»ش، دەتوانێ هۆیەک بۆ ئەم بێدەنگی و بێهەڵوێستییە بووبێ!

هەروا کە ئازاردانەکان‌و ڕووشاندنەکان، لە بیرەوەریی مرۆڤەکان ناسڕێنەوە، هەر بەو جۆرەی بێهەڵوێستییەکان‌و بێدەنگییەکان لە ساتە هەستیارەکان‌دا، بە سانایی لە بیر ناچنەوە، هەڵوێستگرتن‌و دەنگهەڵبڕینەکان لە ئاست ڕەفتارو کردەوە نەشیاوەکانیش، لە زاکیرەو بیرەوەرییەکان‌دا دەمێننەوە. ئەوانەی ئەمجاریش لە ئاست «ئەم ڕووداوە» بێدەنگ نەبوون‌و نەک هەر بە پێشوازی بکوژی د.قاسملووەوە نەچوون بەڵکوو «ترۆ»شیان کرد- هەر چەند ژمارەیان کەم بوو- ناویان و هەڵوێستی بوێرانەیان لە دڵی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و لە مێژووی نەتەوەکەیان‌دا بە درەوشاوەیی دەمێنێتەوە. هەربەو جۆرەی ناوی شێرکۆ بێکەس، کەماڵ مەزهەر، مەسعوود محەممەد، حەسیب قەرەداغی، سوارە قەلادزەیی و زۆر ڕۆشنبیرو کەسایەتیی دیکە بە بۆنەی هەڵوێستی بوێرانەیان لەم جۆرە حالەتانە دا، بە نەمری ماوەتەوە.